# نوخبی خواوەندێک

# نوخبی خواوەندێک

دڵشاد عەبدوڵڵا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دڵشاد عەبدوڵڵا
نوخبی خواوەندێک
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٨
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣٠٧ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: بۆکان نووری سەعید

# دەستپێک

ئەم جۆرە نووسینە بۆ شاعیر وەکی ئەوە وایە لە ماڵەکەی خۆتەوە بگوازیتەوە بۆ ئوتێل و لەوێ لەگەڵ جێنیشینەکانی سێ ژەمە نان بخۆن و پێکەوە لە هۆڵی دانیشتنەکەیدا دانیشن و لە شتان ڕامێنن. دیارە ئەوەی لەو جۆرە جێیانەش نەژی قەدری ماڵ نازانێ. شیعر ماڵی ڕاستەقینەی شاعیرە و ئەوەی تر کە دەینووسێ دەبێتە یەدەگ و ماڵی کاتی. ئەوەش لەبیر خۆم نابەمەوە کە دەیان شاعیر هەبوون و هەر بەیەکجاری لە تەمەنێکدا پشتیان کردووەتە ماڵی ڕاستەقینە و لە شوقە و ژووری ئوتێلان ژیاون وەکی ئەوەی هەر بەڕاستی بۆ ئەو جێیانە خوڵقابن. ئەو ڕیزە نووسینە – ژووری ئوتیل – لە کەنار ئاوێکی ساف و خۆشدا بن یان لەسەر دوند و تەپۆلکان یان لەناو قەرەباڵغی و هەرادا، هی من، بۆ ئەوەش بنیاتم ناون تا پێکەوە هەناسەیەکی ئارامی تێدا بدەین و لەوێشەوە ئەگەر بۆت کرا باشتر دەتوانی سەرنج لە ماڵی شیعرم بگری ناشزانم ئایا ئەو جۆرە سەرنجانە دەبنە مایەی جوانتر دیتنیان یا بە پێچەوانەوە سەد حەیف و مخابنیان بۆ دەکێشی. من خۆم بۆ مەبەستی یەکەمیان ئەوەم کردووە، سەد خۆزگەش هەروا دەربچێ. ئەوە ماوەتەوە بڵێم، بەشی هەرە زۆری ئەو نووسینانە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا بڵاو بوونەتەوە، بەداخەوە هەندێک نووسینی تریش هەبوون دەکرا بچنە پاڵیانەوە، بەڵام دەستم پێیان نەگەیشت و نەکرا بیاندۆزمەوە، با بۆ هەلێکی تر بمێنن.

فەرموون نوخبی خواوەندێک کە نەیتوانی ڕزگارمان بکا نوخبی ئانا ئاخماتۆفا کە ناونیشانی کتێبەکە زادەی خەیاڵی ئەوە.

نوخبی سەربووردەی تەواونەبووی شیعر و شاعیران.

# کەڵەشینکە

١

لە کتێبی (بەفرەلۆک)دا تێکەڵەیەک لە فەنتازیای ژیانی خۆم و شارەکەم تۆمار کردبوو. بەفرەژیلکە یا بەفرەلۆک ناوی لەگەڵ خۆیدا بوو. ئەوانە گەواهی سەردەمی منداڵی و ڕۆژانی تەمەنی گەنجی بوون. هەرچەندە گەنجی وەکو مەغزا و وزەی بەرهەمهێنان هەموو کات لە بەرەو پێشچووندایە و ئەو کاتەی پەکی کەوت ئەو کاتە مەرگی نووسەرە. ئەزموون لە هەڵکشانییدا هەردەم قۆناخەکان بەجێ دەهێڵێ و لە شوێنێکدا جیگیر نابێ.

چاکیش دەزانم ئەو جۆرە تەشق و ڕەزمانەی سەرەتا مەرج نییە لە شوێن و کاتێکدا کۆتاییان پێ بێ، بگرە کە دەچنە پاڵ یەکترییەوە دەبنە هێز و وزەی تر و لە جێگە و هەڵکەوتنی تازە سەر دەردێننەوە، دەبنە ناسنامەی سەردەمێک و پاشان هەوێنی سەردەمێکی دواتر، ئەو جۆرە کەش و ئەفسوونانە تا دوای مردنیش بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژەیان دەبێ. بۆیە دەبینین دوای ئەو هەموو ساڵە پاش مردنی هۆمیرۆس و دانتی و جزیری و حافز، کەچی تا ئێستاش نهێنی ئەفراندنیان هەر جارە و بە تەرزێک دەردەکەون لە ڕێی خوێنەرە زیرەکەکانەوە. داهێنان بەبێ ئەو جۆرە خوێنەرە کارێکی ئەستەمە.

منداڵی و سەرەتا هەموو کات پرۆژەن بۆ دەرکەوتنەوە بە ڕەزم و ئاوازی جیاواز، بۆیە دەڵێن ئەفراندن خولیای زیندووکردنەوەی منداڵییە.

لە کتێبی بەفرەلۆکدا:

دەمزانی خانوویەکی سێگۆشەی قوڕ

لە گەڕەکێکی میللیدا

لە بەرانبەر گەردوونێکی زەبەللاحی

بەیەکداچوودا

وەکی ماسییەکی بچووکە

لە زەریایەکی بێ بندا

لە گەڕان و سووڕانمدا بەدوای ئەو ماسییە بزربووە

سەدان ماسی جۆراوجۆر

موغامەرە و

قرش و نەهەنگی بەهرەم دۆزییەوە

کەوتمە دوای

سەدان چەتەی دەریا و کەنار

ڕاوچی شارەزا و هەرزە ڕاویان نام

تا گەیشتمە خواری خوار

شەپۆل بردمی

دامی بە گاشە بەردی گەورەدا

لە کەڵەشینکەدا:

تا ناو قەد ونم لە لمی گەرمی بەر هەتاو

دەوریان داوم

ماسیگری قافیە

ڕام دەکێشن بە دەندووکیان

کێشی ئازاد

خۆم و شیعر
تەنیا ماوین
ئەوانی تر تواونەوە
لە من و ئەودا.

خانوویەکی ٦٠م سێگۆشە کەشتی نوح بوو، بە سەرپشتی منەوە، بە جیهاندا گەڕاندم و لە هەر بوونەوەر و شتێک جووتێکم تێ خست، ئێستا بووەتە مەملەکەتێک، ئەو بوونەوەرانەی ئەوێ خاسیەتی ئەتۆمیان هەیە، تژی بەهێز و وزەی لەبن نەهاتوو، هەردەم لە تەقینەوە و کەرتبوون و گەورەبووندان. بەهرەی ئەو هێزەش خۆشەویستییە کە بووەتە پەلکەزێڕینە بە دەوری ئەو سێگۆشە مەلعوونەدا.

کەڵەشینکە هێمایە بۆ بەرهەمەکانی دوایی، بەری داری مازییە، ئەو دارە خۆی هی جێیی عاسێ و لێڕەوەرانە بۆیە قایم و بەهێزە و بەرەکەشی ئەگەر چی تفت و تاڵە وەلێ کەرستەی دەیان دەرمان و پیشەسازییە، بەفرەلۆک و کەڵەشینکە هەردووکیان منن لە دوو دیوی سەردەمێکدا و کەسیش وا بەئاسانی ناتوانێ لە دەست چارەنووس ڕابکا و لێی جودا ببێتەوە، ئەمەیان شەڕێکی ئەزەلییە. ئەوەی بەردی سیزیف هەڵبگرێ دەبێ لەگەڵ لووتکەدا بجەنگێ و ئەوەی خاچ بخاتە سەرشان ئەنجام دەبێ سەرکەوێتە سەری.

گێڕانەوەی ژیانی شاعیران ڕەنگە بەهرەیەکی ئەوتۆی تێدا نەبێ. ئەوان چەشنی ئەستێرە حیکمەتیان لە ترووسکەیاندایە، ئەگینا بابایەکی وەکو مەولەوی لەسەر شاتەیەکی ڕەق و تەقدا لەناو ئەو هەموو کێوانە کە جگە لە ئیلهام و بەخشندەیی و خەون هیچ هێزێک ناتوانێ ئەو دوو باڵە گەورانەی لێ بروێنێ و بەو تەرزە ئەو هەموو جێگە دوورانە تەی بکا و یەک زەڕە زیانیش بە خانوویەکی قوڕی لە بەرد و دار دروستکراو نەگەیەنێ، بەڵکو بیکاتە دەروازەیەکی بەهەشت بۆ چوونە حزوری نوورێک کە لێمان تێک چووە دەنگی ئەوە یا مەولەوی، هەموو بەیانییەک سپێدە گازی ئاوایی دەکا.

شـيـعـر لە تەنيـاييـدا دەخـولّقێ چوون كـۆرپە لەناو پەردەی زيندوودا، منداڵدانی ڕاستـی شيعريش تەنيـاييـيە ئەوجا مـوغـامـەرە، هەندێک جار ئەو تەنيـاييـيـە و ئـەو مـوغـامـەرەيە فـەقـێ تەيرانێک لە مـۆكسـەوە دەباتە بۆتان و نالييـەک لە سلێمانييـەوە دەباتە شام و ڕێی گەڕانەوەشی لێ دەبەستێ و سەر بە حـاجی قـادرێک هەڵدەگرێ، کەچی جارێکی تر کوردييـەک گرفـتاری قـالە دەکـا و شـێخ ڕەزايەک لە زمـانی مـێگەڵ دادەبڕێ و بە هەنگوينی گـەوارای گاڵتـەجارِی ڕوحی شيـرين دەکا، هەزار و يەک بيـانوو هەيە بۆ مـوغـامـەرەی شـاعيـران و هەريەكەيان تەرز و مـەغـزا و جوانيـيـەكی دەگمـەنی هەيە، بەڵام لەبەرئـەوەی شـاعـيـران نەهاتوون ژيـان بگۆڕن، بگرە ئـەوان هـاتوون سـروودی عـەشق بڵێنەوە و نەهێڵن لەشكری عـاشـقـەكان بشـكێ بۆ ئەوەی ژيان تووشـی كـەچـی نەبێ، ئەوانەی دەبن بە عـاشـق خـۆيان دەگـۆڕن و دەورووبەريشـيـان بە ڕيتمی پاكی عەشق دەگۆڕن، كەواتە ئـەركی شاعير قـورسـترە لە هی ئەوانەی دەيانەوێ واقـيـع بگۆڕن، مـەرج نييـە ئەوان عـەدالەت و يەكسـانی بـەرپا بكەن ئەوە پێغـەمبەران و شاعيرانن ئەو دوو كارەيان چڕ كردووەتەوە لە پەياميياندا يەكيان لە كردەوە و ئەوی تريان لە زماندا.

لە خوێندنەوەی شـاعيرانی بەراييدا پرسـيـارێک دێتە پێشـەوە سـەبارەت بە تەشـقی نووسـين و چی و چی تريان. ئەو جۆرە تەمـومژە ڕەوينـەوەی ئەسـتـەمە، چونكە ئەوانە پێـوەنديـيـان بە تۆمـاركـردنەوە هـەيـە و شـاعيـرەكـان خـۆيان و دەورووبەريشـيان شـتێكی ئەوتۆيان تۆمـار نەكردووە لەم بارەيەوە. دەمـێنێتەوە چۆن ئەوان لە كلاوڕۆژنەی دەقەكانيانەوە بناسرێن. هەندێک جوومگەی گرينگ هەيە ناسـينيان ئـاسـانە و وردەكـارييـەكـانی تر دەمـێنێ، ئـەوەيان سـەليـقـە و بەهرەيـەكی هەودايی گـەرەكـە، بەڵام گـەڕانـەوە بۆ دەق ڕاسـتـترين ڕێگـەيە بۆ ناسينەوەی شاعير. گرفتی شيعری كوردی لەوەدا نييە كە ژيانی شاعيرەكانی نەزانراوە بگرە گرفـتی گـەورە ئەوەيە دەقـەكـانيـشـيـان ديار نيـيـە. من خـۆم هەرگيـز دڵنيـانيم نالی يـا كوردی يـا حـاجی قـادر.. هـەر هێندەيان نووسـيـووە. لێـرەدا گـێـڕانەوەكـەی لەمـەڕ مـيـقـداد بـەدرخـان و ديوانەكـەی حـاجی قـادر

گومانەکە دەکا بە ڕاستی.

دۆزینەوەی دوو دەستنووسی بڵاونەکراوەی نالی بەم دواییــە، یەکێکیــان کتێبێکە لەبارەی عەروز بە زمانی فارسی و ئەوی تریان ئەو شیعرە درێژەیەتی کە بە زمانی عەرەبی بۆ شەریفی مەکەی نووسیووە. ئەوە جگە لەوەی دیوانەکانیشی کە لەلایەن هەریەک لە گیو موکریانی و دوکتۆر مارف خەزنەدار و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە جیا چاپ کراون هەموویان هەوڵدانن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین بەرهەمی ئەو شاعیرە و هەوڵی تاقە کەسن و ئەو جۆرە هەوڵانەش بێ شک بێ کەموکورتی نابن.

(نالی)یەک کە دیارترین زانا و بەهرەمەندەکانی سەردەمی خۆی و پێشەنگی نووسەرانی بە کوردی نووسین بووبێ، چۆن جگە لە شیعر کتێبێکی بە زمانی کوردی نەبووە لە کاتێکدا بە فارسی کتێبی نووسیبێ؟ ئەو جۆرە گومانە جێگەی خۆیەتی. پاشان لە خوێندنەوەی سەرلەبەری دیوانەکەشیدا جارێکی تر گومانی تازە دێنە پێشەوە. (نالی) کە ئەحمەدی کوڕی محەمەدی خەزراوی مەکی هاشمی لە کتێبی (نزهة الفكر... فيما مضي من الحوادث والعبر في تراجم رجال القرن الثاني عشر والثالث عشر) لەبارەی نالی لە بەشی پیتی (خ)دا دەڵێ:

١٣٩: الشيخ خضر افندي نالي الكردي:

(ولد بالعراق بمدينة شهرزور، ثم اخذ في العلوم و تحصيلها حتى برع في فن الادب وعلوم اللغة، مُعظمٌ عند اهل الرتب. قدم مكة سنة نيف وثمانين ومئتين والف (١٢٨٥) وحظي بقبول عند فظلائها، وامتدع امير مكة سيدنا الشريف عبدالله باشا بن عون، وكانت تجري المحاورات في مجلسه بينه وبين الشيخ فاضل محمد محمود ابن التلاميذ الشنقيطي، وربما طال البحث والجدال بينهما بحضوره في كلمة او نحوها في علم اللغة وغيره ولة ملكه تامة في البحث في انساب العرب ومحاوراتهم واشعارهم، والرجل صاحب فضل وعلم مع انكسار و شيبة بهية، وخمول).

پاشان شیعرەکەی بۆ شەریفی مەکە بڵاو کردووەتەوە کە بەم دێرە دەست پێ دەکا:

ازعجتني مزعاج سكني انزواء
ودعتني الي مخاض الفناء

شیعرەکە سەد دێرە و لە ڕستەی سی و دوودا دەڵێ:

او الى شهرزور مسقط راسي
موطن العلو موطئ اللآباء

ئەو پێشەکییە کورتەی خەزراوی هێما بە زۆر لایەنی ژیانی نالی دەدەن، لەوانە، ناوهێنانی نالی بە (نالی افندی) خۆی لە خۆیدا شوێنی کۆمەڵایەتی نالی دەردەخا، پاشان لە وەسفی توانای زانستی شاعیر دەنووسێ (مُعظمٌ عند اهل البحث... پلە و پایەی بەرزە لای خەڵکی پایەدار) یا (صاحب فضل وعلم... خاوەنی زانست و چاکەیە...) ئەوانە هەمووی گەواهی ئەوە دەدەن، شاعیرێک بەو شێوەیە بووبێ (شیعرەکانیشی سەد جار گەواهی لەوە زیاتر بۆ دەدەن) چۆن کتێبێکی نەبووە بۆ دەرخستنی ئەو هەموو زانیارییانەی، لە کاتێکدا لای مەلا و نووسەری ئەو سەردەمە نووسینی کتێب باوبووە.

شتێکی تر هەیە لە دووتوێی ئەم پێشەکییەدا، کە پێشتر ئەو بابەتە مشتومڕی زۆری لەبارە کراوە، ئەویش تەمەن و ژیانی (نالی)یە. بەپێی روایەتی ئەوانەی لەبارەی تەمەنی نالی نووسیویانە هەندێک وتوویانە پەنجا و چەند ساڵێک ژیاوە، هەندێکی تر حەفتا و قسووریان وتووە. ئەم کورتە نووسینەی خەزراوی ئەو قسەیەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە پشت ڕاست دەکاتەوە کە گێڕاویەتەوە ساڵی ١٢٨٨ک. کە دەکاتە (١٨٧١-١٨٧٢ ز).نالی لە مەکە دیووە. خەزراویش دەڵێ ساڵی ١٢٨٥ هاتووەتە مەکە واتە کە جەلیزادە نالی لەوێ دیوە سێ ساڵ بەسەر هاتنەکەی تێ پەڕیووە، پاشان چووەتە شام و ئینجا ئەستەنبۆڵ.

له ئەزمـوونی شـیـعـرەکـانی دوایشـیـیـدا دیمەنی پیـری دەرکـەوتـووە، بۆیە بەهەمـوو حیـسـێبێک نـالی زیاتر لە حـەفـتـا و پێنج سـاڵ ژیـاوە، چونکە ئەگـەر سـاڵی لەدایکبـوونی ١٢١٥ کـە لەگـەڵ (١٨٠٠–١٨٠١) بـەرانبـەرە (ئـەگـەر پێشـتریش نەبێ) و خـەزراوی و جـەلیزادەش باسـی ١٢٨٥ و ١٢٨٨ک. دەکەن، کـەواتە نالی کـە چووەتە مـەکە ٧٠ سـاڵ بووە و کە جـەلـیـزادەش دیوویەتی ٧٣ ساڵان بووە. ئەوجا با بێمەوە سەر کەلێن و بۆشاییەکانی ناو دیوانەکەی نالی یا ئەو دەستنووسانەی تا ئێستا لە بەردەستدان.

نالی دۆسـتی پاشـا و مـیـر و زانا و شـاعـیـرانی سـەردەمی خـۆی بووە، لە بەشـێک لە شـیـعـرەکـانی و لەو پێشـەکـیـە کورتەی خـەزراوی بۆ شـیـعـرەکـەی لەمـەڕ شـەریفی مـەکـە نووسـیـوویەتی دیار دەکـەوێ. شـاعـیـرێک بەو هەمـوو هەڵکەوتن و دەرکـەوتنەوە چۆن تـەنیـا تاقـانەیەکی شـیـعـری هـەیە لەم ڕووەوە ئەویش ئەو شیعرەی بۆ سالمی شاعیر نووسیووە.

مـەولەوی دەیان نامـە و شـیـعـری لەو چەشنـەی هەیە، کـەچی نالی تەنیـا شیعرێک! من هەرگیز ناتوانم قەناعەت بەوە بێنم کە هەر هێندە بووە و بەس.

مـەسـعـوود مـحـەمـەدی نالیناس، وەسـفـێکی هێجگار ورد و بـەسـەلیقـەی بۆ هەڵوێستی نەگەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی و شارەزوور نووسیووە. هەڵوێستی لەو چەشنە هەر لە پەیامبـەر و شـاعـیران دەوەشـێتـەوە، من هەمـوو کـاتێک لە هەڵوێسـتـەی نالییـدا هەڵوێستی دانتی-م دێتـەوە یاد کە دوای داگیـرکـردنی فلورەنسـا ئیتر وڵاتی جێ هێشت و نەگەڕایەوە بۆی، ئەگەرچی هـەوڵی زۆریش بۆ گـەڕانەوەی لـەلایەن دەسـەڵاتدارانەوە. بە دووریشـی نازانم ئەو هەڵوێست و دوورکەوتنەوەیەی نالی ئیلهامی زۆر شـیـعـری تری بووبن و ئەگـەر وردتریش بگەڕێین دەبینـین زمانـی شیعری نالیش بەر لە کۆچ و دواتر جیـاوازیان هەیە (لەو چەند نموونەیەی لە دیوانەکەیدان).

دیسان گومان دەکەم بەشێکی تری ئەو شیعرانەی ئەو سەردەمـەی فەوتابن و ڕەنگە ئـەو دڵشکان و تۆرانە و ئـەو لە خـۆڕازیبـوونـە لە نووسـینی تریشـیـدا ڕەنگی دابێتـەوە نەک تەنیـا هەر شـیـعر، کێ نالێ؟، بەڵام چونکە چی وامـان لە

بەردەستدا نییە گەواهی بۆ ئەو قسانە بدەن، بۆیە فڕینی خەیاڵە بەناو دنیای بێ بن و نادیاری نالییدا، کێ ناڵێ ئەو جۆرە فڕینە ناگا بە جۆگە و کەنارێک؟

گومانی ترم، لە تاقانەیەکی تری نالییە، ئەویش شیعرەکەیەتی بۆ مەستوورە. نالی بەو هەموو توانا و ئیعجازەی لەو شیعرەیدا نواندوویەتی، تووشی گومانی کردووم. چۆن ئەو هێز و جوانییە ئیرۆتیکییە پڕ لە جورئەتە هەر لە تاقانەیەکدا دەرکەوتووە؟ ئەی بۆ پڕوشکێکی لە دەقێکیدا بۆ حەبیبە دەرنەکەوتووە؟ ئەگەر ناوی مەستوورە حەقیقی بێ خۆ ناوی حەبیبە حەقیقی نەبووە. ئەوەندەی سەرنجم داوە نالی لەو شیعرانەشدا کە بۆ حەبیبەی نووسیووە، سیمای ژنێک نابینین جگە لە سیمای نالی خۆی جگە لە هێزی عەشق و سووتان وتل خواردن بۆ بە یەکگەیشتن، کەچی لە شیعری مەستوورەدا نالی کار لەسەر دەرەوەی خۆی دەکا، جەستەی ئیلهامبەخشی مەستوورە (ئەگەر چی لە کۆتایشدا مەبەست دەرخستنی هێزی دەربڕین و هەروەها هێزی جەستەییی خۆشی بێ) بۆیە ئەو شیعرە بە قۆناخی کامڵبوونی ئەزموونی نالی دەزانم یا سەرەتای قۆناخی کامڵبوونیەتی.

دێمەوە سەر سەرنجێکی تری پێشەکییە کورتەکەی خەزراوی، لەوێ شتێکی تر وتراوە کە زۆر گونجاو نییە لەگەڵ ئەو نیگارانەی کە بۆ نالی دروست کراون. لەوێ دەڵێ نالی لە قسەکردندا خاوییەک بەدیکراوە و سیماشی خەواڵوو بووە، کەچی ئەو نیگارانەی لەلایەن هونەرمەندانەوە بۆ نالی دروست کراون پێچەوانەی ئەوەن و پێ دەچێ ئەوان هەر پشتیان بە شیعرەکانی (نالی) بەستبێ، کە گەرموگوڕییەکی بێ وێنەیان تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام ئەگەر هونەرمەندێکیش لەوانە پشتی بە خەیاڵی ناو شیعرەکان بەستبێ بۆ نەخشی نیگاری نالی ئەوەیان لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتووە و مەرج نییە لە خۆشی چووبێ. ئەوەشیان گرفتێکی تری ئەدەبی کوردییە کە شاعیرێکی وا فۆتۆیەکی خۆی نەبێ، ئەگەرچی زۆر لە شاعیران ئەگەر هەشیان بێ تەنیا یەک فۆتۆی خۆیان لە پاش جێماوە.

هەموو زانینێک باجی خۆی هەیە، ئەو باجە هەر دەبێ بدرێ، ئەمەش جۆرێکە لە قەدەر! ئەوانەی ئامادەن ببنە قوربانیی ئەو جۆرە باجانە کەسانی سنووربەزێن، پیرۆزی شکێن. (گالیلۆ) هەر تەنیا لەبەرئەوە حوکم نەدرا کە ڕاستییەکیی گەردوونی دۆزییەوە و پێچەوانەی ئەوە بوو کە لای کەنیسە پیرۆز بوو، بگرە ئەو ڕاستییەی بەزمانێکی تر ڕاگەیاند، ئەو بەزمانێکی میللی جیاواز لە زمانی لاتینی کە کەنیسە پێی دەدوا وتی، خۆر ناوەندی گەردوونە و هەسارەکان بە زەویشەوە لە دەوری ئەو مەشخەڵە دەخولێنەوە، زەوی کە ماڵی ئادەمیزاد و پێغەمبەران و شوێنی کەنیسە بوو، ئەو پیرۆزییەی لە بەرانبەر هەسارەیەکی دووری کەس نەدیوی تاقی ئاسمان لە دەست دا، بەلای کەنیسەوە ئەوەی گالیلۆ کردنی ئاژاوەنانەوەیەکی ترسناک بوو، گەیاندنی ئەو ڕاستییە بۆ ناو خەڵک کودەتا بوو. داهێنەران هەموو کات ئاژاوەگێڕن، بەتایبەتی کە پەیامی ئەوان شکاندنی قەپێلکی کۆن و دەرچوونە لە پۆل، فڕینە بە ئاراستەیەک کە پێشتر حەرام بووە. بەهەمان شێوە حاجی قادری کۆیی، کاتێک بەزمانێکی میللی کەوتە شکاندنی ڕەمزە کۆنەپەرستەکان. ئەوەی حاجی کردی، ئەگەر بە زمانی ناو دیوەخان و تەنیا لەناو حوجرە بوایە باجەکەی بەو شێوەیە نەدەدا، بەڵام لەبەرئەوەی دەنگی حاجی قابیلی بیستن بوو لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە شێخ و دەربەگ کەوتنە دژایەتیکردنی. ئەگەر چی لە شیعردا من لەگەڵ ئەو جۆرە زمانە ڕاستەوخۆیەدا نیم و ناکرێ شیعر بەو هەموو لێکدانەوە زەقانە بارگاوی بکرێ، بەڵام حاجی شیعری بۆ گەیاندنی پەیامێک دەویست بۆیە دەبوو حاجی پێغەمبەر بووایە نەک شاعیر.

کتێب و نووسین سیحراویترین بواری مێژووی مرۆڤایەتین ئەگەر ئەو دووە لە بەشەر بکەینەوە شتێکی ئەوتۆی نامێنێ. با هەر شاخ و بەرد هەبن ئەگەر پەیکەرتاش نەیانتاشێ و بە خەیاڵی تیژی هەڵیان نەکۆڵێ، بەرد چ بەهرە و مانایەک دەبەخشێ؟

ئەوە بەهرەمەندی مرۆیە ئەو بەردە دێنێتە زمان.

هەریەکە و ئەگەر دۆستایەتییەکی کەم تا زۆری لەگەڵ ئەو دوو کائینە (کتێب و نووسینە) هەبێ، دەیان حیکایەتی لێ دەگێڕێتەوە. من لێرەدا قسەم لەسەر باجی زانینە، سەرچاوەی گرینگی زانینیش دوو شتە، یەکیان ژیان و ئەوی تریان کتێب. ساڵی ١٩٧٣ تازە دۆستایەتیم لەگەڵ کتێب پەیدا کردبوو، هەریەک دوو باوەشم لە خەرمانی ئەو بەرهەمە بەفەڕە هەبوو، هەر کە بوومە پێشمەرگە، تازە چووبوومە کۆلیجی کشتوکاڵی بەغدا. ئەوەی هەمبوو دیوانی چەند شاعیرێک و یەک دوو کتێبی چیرۆک و مێژوو و هەندێک کۆوار بوون. دایکم هەموو جارێک دەگێڕێتەوە، ئەو کتێبانە چ سەرئێشەیەکی بۆ دروست کردبوون، لە ترسی پشکنین لەناو دەلاقەیەکدا شاردبوویانەوە، کە حەفتا و پێنج شۆڕش تەواو بوو، هاتینەوە، هەموو کتێبەکان شێیان گرتبوو لەناو دیواردا. ئەو کائینە هولامیانە حەرف و وشە و رستەیان تێکەڵی یەکتری بووبوو، دەبوو بە چاوێکی تر بیانخوێنمەوە، چاوێک کە توانەوەی وشە ببینێ لەناو ترس و خۆشەویستیدا. دەبوو بە کەپوویەکی تر بۆنیان بکەم، نەک بۆنی مەرەکەب هەڵمژم، بگرە بۆنی هەناسەی شێداری ناو قولاییی مێژوو، مێژوویەک کە نەتەوەکەم ناسراوە پێی، ئەویش هەڵاتن و حەشاردانە، هەموو شتە جوانەکان دەبێ حەشار بدرێن. خوایە! قەدەری ئەو میللەتە چییە بەدەست ئەو هەموو خۆحەشاردانەوە.

ساڵی ١٩٩٧ لەبەر گرفتی سیاسی ناچار بووم جارێکی تر کتێبەکانم وەشارم، ئەمجارەیان کار لە باوەش و دووباوەش دا نەمابوو، بە پیکاب و پشتی سەیارە، بەدزی و بەئاشکرا لە ماڵی خۆمانەوە بۆ ماڵی هاوڕێییەک و لە وێشەوە بە موافەقەتی فەرمی لە هەولێرەوە گواستمەوە سلێمانی و ساڵی ٢٠٠٣یش بە پیکابێکی دووتەنی جارێکی تر هێنامەوە هەولێر. لە کاتی بارکردنی کارتۆنی کتێبەکاندا کرێکارێک پرسی، ئەرێ مامۆستا، ئەو هەموو کتێبەت خوێندووەتەوە؟ باشە ئەو هەموو کتێبە و ئەو بارەگرانە سوودی چییە؟ وتم، تۆ کە کرێکاری دەکەی، کارەکەت گران نییە، وتی، بەڵێ زۆریش. وتم، هی

من چەند قاتی تۆ گرانە هەردووکمان دەبێ ڕەنج بدەین؟ وتی، دیارە. بەو گفتوگۆ کورتە پێوەندییەکی خۆش لە نێوانماندا دروست بوو. کە گەیشتینە هەولێر هەستم کرد بە نەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ کتێبەکاندا دەکەن لە کاتی هێنانە خوارەوەی کارتۆنی کتێبەکانیاندا، لەسەرخۆ لەسەر ئەرزی دادەنێن (ئەگەر هەر لە بەرچاوی منیشدا ئەوەیان کردبێ هەر مانای ئەوەیە جۆرە ڕێزێکیان لە کارەکەم گرتووە) برادەرێک لەوانەی کتێبی (بەفرەلۆک)ی خوێندبووەوە، لەبارەی هێزی زانین و دۆزینەوە، پرسیارێکی لێ کردم کە ئەوە پوختەکەیەتی (تۆ لە شوێنێکدا باسی خوێنی ئەو چۆلەکانە دەکەی کە بەدەستی برادەرەکانتەوە دەکوژران، کەچی خۆشت لە منداڵیدا شانەی مێرووڵەت تێک دەدا بۆ ئەوەی لە ڕەگ و قوڵاییەکان بگەی، بەمەش ڕەنگە ڕوحی چەندەها مێرووڵەت کێشابێ، بیانووەکەشت ئەوەیە ویستوتە بزانی. ئایا کوشتنی چۆلەکە و کوشتنی مێرووڵە جیاوازییان هەیە؟ تۆ راسکۆلینکۆفانە بیر، بیر دەکەیتەوە و ئەو حەقە دەدەی بەخۆت لە پێناو گەیشتن بە قووڵاییەکان.. هتد زانا خەلیل یەکێکە لە شاعیرە بە سەلیقەکان و بەو لێکدانەوەیە رووبەڕووی پرسیارگەلێکی کردمەوە.

چۆلەکەکان! ئای چۆلەکەکان!

ژیان بە ئێوەوە جوانە

مێرووڵەکان! ئای مێرووڵەکان!

ژیان بە ئێوەوە جوانە

ئێستاش ئەو مافە بە کەس ڕەوا نابینم، بۆ هەر بیانوو مەبەستێک چۆلەکە بکوژێ و ڕوحی ئەو زیندەوەرە بچکۆلانە بکێشێ. من نەمویستووە لە هەڵدانەوەی شانەی مێرووڵەکاندا ڕقی خۆمیان بەسەردا ببارێنم، من بەسەرسامی تەماشای مەملەکەتی ئەوانم دەکرد کەچی برادەرەکانم بە جۆرێک لە توندوتیژی و بۆ کپکردنەوەی هێزێکی نادیاری ناخی تووڕەیان، چۆلەکەکانیان دەکوشت. ژیانیش بە خۆشەویستییەوە دەخورێ هەرچەندە

تاڵیش بێ، بەڵام بە ڕقــەوە هێندە تفــتـــە قـــووت نادرێ. لە چۆنیـــەتی مـامـەڵەکردنمدا لەگەڵ مێرووڵەکان، وەکو دۆستێکی خۆیان دەمویست لەناو ماڵەکانیاندا بیانبینم و بەمەش نامەوێ ئەو تۆمەتە لە خۆم لابدەم کە هەر جۆرە زانینێک ڕەگێکی شێتانەشی تێدایە و ڕەنگە منیش لەو کاتەدا جۆرە سەرشێتییەکم نواندبێ لە ڕەفتارەکانمدا، بەڵام ئەو جۆرە ڕەفتارانە مایەی سەرزەنشت نین، بگرە دەکرێ مرۆ لە ڕۆژانی دواتری تەمەنیدا بینای جوان و بەرزتری لەسەر بنیات بنێ.

لە ئەفسانە و حیکایەتە میللیەکاندا، هێندەم بیستبوو لەبارەی ژیانی ژێر ئەرز و کۆشک و تەلاری پیرێژنی سیحرباز و ئەفسوونی شاری بن ئاوێ کە خەیاڵی بەرزەفڕی حیکایەتخوان لەو قووڵاییانەدا دروستی کردبوون و هێندەش سەرسام بووم بە پاڵەوانی ناو ئەو کۆشک و تەلارانە کە کچە پەری بۆ چەند ساتێکی کورت مەیلی خۆی لەگەڵیادا تاقی دەکاتەوە و ئیلهامیان پێ دەبەخشێ، بەجۆرێک تا ژیانیان ماوە لە یادی نەکەن، بە ئەندازەیەک کە ژیانی سەرئەرزیان نەکاتە چارەکی ئەوەی ژێر ئەرزی. بۆیە ئەو جۆرە خولیا و هەڵکۆڵینە ڕەنگە ڕەگێکی بۆ ئەو پێشینەیە بگەڕێتەوە و ئەوی تر بۆ بیروباوەڕی ئاینەکان کە زۆربەی زۆریان نهێنی بوون و مرۆیان بردووەتەوە ژێر خاک و لەوێ درێژەیان بەو ژیانە داوە، بەڵام بە بەرگێکی ئەبەدی.

هەموو شتێکی ئەم بوونە و هەموو ئەگەری بوونەکانی تر، هەموویان پڕن لە ئەفسوونی خەیاڵ و لێکدانەوەی بەپیت و هەمەڕەنگی مرۆ. ناتوانم تەماشای دەنکە خۆڵێک بکەم ئەگەر خەیامم بەبیر نەهێنێتەوە، یا گۆزەی پڕ شەراب و شەربەی پڕ ئاوی سازگاری سەردەمی منداڵی، یاری ناو خۆڵ و لەوەش بترازێ کێ ناڵێ ئەو دەنکە خۆڵە بڕژانگی ئازیزێک نییە و بۆ تەماشـام دەجولێتەوە؟ ئەوجا وەرە لەو کائینە دەنکە گچکە! وە خەیاڵی خۆت بدە گەورەترین شتی ئەو سەردەمە، دەوەرە هێلێکی تەلەفۆن دەڵێی بە تەنیا بۆ من کراوە کە لەو سەری دنیاوە ئازیزێک بەسەر ئەو تەلە نادیارەوەیە و دەردی دڵی خۆیم بۆ هەڵدەڕێژێ، بەبێ ئەوەی دەنگی ئەو بچێتە گوێی کەسێکی تر، یا

گوێچکەی من دەنگی یەکێکی تر ببیستێ!. بۆ ئەوەی لە پرسیارەکەی مێرووله دوور نەکـــەومـــەوە، دەڵێم هـەڵکۆڵینـی زەوی، هەڵکۆڵینی نـاخـــە، هـەڵکۆڵـینی یادەوەرییـە بە ئاراستـەی گەیشتن بەو ڕاستـییە تاڵەی کە هەموو ئەفسانـەکان لە دەنکە خۆڵێکەوە دەست پێ دەکـەن و بەدەنکە خۆڵێکیش کۆتاییـیـان دێ، کـەسـیش نـازانی ئەم دەنکە خـۆڵە لـە کـوێ هاتووە ئەو دەنکە خـۆڵەش چی بەسەردێ و بۆ کوێ دەچێ.

ئەو خەیاڵەیە وام لێ دەکات، خولیای شوێن لە شیعرەکانمدا بەدوای خۆیدا بمخـولێنێتـەوە. شـوێن لەو جێیـەوە دەست پێ دەکا کە تێیـدا لەدایک دەبی تا دەمری، ئەوە هـەر شوێنە دەتگێڕێ، دەتبـا و دەتهێنێتەوە. ئەوە هـەر لای مرۆ وا نییە هـەندێ ئاژەڵ و زیندەوەری تریش هـەن وان. ماسی و باڵندە، پشیلە و چی و چی و چیش.

مـاسی سـەلمون بـە هـەزاران مـیل ئاوی بەرز و نزم دەبڕێ، کـاتێک وادەی هێلکەدانانی دێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە هـەمـان بسـتـۆکەی کە تێدا یەکەم جار هێلکە بووە و ترووکاوە. هـەمـان بسـتـەزەوی و هـەمـان ئاو. کۆلن ویلسن باسی هـەســتی نـاســینـەوەی شـــوێنی حـــەوانەوەی پشـــیلـە دەکـــا و ڕووداوی سـەیروسـەمـەرە لەبارەیان دەگێڕێتەوە لـە کتێبی (مرۆڤ و هێزە نادیارەکانی) دا.

لەنـاو مـیللەتانی ڕۆهـەڵاتدا، گـەڕانەوە بۆ شـوێنی سـەرەتا بایەخـێکی لە ڕادەبەدەری پێ دراوە، بەڕادەیەک لەناو کورد ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی زێدی خۆیدا بمرێ و لەوێ بنێژرێ دەڵێن گۆڕ غەریبە! بۆ مردوویەک ئەم شوێن و ئەو شـوێن جیـاوازییـان چییـە؟ ئێـمـە کـە لەسـەر دنیـادایـن وڵات و سـنوور و نـاسنامـــەمـــان هەیە ئەدی مـــردوو ئەوانـەیان بـۆ چیـــیـــە؟ هـەمـــوو ئاینـە ئاسمانییەکان دەڵێن لەو دنیادا سێ شوێن هـەیە، دۆزەخ، پاکژگە، بەهەشت. جا مـرۆ لە هەرکـوێوە بمرێ لەوێوە دەچێ بۆیان، ڕێگەی ڕوحـیش هـەرچەند درێژ بێ بە چاوترووکـانێک دەبڕدرێ، کـەوابوو ئەو هـەمـوو وابەسـتـە بوونە بەخاکەوە چییـە؟ پەی بردن بەو هـەستی ئاوارابوونە بەردەوامـەی مرۆ لەسـەر

زەوییدا کە هەستێکی ئاینییە لە بنەڕەتدا هەر لە خۆڕا نەهاتووە.

ئەو زەوییەی بۆ زیندوو پیرۆزە کێ دەڵێ بۆ مردووش وایە؟

لەبەرچی بۆ مردوو ئەو هەموو ڕێگەیە دوورە دەبڕن و دەیهێننەوە زێدی خۆی لەوێ دەینێژن. موسڵمانەکان تاکە شوێنێکیان لە زێد لا پیرۆزترە ئەویش کەعبەیە! ئەوانەی دەچنە حەج ئەگەر بمرن لەوێ دەیانێژن و کەم وا بووە مردوویەکیان لەوێ هێنابێتەوە.

باشە لەبەرچی شاعیرێکی خۆرهەڵاتی، ئەگەر لە مۆسکۆ بمرێ بۆ لای پۆشکین نەینێژن، بۆ بیگەڕێننەوە لە تەک کەسێکدا بیشارنەوە کە یەک حەرف لە ژیاندا بەیەکیانەوە نابەستێتەوە؟ ئایا ئەوە لەبەرئەوەیە کە زیندووەکان شتێکی ئەوتۆ لەبارەی مردووەکان و دنیای ئەوان نازانن، یا حوکمی بەشەر وایە مردوو دەگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی منداڵی.

خوایە منداڵی و مردن چەند لەیەک دەچن، هەردووکیان سەرەتا و کۆتاییان نییە. مرۆ هێندە وا بەستەیە بەم دوو سەرەتا و کۆتاییەوە، بۆیە هەرگیز ناگاتە پلەی خواوەندی. ئەو قسەیە بۆ زیندووەکان ڕاستە، بەڵام شتێکی ئەتۆ لەبارەی مردووەکان نازانم، کێ نالێ ئەوان کە توێکڵی ژیانیان فڕێ دا ناچنە پلەیەکی تری بەرزتر و دنیایەکی هەمیشەییتر؟

## تاوانی شاعیر چییه..؟

بەکێ بەین ئیلتیجا، بۆ کێهە دەرچین
دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەرچین

١

(فەرەزدەق) لە شەڕە شیعر و داشۆرینەکانی بۆ (جەریر) دەنووسێ: من مەرگم..! کە ئەوە دەنووسێ وا مەزەندە دەکا ئیتر جەریر خۆشی بکوژێ ناتوانێ وەڵامی بداتەوە پاش مەرگ چی دەمێنێ؟

فەرەزدەق یەکێکە لە شاعیرە گرینگەکانی عەرەب کە لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا ژیاوە و دەڵێن ئەگەر ئەو نەبا، سێ بەشی زمانی عەرەبی لە بەین دەچوو، لەو شیعرەیدا تووشی غرورێکی سەیر و بێ ئاگاییەکی سەیرتر بووە، ئەو ڕاستییەی لەبیر چووەتەوە کە شیعر هەرگیز لە شوێنێکدا قەتس ناخوا جەریر دوای ژان و ژوو وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: من ڕۆژگارم. مردن دەڕوا و ئەو هەر دەمێنێ. فەرەزدەق لە چینەکانی سەرەوەیە لە شاعیرییەتیدا و دوای مردنیشی جەریر لاواندنەوەیەکی جوانی بۆ نووسیووە.

ئەو سەرەتاییەم بۆ ئەوە بوو هەردوو وشەی مەرگ و ڕۆژگار، کە هەریەکەیان هەموو هێزی خۆی تاقی دەکاتەوە بۆ شکاندنەوەی ملی ئەوەی تریان. مردن بەو هەموو جەبەرووتی خۆیەوە کە هیچ پاشا و دەسەڵاتدارێکیش خۆی لەبەری ڕاناگرێ کەچی هێندە زەلیل و دەستەپاچەیە لە بەرانبەر ڕۆژگاردا و هەر دەڵێی نیشە. هەر زاڵمە و زەواڵێکی هەیە. ماوەیەک بوو

ڕەخنە و لێکۆڵەرانی کورد وا بەستەی هەندێک بیر و باوەڕی سیاسی گشتگیر و مۆمیایی بوون و ئەدەبیان بە پێوانەی ئەو بیر و باوەڕانە دەپێوا. جارێکیان مەحوی شاعیر کە من لە سەرەتادا بەو دوو ڕستە شیعرییەی ئەو دەستم پێ کردووە، کە دەڵێ: لە مەیخانە خوا! ئەگەر ئێمە دەرچین. بەکێ بەین ئیلتیجا... هتد. لە باسی ئەودا و جارێکی تر لەبارەی (نالی)یش هەمان شت وتراوە، لەبەرئەوەی باش لە ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی خۆیان نەگەیشتوون بۆیە شیعرێکیان نییە بۆ ئەو ڕووداوانە و هەڵویستیان نەبووە گۆیە خەمی کوردایەتییان نەبووە... ئەو جۆرە لێکدانەوانە تا ئەوڕۆش بە جۆرێکی تر هەیە و داوای هەڵویستی لەو چەشنە لە شاعیرانی ئەمڕۆش دەکەن. ئەوان بە مەنتیقی (مەرگ)ەکەی فەرەزدەق وا زەن دەکەن ئیتر زاری شاعیران دەبەستن و چی واشیان پێ نییە تا بەرگری لە خۆیان بکەن.

سەبارەت بە نالی و مەحوی و ئەوانی تریش، ڕۆژگار سەلماندنی کە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە دەمرن و ئەوان هەر دەمێنن ئەوەتا ئەگەر لەناو کورد بتەوێ شانازی بەچەند شاعیرێکی خۆتەوە بکەی یەکێک لەوانە نالی یا مەحوییە. ئەوەش باشترین جۆری کوردایەتییە، ئەگەر ئەوان مەبەستیانە و خەمی کوردایەتییانە. ئەو جۆرە بنووسانە لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ئەدەب و بەتایبەتیش شیعر بە پاشکۆی سیاسەت و ئایدۆلۆجیا دەزانن بۆیە داوای لەو چەشنەی ڕووبەڕووی ئەدیبان دەکەنەوە، شاعیران هەردەم ئەو کەسانەن کە بەسەر پردی سیراتدا دەپەڕنەوە، ئەگەر ڕەوتی با نەڕۆن پێیان هەڵدەخلیسکێ و دەکەونە ئاگری جەهەنەمەوە!.. بۆیە خوێندەوار و نووسەری لێهاتوو دەتوانن لە ڕێی دەقی شیعری ئەو شاعیرانەوە ئەو جومگ و گرینگە سیاسی و غەیری سیاسییانەش بدۆزنەوە، کە هێمان بۆ ئەو سەردەمەی ئەوانی تێدا ژیاوە.

ئەو کارەش بە لێکدانەوەی ڕواڵەتی و و عەقڵی ڕووت ناکرێ. ماوەیەک بەری وتارێکی کورتی هێرمان هیسەم خوێندەوە لەبارەی (شەڕ و ئاشتی) ئەو دەڵێ ئاشتی سەرانسەری لە ڕێگەی ئاوەزەوە نایەتە دی، بگرە لە ڕێگەی گیانەوە دێ، ئەو کاتەی بەهۆی قوڵترین زانیارییەوە بتوانین دژبەیەکەکان لە ناخی

خۆماندا بسڕینەوە و ڕەش بکەینە سپی و شەڕ بکەینە خێر. هیندییەکان بەو جۆرە زانیارییانە دەڵێن (ئاتمان) و چینییەکانیش دەبێژن (تاو) واتا ڕێگە، عیساییەکانیش دەڵێن (ڕەحمەت) نابێ لە بورجی عاجەوە بژی تا جوانترین دەقی خۆی بنووسێ. خۆ ئەگەر واشی کرد دەک هەزار جار دەستی خۆش بێ. من کاڵەک خۆرم و بێستانڕن نیم. بۆیە دەقە شیرین و نەمرەکەم مەبەستە. پاشان خۆ مەرج نییە ئەدەب و بەتایبەتیش شاعیر دیارترین ڕۆشنبیری سەردەمەکەی بێ. کاری ئەدەب و ڕۆشنبیری دوو بواری جیاوازن. ئەدیب دەبێ شارەزا بێ لە کارەکەی خۆی کە نووسینە و خولقاندنە، ئەمەش پێویستی بە زانیاری جیاواز و پشکنین و گەڕان لەناو زمان و شتەکان هەیە سەرەڕای ئەمەش پێویستی بە جورئەتی تێپەڕاندنی تخوبەکان هەیە، جا ئەو تخوبانە لە زانیارییەکاندا بن یا لەو دەقانەی بەر لە خۆی نووسراون و پێویستە تێپەڕێنرێن. ئەو جۆرە زانیارییانە هەر تەنیا لەناو کتێبدا نین، لەناو ژیاندان دەبێ نووسەر بگەڕێ بە دوایاندا و لە پەنا بینراو و بیستراوەکانەوە بیاندۆزێتەوە و بیانهێنێتە ناو ژیانی تازە لە دەقەکانیدا. ئەوەی جیمس جۆیس کردوویەتی لە ژیانی بلومدا شتێکی لە هیچەوە نەخولقاندووە، بگرە ئەو جۆرە خەون و خولیایە بەشێوەیەک هەبووە، بەڵام پەرش و بڵاو بووە، لە سیاقی تردا بزر بووە یا جێگەی بایەخ نەبووە، بیرتیژی و خەیاڵی جۆیس سەرلەنوێ خولقاندوویەتییەوە. چونکە ئەگەر بە ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بێ ڕەنگە دەیان ڕۆشنبیری گەورە هەبووبن لە ئیرلەندا کە ڕەهەندی ڕۆشنبیرییان زۆر فراوان و هەمەجۆر و لایەنی تر بووە کەچی جۆیس نووسەر بووە و هەزاران گەوهەری زانیاری زۆر ورد و ناخی مرۆی ئیرلەندی و هەندێک لەوەش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن نهێنی مرۆی جوولەکەی درکاندووە بەوەی خەونی گەڕانەوە و دروستکردنی بەهەشتی بزربوو و خاکی میعادی جوولەکەکانی دروست کردووە. داهێنانی لەو چەشنە هەزار و یەک لێکدانەوە هەڵدەگرێ بەبێ ئەوەی شیرینی خۆی لەدەست بدا ئەدەب دەبێ بگەڕێتەوە ماڵی ڕاستەقینەی خۆی و لەو زیادە نائەدەبییانە ڕزگاری بێ (ئەو قسەیە زیاتر

شـیـعـر دەگرێتـەوە). لێرەدا پێـویسـتـە بپرسـم، ئایا شـیـعـر پێـویسـتـی بە ڕۆشنبیری و زانیاری فیکر نییە؟ بەڵام جۆرە زانیاریی و فیکرێک...؟

ئیبنو عەرەبی زانست و زانیـاریی دابەش کردووەتە سـەر سێ جۆر، یەکیان هـی ئاوەز و ئەقڵـە هـەمووان هـەیانە، ئەوی تر زانسـتـی ئەحواڵە، ئەوانە هـەیانە کە ئەزمووندارن، هـی سـێیەمیان زانسـتـی نهێنییەکانە کە بەپێی ئیبنو عەرەبی پێغـەمـبـەر و ئەولیـا هـەیانە شـاعـیـرانیش لـە هـەمـان چینی ئەوانـن. ئەو جـۆرە زانسـتـە هـەر تەنیـا ئەقڵ و هـەسـتـەکان بەشـداری ناکـەن لە دروسـتکردنی بڕێ جار چاو بە ئاستەم بنوقێنی جوانتر دەبینی.

٢

زمـانـی شـیعر بێ لایەنە، ئەو جـۆرە زمانـی پەیامـی ئینسـانییە دەکرێ بە زمـانـی سـپـی ناوبنێم، بەو پێودانگەی هـەندێک نووسـەری عـەرەب بـەجـۆرە نووسـینێک دەڵێن نووسـینی سـپـی کـە تەواو بـێ لایەنـە، جـا نازانم ئـەوانیش لـە کـام نووسـەری تریان وەرگرتووە، ڕەنگە هـەموویان بچنەوە سـەر (نووسـین لە پلەی سفـر)ی گاسـتۆن باشـلار. ئەلبێرکامـۆ لە ڕۆمانی (تاعـون)دا ڕسـتـەیەکی ڕێک گونجـاوی هـەیە لەم بارەیەوە، کە دەڵێ: هـەمـوو کلـۆڵی خـەڵکی ئەوەیە ناتوانن زمـانێکی ڕوون بەکـار بهـێنن، مـەبەسـتـییـەتی بـڵـێ، من ئەو زمـانـە ڕوونە بەکـار دەهێنم و هـەرواشـە، ئەدەبی ئەو ئەدەبێکی سپییە.

خـانی لە (مـەم و زین)دا دەڵێ: (گەر شـێـخن وەگـەر مەلا و مـیـرن دەروێش و غنی وەگـەر فـەقـیـرن، کـەس نـیـنـە نـەطالبی جـمـالی کـەس نـیـنـە نە راغـبی و هـالی.) واتە هـەمـووان وابەسـتـەی جـوانـین و جـوانییـەکی ڕەهـاش هـەیە دەشـێ ببێتـە قیبلەنومای هـەمووان بە مـیر و فەقیرەوە هـەروەهـا وەصـاڵ و پێگەیشتنی یار. ئەو زمـانە خـانەدانە زمـانی شـیـعـرە، بەڵام ئایا شـاعـیـران لێواولێونین لە مـوعـانات و ئـازار و ڕوحـیـان پڕ نـیـیـە لە جـێـی چەقـۆی چەوسـانـدنەوە و نایەکـسـانـی و زوڵـم و لێـقـەومـان؟ ئەوان ئـەو هـەمـوو غـەدرە نابینن کـە زاڵم

دەرهەق بە زوڵم لێکراوی دەکا؟ ئەوان ئەو هەمـوو وێرانی و کاولبوونە نابینن کە شەڕ و ئاشوب دروستی دەکا؟ چما ئەوان کوێرن. کەڕن..؟

هـەندێک لە شـــاعـــیـــران ڕاست و ڕەوان دەکـــەونە ژێر کـــاریگەری ی ڕووداوەکـانی دەرەوە و دەبنە بەشـێک لە ملمـلانێ و نەک هـەر هێندە، بگرە تەشەنەشی دەکەن. بەڵام ئەو جۆرە شیعرانە کورتە تەمەنیان ناڵێم ئەو جۆرە بەرهەمـانە نابێ هەبن، ئەو جـۆرە بڕیارە مـافی نییـە و هەقیش نییـە کـەس بەخۆی ڕەوای ببینێ داوای نەبوونیان بکات، چونکە شاعیر تەواو ئازادە چۆن تەعبیر لە ناخی خۆی دەکات. نووسین پرۆسـەیەکی زاتییە و دەسـتە جەمعی نیـیـە و سێ بەشی کـەوتووەتە نـاو زەریای بێ بنی بێ ئاگـایی، بۆیە کـۆت خـستنە ملی نووسین ئەسـتەمـە. بەڵام تەمـەنی ئەو جـۆرە نووسـینانە لەگـەڵ تەواوبوونی ڕووداوەکاندایە، لە نێوان زام و چەقۆدا زمـانی بێ لایەن هەیە؟ لە نێوان نیشـتـمـان و خـیـانەتدا زمـانی بێ لایەن هەیە؟ لە نێـوان مـەم و بەکر مـەرگـەوەردا زمـانی بێ لایەن هەیە؟ لە نێوان بەعس و هەڵەبجەدا زمـانی بێ لایەن هەیە؟ ئەم ڕستەیەی دوایم بۆ ئەوە هێنایەوە کە پرسیارەکان بگەیەنم بە لێـواری نەگـەڕانەوە و داخـسـتنی زاری وەڵام. وەلێ شـاعـیری ئاست بەرز و بەئەزموون لە هەزار داو و تەپکەی لەو جۆرەش گیر ناخوا. بەڕاستی ڕاگرتنی بێ لایەنی لەو شوێنە دژوار و عاسێیانەدا سێیانەدا کارێکی ئەستەمە.

(ڕەمـەزان ئۆزتورک) وێنەگرە هونەرمـەندەکـەی کـوردی باکـور کـە دیمەنی عومەری خاوەری گرتبوو لە کاتی بۆردوومانی هەڵەبجەدا، لە ڕێگەی وێنەیەکی بێ لایەنەوە توانی ویژدانی هەموو جیهان بهەژێنێ. ئەو نەهات وێنەی فڕۆکە و چەک و تفاق و کۆمەڵکوژی نیشان بدا. لە گفتوگۆیەکی تەلەڤیزیۆنیدا وتی، من کـە هاتمە هـەڵەبجـە هەمـوو ناخـم دەگـریا، ڕوحم وێرانبـوو، دەگـەڕام لـەناو قوربانییـەکاندا و وێنەم دەگرت، لە دڵی خـۆمـدا دەمـوت، خـوایە! منێکی کورد لەناو ئەو هـەمـوو قـوربانییـە هاوزمـانانەدا دەتوانم چی بکەم؟ دەتوانم شـتێک بدۆزمـــەوە، دیمەنێک بیکەم بە ڕەمـــزی ئەو غـــەدر و تاوانە گـــەورەیە. لـە دڵی خـۆمـدا دەمـوت، زەحـمـەتە. گـەڕام و سـوڕامـەوە تا دوا جـار دیمەنی عـومـەری

خـــاوەر و کــورەکـــەیم بینی، نـە ناوی ئەو قـــوربـانیـــیـــەم دەزانـی و نە هـیچ پێوەندییەکی پێشوەختم لەگەڵیدا هەبوو. کـەچی وتم، دۆزیمەوە کامێراکەم فـریام کـەوت، چەندەها وێنەی ئەم دیمەنەم گـرت. دۆزیمەوە ئـەوە ئەو چرکـەیە بوو کە ناخی ڕەمەزان و عومەری ئاوێزەی جاویدانی کرد.

تا ئێرە قسەکان هی (ڕەمەزان ئۆزتورک) بوون. ئێستا ئێمە تێ دەگەین کە چۆن وێنەیەکی بێدەنگ و بێ لایەن دەتوانێ تـەعبیـر لە گەورەترین مـوعـاناتی شــارێک بکا. ئەوانەی بیـــانەوێ ئەو جــۆرە بابەتە گـەورانە بکەن بە هـونەر، کـارێکی زەحـمـەت و دژوارە، دەبێ بە دوای چرکـەیەک، دیمەنێک بگەڕێن کـە مـەنتیـقێکی هونەری بەهێزیی تێدا بـەرجـەسـتـە بێ و بتوانێ بیکا بە مـوڵکی هەمـووان. لەبەرچی لەناو ئەو هەمـوو بابەت و وێنە و نووسینانە تەنیا وێنەیەک توانی ببـێتـە ناسنامـەی شـارێکی غـەدرلێکراوی خـاپوورکراو. پاشـان بێتـە ڕەمـزی سـەردەمـێکیش لە مـێژووی مـیللەتێکی زوڵم لێکراوی پشـتگوێ خـراو؟ وێنـەیەک کـــە دوو هێـــزی بێ سنووری چرکـــردووەتـەوە لە خـــۆیدا، ســـۆز و خۆشـەویستییـەکی ئینسانی بێ پایان بۆ مرۆڤ و توانا و لێهاتوویی هونەری، ئەگینا مـەحاڵ بوو بەبێ ئەو دوو هێزە هیـچم بەرهـەمێک بتـوانێ ئەو کارە بکا.

٣

لەبەرئەوەی زۆر لە شـاعیـرانی کلاسیکی کورد مـەلا بوون، بۆیە دەسـتـەواژەی ئایینی لەتەک ئاراسـتـەی نەتـەوایەتی لە دەقەکانیدا دەرکـەوتووە، ئەو دووانەش (ئـاین و نـەتەوە)کـــە چوونە قـــاڵبی بیـــروبـاوەڕەوە دەبنە جـــۆرە سنوور و چوارچێـوەیەک بۆ شـیـعـر و هونەر، چونکە لە بنچـینەدا شـیـعـر پرۆسـەیەکی تەواو زاتیـیـە و لەو تێکەڵبـوونەی لەگـەڵ گشـتـیدا ئەگـەر ئەزمـوون و وریایی هونەری لە پاڵدا نەبێ، پشتی شـیـعر بـە ئەرزی واقیع و ئایدۆلۆجیـادا دەدرێ، تـخووبی ئاین و نەتەوە لە زۆر شوێندا لە شیعری کۆندا تێکەڵ بەیەکتر بوون.

پێـشـتـر باسی (خـانی و حـاجی)یم کـرد، ئەو دوو شـاعیـرە هەوڵی زۆریان

داوە، بۆ ئەوەی شیعر لە سروشت ڕاپسکێنن و بەناو ئاقاری فیکر و فەلسەفە و بیروباوەڕدا بیبەن، خانی کەسێکی شارەزای ناو جیهانی میرنشینی و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکری سەردەمەکەی بووە. حاجیش کەسێکی سەرکێش و یاخی بووە لە بیروباوەڕی کۆنەپەرستی باو، کە هەناوی میللەتەکەی ڕزاندووە، بەداخەوە تا ئێستا ئەزموونی شاعیرانی کلاسیک باش نەخوێندراونەتەوە و زۆر جاریش لەسەر ئەو جۆرە ئەزموونانە، گوێمان لە ڕای بە پەلە و سەرپێیی بووە.

دەزانم ئەو دوو شاعیرە و بەتایبەتیش حاجی زۆرجاران گوێی بە چۆنیەتی دەربڕین نەداوە و چی دەڵێی بەلاوە گرینگ بووە کە بەمەش شیعری لە بواری خۆی بە زۆری دەرهێناوە و بۆ پەیامێکی نەتەوەیی خۆی بەکاری هێناوە، هەندێک لە شاعیرانی سۆفیش هەمان شتیان دووبارە کردووەتەوە، بەڵام بۆ مەبەستێکی جیاواز، خۆشەویستی شاعیر بۆ گەل و وڵاتەکەی بەناو زۆر ڕەهەند و بەرزیی و نزمیدا ڕۆچووە، ڕەگ و ڕیشاڵی بە هەندێک جێگەدا ڕۆیشتووە، کە مەحاڵە کەسانی تر پەیان پێ بردبێ.

لای شاعیر زۆر جاران بەردێک، کانییەک، گوێ چەمێک، جوانی نیشتمانی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە لەو ڕێیەوە شاعیر پەیامی خۆی گەیاندووەتە هاوزمانی، ئەوەی تێبینی دەکرێ لە زۆربەی ئەو دەقانەشدا سروشت جۆرە رووکەشی و یەک ڕەهەندی پێوە دیارە، کەچی لە ئەفسانە و لە دینە کۆنەکانی کورددا هەردوو دیوی خێر و شەڕ ئامادەیی هەبووە، نازانم بۆ ئەو جۆرە لێکدانەوانە نەپەڕیووەتەوە ناو دەقە شیعریەکانیش. ئەزموونی مەولەوی لەو بوارەدا جیاوازە، ئەو سروشتی لە جوڵەدا دیوە و ئەو جوڵەیەش پێوەندی بە ناخی مرۆڤەوە هەبووە، کە ئەو گریاوە سروشت گەڵای ڕژاوە و کاتێ یاریش دەرکەوتووە بەهار هاتووە، پێوەندی نێوان واقیع و شیعر ئەدەبیش بە گشتی پێوەندییەکی ئاڵۆز و دژوارە.

واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەموو کات پێچەوانەی ویستی تاک بووە، بۆیە خوێندنەوەی ئەو واقیعەی کە هەیە و هەڵگەڕان و هەڵگژان

پێیدا کاری شاعیرانی (بلیمەت و شۆڕشگێڕان) بووە هەریەکە و بەشێواز و مەبەستێک.

کەوابوو تاوانی شاعیر چییە؟ ئەو هەر لە کۆنەوە ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە کە پەیامی نێوان ئەرز و ئاسمان بێ، هەر وەکی هایدیگەر دەڵێ: کاری شاعیر پشکنین و دۆزینەوەیە و بەپێی مەنتیقیش دۆزینەوە دەچێتە سەرووی واقیعەوە. بۆیە شاعیران لەو بەینەدا هەموو کات بە تیری ڕەخنەگرە واقیعییە سەلەفییەکان و کۆڵکە خوێندەواری نوقم بووی ناو کەلتووری باو پێکراون. ئۆدنی شاعیر جوانی وتووە، کە شاعیری مەزن هەموو کات وامان لێ دەکات هەست بکەین یەکەمین جارە شتەکان دەبینین. تاوانی دەرچوون لە ڕیتمی باو، لە هەست و لێکدانەوەی باو، لە کولتووری باو یا سەنگەسارە یا لەسەر دارە بە قەولی مەحوی.

## گۆڕستانی دەریایی

شاعیری فەڕەنسا پۆل ڤالێری (١٨٧١–١٩٤٥) لە ڕێی قەسیدەی (گۆڕستانی دەریایی)ەوە کێشەیەکی گەورەی لەناو ڕەخنەگران و خوێنەراندا نایەوە. ئەندرێ ژیدی ڕۆماننووس کە ساڵی ١٩٤٧ نۆبڵی وەرگرتووە لەبارەی ڤالێری دەڵێ: ئەگەر ڕووناکی درەوشاوەی پۆل ڤالێری نەبووایە وڵاتەکەمان نەدەگەیشتە ئەو پایە بڵندە لە جیهانی بەها ڕوحییەکاندا. ژید باسی ئەو بایەخە شایستە دەکا کە حکوومەتی فەڕەنسا بە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەی ڤالێریان داوە و بە تاکە شانازی گەورەی حکوومەتی کاتی دەداتە قەڵەم، کەچی هەر دوای ئەوە ڕاستییەک دێنێتە گۆڕێ کە لە هەموو سەردەمەکاندا مایەی گفتوگۆ لەسەر کردنە کە دەڵێ: سەرم لەو جمهورە سوڕمابوو لەو بۆنەیەدا کە هاتبوونە جۆش و خرۆش. جا بۆ ژید هەقی نەبێ؟ ئەو جۆرە شاعیرانە کە لەو پلە و پایە بەرزەی شیعردان زۆر جاران لەناو هەست و هۆشی کەمینەیەکدا دەمێننەوە و دواتر ساڵانێکی دوور و درێژ دوای مردنیان دەبنە جێگەی بایەخی ئەڵقەی فراوانتر و ئەو کات دەخوێندرێنەوە. ژید لەبارەی ئەزموونی شیعری ڤالێری ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات کە کەمێکی کەم هەبوو باوەڕیان وا بوو ئەو شاعیرە خزمەتێکی بەرچاو پێشکێش بە فەڕەنسا دەکا، ئەو کە شیعری لە کاروبارە گشتییەکان دوورخستبووە و لە شوێنێکی دوورەپەرێزدا و بڵند تر لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە خەریکی ئەفراندن بوو، بەڵام ئەو شوێنەی ئەو چارەنووس و گیانی ئێمەی تێدا دیاری دەکرا.

(ڕووداوەکان بێزارم دەکەن. ئەوان کەفوکوڵن و من بایەخ بە دەریا دەدەم. لە دەریادا دەتوانین ڕاو بکەین و بەسەر پشتی ئەویشدا دەتوانین بپەڕینەوە، هەر

بە قووڵاییی ئەویشدا دەتوانین ڕۆبچینە خوارێ) ڤالیری بەو شێوەیە مەبەستی پەیامەکانی ڕوون دەکاتەوە و ژید هەر هێندەی بۆ زیاد دەکا: بەڵام کەس هێندەی ئەو بە قووڵاییدا نەچووە. ئەوانەش کە چارەنووس و کیان دەگۆڕن هەردەم لە سەردەمی خۆیاندا غەدریان لێ کراوە، قەدریان نەزانراوە توومەتی جۆراوجۆریان بۆ هەڵبەستراوە ئەدی حاجی قادر لە دەست کێ هەڵات و زێدی جێ هێشت، چما ئەو کات کەس لە وڵاتدا هەبوو جگە لە هاوزمان. ئەو ناهەقییەی لەبارەی ئەو کرا هەر جارەی بەشێواز و مەبەستێک دووبارە دەبێتەوە. ئەدیبی خولیا و هەڵوەدای ئەفراندن وەنەبێ حەز بکا کە زۆربەی خەڵکی نەیخوێننەوە و لە پەیامەکەی حاڵی نەبن، ئەو تامەزرۆی لێک تێگەیشتنە، گوناحی لێک حاڵی نەبوون لە ئەستۆی بەرامبەرەکەیەتی: ڤالێری لە (گۆڕستانی دەریایی)دا تووشی ئەو جۆرە لێک حاڵی نەبوونە هاتووە نەک لەگەڵ زۆربەی خوێنەرانی ئەو سەردەمەی خۆی بگرە لەگەڵ ڕەخنەگرانیش. تا ئەو کاتەی گۆستاف کۆهین کتێبێکی لەبارەی قەسیدەکە نووسی و شاعیر خۆشی پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە نووسی و تێیدا هەندێ لایەنی باس کرد. ئەو چامەیە باسی مردن دەکا و پانتاییی شیعرەکە گۆڕستانی سەر گردێکە لە شاری (سبت) لە ڕۆخ دەریای ناوییندا. لەوێ مردووەکان دەگەنە ئاشتی کۆتایی کە چی زیندووەکان، ئەوانەی مردووەکان دەنێژن لەناو ئارەزوو ترسناکەکانیدا بزر دەبن، ڤالێری ڕەشنووسێکی ئەو چامەیەی داوەتە هاوڕێیەکی خۆی کە خاوەنی کۆوارێکی ئەدەبی بووە، ئەویش لە جیاتی پاراستنی بڵاوی کردووەتەوە. ڤالێری لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ ئەو قەسیدەیە لە سەرەتادا وێنەیەکی ئاوازدار بوو هێشتا تەواو نەگەیشتبووە قەناعەتی هونەری لە نووسینەوەیدا، هێشتا لە نێوان بوون و عەدەم دا ساغ نەبووبووەوە کە بە ڕێکەوت بڵاو بووەوە و ئەو شێوەی وەرگرت کە شاعیر مەبەستی نەبووە. ڤالێری پێی وایە کە ڕوونی هونەر دەشێوێنێ و لە کاڵوکرچی نزیکی دەکاتەوە، هەر دەقێکیش کە بە یەکجار هات و ڕژایە سەر کاغەز پێویستە دەستکاری بکرێ، هەر جارەی دەمکی باریکی خەیاڵ و وەستایی، شوێن و ئەندامێکی

لەشی جـوان بکا، تا ئەو ئـەندازەی کـە هێـزی فـیکر و زمـان بگەنە بـەرزترین ئاست، ئەوسـا دەتوانین بڵـێین دەقـێکی ئەدەبیـمـان نووسـیوە. بـۆیە وا هـەست دەکـرێ کــە لەو جــۆرە دەقــانەدا ئـەفــراندن لـە ئامــرازەوە بـووەتە ئاکــام. (گـۆڕســتـانی دەریایی) بەر لە وادەی خــۆی لەدایک بـوو، بەڵام ژیا ئـەمما چ ژیانێک؟

ڤـالێـری جگە لـە چەند دیوانی شـیـعـر خـاوەنی چـەندان کـتـێـبی تیـۆری و ڕەخنەیە یەکێک لە کتـێـبەکـانی ١٤ بەرگـە. سـاڵی ١٩٢٥ وەکـو ئەندامـێکی ئەکادیمی لە فـەڕەنسا هەڵبژێردراوە و لە کۆلیـجی دۆفرانیش کورسی شـیعری بۆ دانـراوە و وانەی تێـدا دەڵێـتــەوە. پاش ئەوەی ســاڵانێکی زۆر لـە بواری ئەدەبیدا دا دوورەپەرێز بووە.

## زمانی قوربانی

ئەدەبی کوردی هەر لە کۆنەوە هەڵگری خێر بووە لە خۆیدا. ئەو وا بەستەبوونە موتلەقە بووەتە هۆکاری سنووردار‌بوونی ئەدەب، واتا بووەتە کۆت بە دەست و پێی ئازادییەوە. لە ئەدەبدا سنووری نێوان شەڕ و خێر بەو شێوەیە نییە، کە لە واقیعدا هەیە، بگرە لە هەندێ جاردا ئەو سنوورە سڕاوەتەوە و مانای تری لە خۆیدا تواندووەتەوە. شەڕی تەڕوادە لە دەقی هۆمیرۆس و ڤرجیلدا، کراوەتە دەقێکی بەرزی ئەدەبی: تخوبی خێر و شەڕ بەو چەشنە دیار نییە تێیدا.

لە (کۆمیدیای دانتی)دا هەموو بیروباوەڕ و ڕووداوە کۆن و سەردەمییەکانی شاعیر، بە پێوانەی مەسیحییەت پێوراون، هەموو ئەوانەیش کە لە ڕێبازی مەسیح دەرچوون، بە محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانیشەوە، خراونەتە دۆزەخ، کەچی لە واقیعدا ئەوە شتێکی ترە محەمەدی موسڵمانان یەکێکە لەوانەی لە تەک خوادا، لە هەموو حەشری بەشەرییەت ئامادەیە، لە شیعری حەلاجدا، لە شیعری زۆربەی سۆفییەکاندا، ئەم جۆرە تخوبە وەهمییە. دوو مەنتیق ئەم جۆرە لێکدانەوانە قبووڵ دەکەن کە مەنتیقی ئەدەب و شیعرن، جیاوازیشن لە مەنتیقی عەقڵی ڕووت.

ژیان تەنیا دیوێکی نییە! هەردوو دیوی پڕن لە ڕووداو و وێنە و ڕیتمی شیعریی. ناکرێ بەکر مەرگەوەڕ جارێک لە جاران گریابێ و لە بەردەم ئاوێنەدا تفی لە چارەنووسی خۆی کردبێ، بەسەر ژیانی تایبەتی خۆیدا شکابێتەوە و هەلا هەلا بووبێ؟ بۆ نا؟

گۆتە لە (فاوست)دا، کاری لەسەر کاریگەریی ئەو هێزە کردووە، کە شەیتان

نماندەیەتی. لە ئاینی ئێزدییەکاندا، ئەو هێمایە هەیە بۆ ڕێزنان لە هێزی شەیتان، لە ئاینی کۆنی زەردەشتیشدا ئەهریمەن لە پاڵ خواوەندی خێردا هاوشانە، کەچی ئەو دابڕان لە ئەدەبی نوێدا، کەمە.

ماسینیۆن کە باس لە حەلاج دەکا، دەڵێ: ئەو مەکە و کەعبەی لە پیرۆزی خستووە، کاتێک گوتوویەتی: کەعبە دێتە لای من و من ناچم بۆ حەج، چونکە مرۆڤ پایەدارترین و بەهادارترین بوونەوەری خوایە لەسەر گۆی زەویدا، هیچ کاتێکیش بەرد لەو پیرۆزتر نییە. ئەم حاڵەتە لەکن سۆفییەکان هەبووە، باپیرم یەکێک بوو لە سۆفییەکان، پیاوێکی ئیمانداریش بوو، داراییەکی وەهایشی هەبوو تا بچێتە حەج، کەچی خۆم گوێم لێ بووە، کە گوتوویەتی: حەج دێتە لای من! باپیرم هەمان قسەی حەلاجی دووبارە کردووەتەوە، کەسیش نەبوو بڵێ: سۆفی خدر زەندیقە! کەشوهەوای ئازادی لە کۆندا، لەنێو ئیسلامدا جورئەتی زیاتری تێدا بووە، گەلێک شتیش دەگوتران کە ئێستا گوتنیان جورئەتی پتری دەوێ.

ئەنفال ڕووداوێکی گرینگی مێژووی چەندان ساڵەی ڕابردووی کوردە ناشکرێ کاریگەریی ئەو ڕووداوە بەسانایی بسڕدرێتەوە، ئەوانەی بەشدارییان لە ئەنفالدا کرد، دوو لایەن بوون یەکێکیان سوپای ڕژێمی بەعس و جاشەکانن کە لایەنی هێرشکەر و پەلامارادەر بوون (جەللاد)، لە بەرانبەریشدا خەڵکی لادێیی کە پێشمەرگە بوون کە لایەنی بەرگریکەر بوون (قوربانی)، کەچی دەقێک نادۆزێتەوە لە ئەدەبی کوردیدا، لە دیدی جاشێکەوە نووسرابێ، کە دەڵێم لە دیدی ئەوەوە، مەبەستم ئەوەیە کە: بە چاوی جاشێک ئەو ڕووداوانە بگێردرێنەوە، کە ئەمەیان بێجگە لە جورئەت، زمانی خەیاڵی خەستتریشی گەرەکە، چونکە قوربانی کولتوورێکی باوە هەر زوویش هاوسۆزیی پەیدا دەکا، بەلام چۆن دەکرێ هاوسۆزیی لە شتێکی دەرەوە و جیاوازەوە پەیدا ببێ؟ ئەدەب دەتوانێ ئەو کارە بکا، کە بەهیچ شتێکی تر ناکرێ، قوڕی ئەدەب ئاوی زۆر دەوێ. لە ئەدەبدا قوربانی و جەللاد، هەردووکیان مرۆن، مادامەکی مرۆیشن دەکرێ ئەدەب سوود لە هەردوو کارەکتەر وەربگرێ، بەلام پێویستە

مەبەست بنیاتنانی فیکرەیەکی ئینسانی بەرز بێ. ڕەنگە ئەم کارە بە چوونە نێو ناخی جەللاد، بۆ تێکشکاندنی هێزی شەڕ، باشتر ئەنجام بدرێ.

فازل ئەلعەزاوی لە ڕۆمانێکدا، ژنی شۆڕشگێڕێک دێنێ کە هاتوچۆی لە زیندان دەکا و لەوێ پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئەفسەرێکی ئەمن دەگرێ، لەکن هەندێ کەس ئەمە کوفرە، چۆن کەسانی وا دەچنە باوەشی سیخوڕێکەوە؟ ئایا ئەمە لە واقیعدا نەبووە ڕووی نەداوە؟ بەڵام ئەدەب ئەو حاڵەتە هەڵدەگێڕێتەوە، دەیخاتە دۆخێکی بەرزی مرۆییەوە.

لەنێو کوردەواریشدا ڕووی داوە کە کوڕ و کچی دوو خێزانی دوژمن بەیەک، حەزیان لە یەکتری کردووە. ئەوەی ڕۆمیۆ و جولێت لە زۆر شوێنی تریشدا ڕووی داوە، بەڵام نازانم بۆ ئەوەی ئێمە، هەر لە دیدی قوربانییەوە حەکایەتەکەی گێڕاوەتەوە؟

## نوخبی خواوەندێک کە نەیزانی رزگارمان بکا

بە درێژاییی ئەو سەردەمانەی شیعری رووسی تێدا نووسراوە، ئان ائاخماتۆڤا یەکێکە لە شاعیرە دیارەکان. ئەگەرچی جیهانی شیعری ئەو هێندە پان و پۆڕ و فراوان نییە، بەڵام درەوشاوە مرۆییەکانی زۆر بە شەوق و کاریگەرن، مرۆڤایەتی بە هیچ کلۆجێک ناتوانێ دەستبەرداریان بێ، ئەو هەستەی لێیان پەیدا دەبێ هێندە قووڵە ئەستەمە بە ئاسانی بێتە دەرێ و لە بیر بچێتەوە. بە ئانا دەڵێن (شاعیری ئێوارە)! ئێوارەی فیکر و ڕوانین و ماڵئاوایی، ئێوارەیەک کە بەشەر تێیدا دەگاتە ڕۆخی فەنابوون و سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە.

ئانا لە یازدەساڵییەوە شیعری نووسیووە و یەکەمین جاریش لە ڕێی شیعرەکانی نیکرا سۆف (١٨٣١-١٨٧٧) و دیرجافین غافریل (١٧٤٣-١٨١٦) کە یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکەکانی رووس حەزی لە شیعر کردووە، لەبەرئەوەی دایکی زۆر لە شیعرە کلاسیکیەکانی لەبەر بووە و هەر لە منداڵییەوە ڕوحی بچکۆلەی ئانای پێ ئاشنا کردوون.

کچە شاعیری لوبنانی جومانە حەداد لە پێشەکی قەسیدەی (نوخبی خواوەندێک کە نەیزانی رزگارمان بکا)دا نووسیوویەتی:

لە دەساڵیدا تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بووە و هەموو ژیانی بەدەست ئەو نەخۆشییەوە تلاوەتەوە، لە شازدە ساڵیدا دایک و باوکی لێک جیا دەبنەوە، لە بیست و یەک ساڵیدا یەکێک لە ئازیزترین هاوڕێی بە نەخۆشیی سیل مردووە. لە بیست و نۆ ساڵیدا یەکەم مێردی کە ناوی نیکۆلای غۆمیلیۆف بوو تەڵاقی داوە.

ئانا نەیتوانیوە لە خۆشەویستی غۆمیلیۆف رزگاری بێ بۆیە لەگەڵ مێردی دووەمی تووشی کێشە بووە.

لە سی و یەکساڵیدا مێردی یەکەمی ئیعدام دەکرێ.

لە سی و نۆ ساڵیدا مێردی دووەمی خیانەتی لێ دەکا.

لە چل و یەک ساڵیدا فلادیمێر مایاکۆفسکی شاعیر و هاوڕێی خۆی دەکوژێ.

لە چل و نۆ ساڵیدا تاقە کوڕەکەی زیندانی دەکرێ.

لە پەنجا و دوو ساڵیدا کچە شاعیری هاوڕێی مارینا تسفیتایفا خۆی دەکوژێ.

لە پەنجا و شەش ساڵیدا تووشی چەوساندنەوە دەبێ بە هۆی ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا دروستی دەکا.

لە شەست و یەک ساڵیدا بە ناچاری ١٥ قەسیدە دەنووسێ و پێشکێشی ستالینی دەکات تا منداڵەکەی ئیعدام نەکرێ.

لە دوای ئەوە تووشی نارەحەتی دەروون دەبێ و کۆتایی ژیانیی درێژە دەکێشێ و لە ئەنجامدا بە تەواوی هەرەس دێنێ و لە حەفتا و حەفت ساڵیدا دڵی گەرمی لە لێدان دەکەوێ لەسەر خاکی ساردی مۆسکۆدا دەکەوێ.

جومانە دەنووسێ: ژیانی ئەو چەشنی درەختێک بۆ ئەوە گەڵای کردووە تا هەڵیان بووەرێنێ و ئینجا لق و پۆپی ببڕێتەوە. ژیانێک -کۆتاییی ژیان- سێدارەی ژیان- وشکاییەک تا مردن سەوز بکا.

یەکەم دیوانە شیعری ئانا بە ناوی (ئێوارە) بڵاو کرایەوە و ئیتر لەوێوە ئەو ناوە چووە پاڵ ناوی خۆی. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دیوانێکی تری چاپ کرد بە ناوی (شمشاڵی شوان) و لە ناوەڕاستی بیستەکانەوە بە جۆش خرۆشێکی کەم وێنەوە کەوتە نووسین و بڵاوکردنەوە لە پاڵ لێکۆڵینەوە لەبارەی هونەری، تەلارسازی لە شاری پۆترسبۆرکی کۆن و خوێندنەوەی ژیانی پۆشکین و ئەنجامیش ئەم سێ کارەی لێ کەوتەوە: کەڵەشێری زێرین، کوژرانی پۆشکین

میوانێک لە بەرد. لە ئاخر و ئۆخری ژیاندا ئەو کارەی تەواو کرد کە ناوی (مەلحەمەیەکی بێ پاڵەوان) بوو کە بیست و دوو ساڵان خەریکی نووسینەوەی بوو.

شیعرەکانی ئاخماتۆفا جگە لەوەی دیاردەیەکی دیاری ئەدەبی ڕووسین گەواهیدەریشن بۆ سەردەمی حوکمی ستالین کە تێیدا ئیرهابی فیکر و ئەدەب گەیشتە چڵەوپۆپەی.

شاعیر وەکی ئیسفەنج موعاناتی دەوروبەر هەڵدەمژێ، کەچی ئاخماتۆفا خۆشی بووبووە سەرچاوەی موعانات.

ئەو هەموو ئەشکەنجە و دەردی سەرییەی لە ئیرهابی ستالینەوە تووشی بوون لە ڕادەبەدەر بوون، جگە لە چەندان جار لێپرسینەوە و قەدەخەکردن و بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکانی و دەرکردن لە یەکەتی نووسەرانی سۆڤیەت و حەڤدە مانگ زیندانی لە زیندانەکانی لینینگراد، ئەوجا کوڕەکەشیان زیندانی کرد و ویستیان حوکمی ئیعدامی بدەن بەمەش ئاخماتۆفایان ناچار کرد هەندێک لە شیعرەکانی پێشکێش بە ستالین بکات. ئاخماتۆفا چاوی پڕ سۆز و بەزەیی بوو بەسەر خاکی ڕووسیاوە، ئەو مەرگی نووسەر و هونەرمەندانی راونراوی بینی، زیندانیانی بێ تاوان و عاشقانی ئازادی بینی کە بە دەستی موخابەراتی ڕووسییەوە تووشی هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک بووبوون.. (مندلشتام لە ئۆردووگاکانی ڕووسیدا مرد، مایاکۆفسکی خۆی کوشت و یەسنین و ماتیرهۆلدومارینا..).

شاعیرێکی ڕووسیا بەو شێوەیە دەنووسێ: ئەوە بەسە بۆ من کە لە سەردەمی ئانا ئاخماتۆفادا ژیاوم!. کەچی جدانۆفی پیرە ستالینی لە وەسفی ئەو شاعیرەدا دەڵێ: ئەو لە یەک کاتدا قەحپەیە و قەدیسیشە!! جۆزیف برۆدسکی کە خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب وەرگرتووە دەڵێ: (ئاخماتۆفا ژنێک بوو خاوەن جوانییەکی سەرنجڕاکێش و شەیتان، نووسینەکانیشی ڕەنگدانەوەی هێزی کەسایەتی خۆی بوو).

جدانۆف ڕۆی و ناوی لەناو ناواندا نەما کەچی ئەو قەحپەیەی ئەو ناوی بەو

شێوەیە دەبرد، بوو بە پێویستییەکی ڕوحیی مرۆڤایەتی.

ئانا وەکو جەستەی پاکیزەیەک لە سەرمای ڕووسیا بزر بوو کەچی لە ویژدان و ئەندێشەی ملیۆناندا سەرلەنوێ دەرکەوتەوە.

جدانۆفەکان لێرە بن یا لەوێ هەمان دەمامکیان هەیە هەمان ژەهر دەرێژن، ژەهری لیچ. ئەنجام خۆیان تێیدا گیر دەخۆن تا بزر دەبن.

شاعیرانیش هەموو کات جوانترین جلوبەرگیان هەیە، دیارترینیانن لەناو خەڵکیدا، وەکو ئەستێرە کاریان درەوشانەوەیە.

قەسیدەی (نوخبی خواوەندێک) دەربڕینی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی ڕووسیایە، ئەو کاتەی ستالین لەژێر دروشمی (دوژمنانی گەل) ئیرهابی ئەهلی قەڵەمی دەست پێ کرد و لە هەڵمەتی (لادان لە واقیعیەتی ئیشتراکیدا) جۆرەها بیانوویان هێنایە پێشێ بۆ تۆقاندن و ڕاونانی ئەدیبان، وەکی (ئەو جۆرە ئەدەبە دژی کولتوورە، یا دژی گەلە، یا گەشبینی سۆشیالیستی تێدا نییە..)

ئای ڕۆژگارەکانمان چەند لەیەک دەچن. سەدام کە قوتابییەکی ئەو قوتابخانەیەی سۆڤیەت بوو لە هەشتاکاندا هەمان ئەزموونی ڕەشی لە عێراقدا دووبارە کردەوە.

عەریفەکانی شیعر چۆن بە دەنگە تازەکانیان دەوت: دژی موقەدەسات، دژی کولتوور، دژی زمان.. وەکی ئەوەی ئەوان میراتگری کولتوور و زمان و مێژوو بن..

ڕۆژگاری ئیرهاب ئەگەرچی ڕۆژگارێکی ئێجگار ناخۆش بوو، کەچی ڕۆژگاری شیعری گەرمی سەر پارچە کاغەزە بچووکەکان و ڕۆژگاری گرگرتنی شیعر بوو. شاعیرە مەزنەکان موڵکی مرۆڤایەتین. لە هەمان کاتدا ئیلهامبەخشن بۆ مرۆڤایەتی. ئانا ئاخما تۆفا من قیبلەم زۆرە ڕوویان تێ بکەم، بەڵام دڵنیا بە گۆڕەکەی تۆ لە کوێ بێ من حەز دەکەم لە ناخۆشترین ڕۆژگاردا ڕوو بۆ ئەوێ وەرگێڕم و لە خواوەندی شیعر بپاڕێمەوە:

خوایە بێ بەشمان مەکە لەو ڕوحە پاکەی ئانائاخما تۆفا..
نوخبی خواوەندێک کە نەیزانی ڕزگارمان بکا
چەند بەردیان تێ گرتم!
ئێجگار، تا ترسم ڕەوییەوە لێیان
ئێجگار، تا چاڵەکەم بوو بە بوورجێکی توند و قایم،
بەرز لەناو بورجە بەرزەکاندا.
سوپاس بۆ بەردهاوێژە وەستاکان
–نەبادا خەم و پەژارە دایانی گرتبێ ــ
من لەوێوە دەرکەوتنی خۆر بەر لە خەڵکی تر دەبینم
لەوێوە تیشکی دوا خۆر باشتر دەدرەوشێتەوە.
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
زۆر جاران شنەی باکور دێتە ژوورێ
کۆترەکانیش بە دەستی من دەنکە گەنم دەخۆن
بەڵام ئەو لاپەڕەیەی تەواوم نەکردووە
دەستی ئەسمەری سرووش
کە هێمنی و ناسکییەکەی خواوەندانەیە
ئەو لێرە
لەو بەرزاییە
تەواوی دەکا.
بەهەر جۆرێک بێ دەبێ بێی ئەی مردن!
بەڵام ئەی بۆ ئێستا نا؟
خانەی سەبرم ڕووخا
لە پێناو تۆدا چرام کوژاندووەتەوە
دەرگەم کردووەتەوە
ئەی سادە وەکی شتێکی سەرسوڕهێن.

وەرە تکات لێ دەکەم وەرە
بە هەر دەمامکێکەوە دەیخوازی:
لە ناوەوەم چەشنی نارنجۆکی گاز بتەقێوە
یا خۆت بخزێنە ناومەوە و بمدزە هەروەک چەتەکان
بە دووکەڵی تیفۆسی خۆت ژەهراویم کە
یا ببە ئەو ئەفسانەیەی کردوومانە بە خەونی منداڵان
– ئەوەی کە هەمووان شارەزای بوون تا ئاستی بێزار بوون ــ
ئەو ئەفسانەیەی کە تێیدا لچکی چاکەتی شینی پات و
دەموچاوی زەردهەڵگەڕاوی خزمەتکاری تێدا دەبینم
کە لەبەر ترس و بیم ڕەنگی گۆڕاوە.
لێرە بەدوا هیچ شتێک شایستەی بایەخ پێدان نییە..
ڕووباری ینسیسی دەڕوا و
ئەستێرەی باکور دەدرەوشێنەوە
دوا تۆقاندنیش
ڕووناکی شینی دوو چاوی عاشق کز دەکا.
دوا پێک نوخبی ماڵە وێرانبووەکەمان دەخۆمەوە
بۆ ژیانە کڵۆڵەکەمان بۆ تەنیاییەک کە هەردووکمان تێیدا ژیاین.
هەروەها نوخبی تۆش دەیخۆمەوە:
نوخبی لێوە هەڵخەڵەتێنەرەکانت کە خیانەتیان کرد
نوخبی بەستەڵەکی چاوی مردووکانت
نوخبی ئەو دنیا دڕندە و
نوخبی خواوەندێک کە نەیزانی رزگارمان بکا.
دڵنەوایی ڕاستەقینە لە هیچ شتێک ناچێ:
ئەو بێدەنگە،
بێهوودە شان و ملم بە چاکەتێکی فەروو دادەپۆشی

بێهوودەیە وشەکان کە دەیچرپێنێ
لەبارەی ناوازەییی یەکەم خۆشەویستی:
ئای چەند جوان دەیناسمەوە
تەماشاکردنە
چاوچنۆکانە و سەهەندەکانت!
نازانم ماوی یا مردووی؟
ئایا لەسەر ئەم زەوییەدا بۆت بگەڕێم؟
یا تەنیا هەر ئەوەندەم بۆ دەلوێ
کە ئێوارە کپ دادێ
بە هێواشی لەسەر پەردەی بیرمدا هەڵت بکۆڵم.
هەموو شتێک بۆ تۆیە: نوێژی ڕۆژێ و
گەرماییی شەوانی پڕ شەونخوونی
سپێتی پۆلە شیعرەکانم و
شینیش هی، هی ئاگری چاوەکانم.
کەس لە تۆ زیاتر خۆشنەویستراوە
کەسیش لە تۆ زیاتر ئازاری پێ نەبەخشیووم
بەو کەسەشەوە کە خیانەتی لەگەڵدا کردم
خەریک بوو گیانم دەربچێ
یا ئەو کەسەی کە لە خۆیدا بزری کردم
ئینجا لێیدا و ڕۆی..
خۆم ڕاهێنا کە بە سادەیی و بە دانایی بژیم،
سەیری ئاسمان دەکەم و نوێژ دەکەم بۆ خواوەند
پێش ئەوەی ئێوارە دابێ ئیتر پیاسە دەکەم
تا خەمە پووچەکانم تەواو شەکەت دەبن
ئەو کاتانەش کە دڕک و داڵ توێکڵ دەردەکەون

لە شوێنە نزمەکاندا
یا کە هێشووی سووری سفت و پڕ شۆڕ دەبنەوە
چەند ڕستەیەکی خۆش دەنووسم
لەبارەی داڕووخانی ژیان
داڕووخان و جوانییەکانی
پاشان
لە پیاسەکردن دەگەڕێمەوە.
پشیلە توک پڕەکە لمۆزی لەناو لەپم دەخشێنێ.
بەناز فرەفرێکی لێوە دێ
ئاگریش لە ناکاو کڵپە دەسێنێ
لە بورجی بچووکی لای گۆلاوەکە
تەنیا دەنگی لەقلەقێک دێ لە سەربان دەنیشێ
ماوە ماوە بێدەنگی دەشکێنێ
خۆم ڕاهێناوە بە سادەیی و بە دانایی بژیم
خۆ ئەگەر لە دەرگەشتان دام
ڕەنگە
گوێم لێتان نەبێ.
ئەڤین بەم چەشنەیە:
جارێک گینگڵ دەخوا وەک مار
سیحری خۆی دەگێڕێ لەناو دڵدا
جارێکی تر چەشنی هەور دەخشێ
لە ڕۆخی پەنجەرەی سپیمدا.
ئەڤین بەم چەشنەیە:
ڕەنگە لەسەر سەهۆڵبەندانی درەوشاوە
بکەوێتە باق و بریق

یا لەوەنەوزی گوڵەمێخەکدا دەرکەوێ
بەڵام بە لاملی و بەبێدەنگی
دێ و ئارامیم دەبا.
گوێم لێیەتی بە ناسکی هەنسک دەدا
لە نوێژی کەمانچە ئازار چەشتووەکەمدا
چەند دەترسم کە هاتنی ڕادەگەیەنێ
لە زەردەخەنەی پیاوێکی غەریبدا.
من دەنگی ئێوەم، ئەی عاشقانی درۆزن
من گەرمایی هاوارتانم
من ڕەنگ دانەوەی دەموچاوی ئێوەم لە ئاوێنەدا
من فڕینی درۆم لە باڵە درۆزنەکانی ئێوەدا..
گرینگ نییە من کێم،
تا دوا چرکە لەگەڵتان دام
بۆیە بەچاوچنۆکییەوە داوای خۆشەویستیم لێ دەکەن
سەرەڕای گوناه و شەڕانگێزیم،
هەر بۆیەشە پەیمانی چاکترین نەوەی خۆتانم دەدەنێ.
بۆیە ناپرسن لەبارەی هەرگیز ناپرسن
بەردەوام دەوری ماڵە چۆڵەکەم دەگرن
بە پیاهەڵدانە دووکەڵاوییەکانتان.
بۆیە دەڵێن: دوو کەسی تر نییە
وەک ئێمە پێکەوە بنوون
یا دەڵێن: ناکرێ کەسێک بەو شێتییە زیاتر ژنێکی خۆش بوێ.
وەک چۆن سێبەر ئارەزوویەتی لە جەستە جیابێتەوە
وەک چۆن جەستە هەوڵی جیابوونەوە دەدا لە ڕوح منیش ئەمڕۆ کە وام.
ئەی عاشقە درۆزنەکان دەمەوێ، لە بیرم بکەن.

## وێڵبوون بەدوای خۆشەویستی ئەستەمدا

لە قەسیدەی (گۆڕستانی گەورە)دا ئیلهامم لە تەمەنی جەوانی پڕ لە جوانی (دڵدار)ی شاعیر وەرگرتووە، تەمەنێک کە هەر هێندەی چاوترووکانێک بوو. سی و ئەوەندە ساڵە لەناو زیندوواندا.. ئەدی پاشان؟ شاعیر دەمرێ؟ مەرگی شاعیر ئەو کاتە دەست پێ دەکا کە بەجەستە لە ناوماندا نامێنێ؟ ئەوە بۆ شاعیرانی داهێنەر زۆر بەپێچەوانەوەیە.

شاعیر بوونەوەرێکی ئاسایی نییە، بەڵام هیچی لەوانی تر زیاتر نییە. شتێکی تێدایە لە هی ئەوان ناچێ، بەمەش خۆی جیا دەکاتەوە و لە ژیاندا ـ بێ ئەوەی هەست پێ بکا ـ تۆوی نەمری دەچێنێ.

من بۆخۆم لەناو ئەوانەی جوانەمەرگ دەبن و وێڵبوونێک دەبینم بەدوای خۆشەویستییەکی ئەستەمدا، خۆشەویستییەک کە مەرگ مەودا نادا لەسەر ڕووی زەویدا بگا بە ئاکام، بۆیە دەبێ لەناو مردنی خۆیدا بەدوایدا بگەڕێین.

ئەوانە ژیان و مەرگیان دەبێتە دوو ڕووی یەک بوون، ژیانەکانی شاعیر هەرگیز یەک دیویان نییە. بۆ ئەو، ژیان ئەو دوو سێ ڕۆژە نییە کە دێ و زوو دەڕوا، بگرە ڕووبەرێکی فراوانتر و درێژترە و گرێ دراوە بە ژیان و بوونی ترەوە، کێ لە ئێمە کە تەماشای مانگ دەکا لە تاقی ئاسمانێ، دەنگ هەڵنابڕێ:

ئەی مانگ! من و تۆ هەردوو هاودەردین هەمووان لەگەڵ تۆ گرفتاری هەزار و یەک دەردین!!

بێکەس و مانگ و ڕووداوەکانی بەردەرکی سەرا و چی و چی تێکەڵی یەکتر

بوون و بە هەمـوویان بوونێکی گـەورەتر و سـەختـتـریـان دروست کـردووە کـە سڕینەوەیان مەحاڵە.

دڵدار ئەو شـەوە کۆتـایی نەهات کـە لە یانەی فـەرمـانبـەرانی هەولێـر بڕێک خۆراکی تێکچووی خـوارد و پێی ژەهـراوی بوو، هـەر ئەو شـەوە بەو ژەهـرە مرد و کەسیش ئەو کاتە نەیناسییەوە.

ئەو جۆرە مرۆڤانە کە بەو شێوەیە لەنـاوماندا بزر دەبن، فێڵمـان لێ دەکەن، هەڵمـان دەخـەڵەتێنن، ئـەوان لە ڕۆژگـاری تر و لە بـوونی تارمـاییـیـانەی تردا درێژە بە ژیانیان دەدەن پایەدارتر.

لە قەسیدەی (گۆڕستانی گەورە)دا ویستوومـە تۆڵەی ئەو غەدرە لە سروشت بسـتێنمـەوە کە لە (دڵداری) کـردووە، خـەیاڵی شـیـعر منـی بردووەتەوە وڵاتی ئێستای شـاعیـر، لەوێ دڵدار بووەتە مـیری شاعیرانی گۆڕستـان بەو واتایەی کە خـاکی گـۆڕسـتـانیش بەشـێکە لە وڵات، بەڵام مـەعنا و دەلالەتی جـیـاوازە، یاساو ڕێسای جیاوازە. دڵدار لەوێش هەر شاعیرە و خاوەن چەندان بەرهەمی نوێ و خاوەن هەمان قەڵەمی بە بڕشت و هەڵوەدای دوای هەمان خۆشەویستی ئەستەم و مەحاڵە.

لە ژیانی ئەودیویشدا شـاعیر هـەر بە شـاعیر، دەمێنێ تا پیر دەبێ و دەبێتە منداڵ و بەو شـێـوەیە لەگـەڵ پێـچـەکانی ژیاندا دەگـەڕێ، بیست و شـەش سـاڵ لەمــەوبەریش قـەسـیـدەیەکم بە هەمـان هـەنـاسـە بۆ بۆریس باسـتـرناک ــی شاعیری ڕووسیا نووسیوە.

باسترناک وەکی سێبەرێک لە ڕووسیا نابێتەوە، هەرچەندە بەفر دەبارێ ئەو لەناو کلووەکاندایە و کە دەتوێتەوە شیعرەکانی ناسکتر دەردەکەون و سـیمای خەمباریان لەبەر هەتاودا جوانتر شەوق دەداتەوە.

ئەو کات کـە (شـەوی سارد)م نووسـی وەکی یۆری جیـفاکۆ قالبی ئایدۆلۆجـیا لە ناوەوەمـدا هـەرەسـی هێنا بوو، پێم وابـوو بەختـەوەری مرۆ لە ژیانێکدایە کە زیندوو بێ بەو هـێـزانەی بە ئازادی تێـیدا گـەشـە دەکـەن نەک بە زۆر بەسـەری

بسەپێنرێ و کۆت و پێوەندی بکا.

ڕووسیا دوای ئەو هەموو زوڵمەی لە ڕۆڵەکانی خۆی کرد وەکی باوکێکی دڵڕەق پەژیوان دەبێتەوە و لەسەر گڵکۆی ناودارەکانی فرمێسکی درشت دەڕێژێ.

دوای ئەو هەموو ساڵە لە بەستەڵەکی ستالینەیەت و جدانۆفیەتدا ئینجا دەرگەی ژەنگ گرتوو لە ئاست باسترناک دەکاتەوە و کۆی بەرهەمەکانی بە یازدە بەرگ چاپ دەکا و بە چاوی خۆشی دەبینێ چۆن لە ماوەیەکی کورتدا هەموو بەرگەکان لە کتێبخانەکاندا نامێنن.

هەقە دەسەڵاتداران دەرس و پەند لەو ڕووداوانە وەربگرن و هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوە کە کەسانی بەر لە خۆیان کردوویانە. (کەی. جی. بی) بردیەوە یا ئۆلگائینفسکایای ژنە خۆشەویست و سکرتێری باسترناک؟! لیژنەی ئاسایشی دەوڵەتی سۆڤیەت ئەرشیفی باسترناکی دەست بەسەرکردبوو، ئۆلگای برادەری باسترناکیشی حوکم دابوو کەچی...؟ لە ساڵی ١٩٨٨دا ئیعتباریان بۆ ئۆلگا گێڕایەوە و ئەرشیفی باسترناکیان تەسلیمی ئەو کردەوە.

ئێستا ئەو هەموو بەرهەمەی بۆریس باسترناک کە بریتین لە ڕۆمانی دوکتۆر جیفاکۆ و شیعر نووسین نامە لێکۆڵینەوە و دەستنووسی جۆراوجۆر هەموویان چاپکراون.

" دەنگەکە کپ بووەوە

سەرکەوتمە سەر سەکۆ

خۆم بە ڕۆخی دەرگەکە گرت

لە دوورەوە لەناو دەنگدانەوەکاندا

ئەوانەم هەڵگرتەوە

کە لە سەردەمی مندا ڕوو دەدن "

له کتێبی دوکتۆر جیفاکۆدا) ئێزگەی مۆسکۆ له کاتی هەڵبژاردنی بۆریس باسترناکدا بۆ خەڵاتی نۆبڵ له جیاتی ئەوەی هەواڵەکە بڵاو بکاتەوە و شاگەشکە بێ پێی، کەوتە هێرش و گومان دروستکردن: ئەرێ سەرمایەداری چی له سۆڤیەتی قەڵای سۆسیالیستی دەوێ؟ ئەو هەموو بەرەی شەڕە چییە له دژمان دەیکاتەوە؟ نۆبڵی ئەدەب بۆ باسترناک کردەوەیەکی سیاسییانەیە له دژی سۆڤیەت!! ئەگینا کەی باسترناک پەخشانووسە، ئەو وەرگێڕ و شاعیرێکی مامناوەندییە. دوا هێرشی کە کرایە سەر باسترناک لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە بوو، کاتێک وتیان باسترناک جولەکەیە بۆیە خەڵاتی نۆبڵیان داوەتێ، کەچی باسترناک ئەگەر چی جولەکە بوو، بەڵام چووبووە سەر ئاینی مەسیح و ڕووسییەکی مەسیحایی بوو. بەڵام دینی ئەو شیعر و داهێنان بوو ئەوانەی دەچنە سەر ئەو ئاینە بەکەڵکی هیچ جۆرە ئاینێکی تر نایێن. دین تخوب دانانە بۆ مرۆ کەچی ئەدەب بەرهەڵداکردنیەتی. باسترناک بە دە ساڵان دوکتۆر جیفاکۆی نووسی و دەستنووسەکەی بە دزی ناردە ئیتاڵیا و لەوێ چاپ کرا. ساڵی ١٩٥٦ هەڵبژێردرا بۆ نۆبڵ. بەڵام ئایا باسترناک هەر ئەو دەقەی هەبوو تا ڕاگەیاندنی سۆڤیەت وا باسی بکات، ١١ بەرگ بەرهەم باشترین وەڵامە بۆ ئەو قسە شاشانە. دوو ڕۆمان زۆر کاریان تێ کردووم، یەکیان ئەوەی باسترناک و هی تر (مۆبی دیک)ی هێرمن ملڤیل بوو. ئەو دوو ڕۆمانەم لە دوو سەردەمی جیاوازدا خوێندووەتەوە. یەکەمیان سیحرێکی وای لێ کردم کە لێی دەرباز نەبم، وەکی چۆن له (هەزار و یەکشەوە)دا دەبینی کەسێک سیحری لێ کراوە و ماوەیەکی زۆر بووەتە شتێکی تر، منیش تەواو کەوتبوومە ژێر کاریگەریی باسترناک و چووبوومە دنیای یۆری جیفاکۆوە کەچی دواتر کە (ئاخاب) بە سواری (موبی دیک) هات لەو سیحرە ڕزگار کردم و خستمیە قوڕگی نەهەنگی سپییەوە. باسترناک له دوکتۆر جیفاکۆدا بەدوای خۆشەویستییەکی مەحاڵدا دەگەڕا، سەرگەردان بوو لە نێوان ژنەکەی و لارای جوانکیلەی دڵداری. دوای مەرگی باسترناک له ١٩٦٠ ئاشکرا بوو کە ئەو(لارا)یە ئۆلگا بافنسکایایە کچە شۆخی تەمەن سی ساڵان کاتێک لەگەڵ

باسترناک به یەکجاری بەیەک گەیشتن سی ساڵیان فەرق بوو، کەچی ئەو کچە خۆشی ویست و بووە وەریسی بەرهەم و دەستنووسەکانی، ئەو ڕۆمانە هەستکردنێکی پێشوەخت بوو بە داهاتوو.

ئەو پێی وابوو شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا کارەساتێکی گەورەی بەدواوەیە و بەسەر سەری ڕۆشنبیرانی ڕووسیادا دەشێتەوە، بۆنکردنی ڕووداویش بەر لە ڕوودانی و ئەو پێشبینییانە هەر لە پێغەمبەر و شاعیران دەوەشێتەوە.

باسترناک هەر تەنیا شاعیر و نووسەر نەبوو، بگرە وەرگێڕێکی بەتواناش بوو، زۆر حەزی لە بەرهەمەکانی شێکسپیر بوو، بەتایبەتی هاملێت، قەسیدەیەکیشی هەیە بەناوی هاملێت کە ڕستەیەکی لەسەر کێلی گۆڕەکەی هەڵکەنراوە (ژیان پیاسە نییە لە باخچەیەکدا) ملڤیل بەم ڕستەیە دەست بە مۆبی دیک دەکا:

بەر لە چەند ساڵێک، کە بە تەواوی نازانم چەندە... هیچ شتێک لەسەر زەویدا نەما کە دڵمی پێ خۆش بێ، بۆیە وام بە بیر داهات کە ڕوو بکەمە دەریا و چەند کاتێک لەوێدا ڕابوێرم و ئەو بەشە ئاوییەی جیهان ببینم.

من شتێکی ئەوتۆم لەبارەی ئەو بەشەی جیهان نەدەزانی، ئاویشم هەر لە جۆگە و ڕووباران بە چاوی خۆم دیبوو، ئەگینا دەمزامی کە دوو بەشی جیهان ئاوە و بەشێکی زەوی، کەچی بوونەوەرانی ئەو بەشە دەسەڵاتیان بەسەر هەموویدا گرتووە و بەردەوامیش پەلاماری بوونەوەرانی ناو ئاو دەدەن. بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی (مۆبی دیک) دا ملڤیل بردمی تا لێواری بزربوون، کە لێ بوومەوە (وا بزانم لە ماوەی هەفتەیەکدا خوێندنەوەی ڕۆمانەکەم تەواو کرد) ئەو کات هەستم کرد ملڤێل بەتەنیا منی بە نهێنی دەریا و ئەو بەشە نەناساندووە بگرە لە ڕێی ڕەمزەکانی ئەو بەشە موعاناتی مرۆیەکی پێ ناساندم کە شەڕ لەگەڵ مەحاڵدا دەکا و بەدوای خۆشەویستییەکی ئەستەمدا وێڵە. ئەو وێڵبوونە هاوبەش بوو لە نێوان باسترناک و ملڤێلدا ئەمیان لارا و ئەوی تر لە نەهەنگی سپیدا..

ئێستا کە زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر یەکەم خوێندنەوەی ئەم دوو ڕۆمانە تێ پەڕیووە، خۆم زۆر بە قەرزاری ئەو دوو نووسەرە دەزانم و هەریەکە دەیان شتی جوانیان فێر کردووم، کە من ئەگەر هێزی داهێنان تێمدا فرە بووایە دەبوو زۆرتریان لەسەر بدوێم و کتێب و نامیلکەیانم لەسەر نووسیبان. پیاڵە ئەوەی تێیدایە دەرژێ نەک ئەوەی دەخوازرێ تێیدا بێ، بۆیە ئەو چۆرەی لە قەڵەمی مندایە هەر بەشی ئەو یەک دوو دەقە شیعرییە دەکات کە بۆ باسترناک و ملڤێلم نووسیوون و ویستوومە ئەو قەرزەیان بدەمەوە. جا چ قەیدی دەکا؟ ئەوان هەموو بەشەریان قەرزباری خۆیان کردووە و با منیش یەکێک بم لەو ملیۆنەهایە...

بردنادشۆ لەبارەی مۆبی دیک دەڵێ: لەوەتەی مرۆ دەزانێ بنووسێ چ کتێبی لەو جۆرە نەنووسراوە، هزری مرۆڤیش لەوە لاوازترە کتێبی وا بەرهەم بهێنێ، من نووسەرەکەی دەخەمە ئاستس رابلێ و سویفت و شێکسپیرەوە.

لەسەر کتێبی مۆبی دیکیش نووسراوە: ئەم ڕۆمانە باسی ململانێی مرۆ ناکات لەگەڵ سروشتدا، بگرە باسی ململانێی (مرۆیەک) تاکە مرۆیەک دەکا لەگەڵ سروشتدا. (ئاخاب) کە وا بەستەی تاکایەتی خۆیەتی لە هەوڵێکی بێ وچاندایە بۆ بوون بە خاوەندێتی گەردوون و خۆی بکا بە خاوەندێتی ڕاستی و ببێتە هاوشێوەی ڕەهایی.

لە دوا ڕستەی نووسیندا بووم کە بە تەلەفۆن لە هەولێرەوە مەرگی ناوادەی ئەنوەر مەسیفی شاعیریان پێ ڕاگەیاندم.

قەڵەم لە شوێنی خۆی وەستا و جێی بۆ فرمێسک چۆڵ کرد.

# تەنیا لە دەوری مۆمدا

مــۆم لـە شـــەمێ دروسـت دەكـرێ، ئەو بـەنەی لە نـاویدا دەســـووتـێ و جــۆرە ڕووناكـییـەک لە دەوری خـۆیدا پەخش دەكـا، مـرۆڤ دەخـاتە بـارێكی دەروونی ئێـجگار ئەفسـووناوییـەوە. هەناوی مۆم پڕە لـە گەرمـایـی بۆیە كە دەتوێتـەوە شـێوەی دەمـوچاوێک دەنوێنێ كـە فرمـێسكەكانی بەرد كـون دەكـا، جـا چۆن هەناوی مرۆ ناكاتە سەرەند و بێژنگ.

ئـایـا ڕووبەری ڕووناكـی مـۆم كـزە بـۆیە ســەرنجی ئێـمــە لـە دەوری خـۆی دەئاڵێنێ و هێندە لە خـۆی نزیكمان دەخـاتەوە تا ئەو ئەندازەیەی تەواو تێكەڵی دەبین و تەنیـا خـۆمـان و شـەپۆلە كزەكانی ڕووناهیی ئەو دەمـێنێتـەوە و باقی دەبێتە تۆز و گەردی سەر ڕووی بوون.

چەند نـووسـینێكم لەبارەی مـۆم خـوێندووەتـەوە، هـەندێ شـیـعـری حـافـزی شیرازی هەن كە باسـی ئەو هەسته قـووڵە دەكەن كە لە ئاست توانەوەی مۆمدا دەریان دەبڕێ. نووســەری فـەرەنسـایی گاسـتـۆن باشلار لە وتارێكدا بەناوی (تەنیـایـیی خــەون بینینـی مـۆم) هێندەی تر ئەو جـیـهـانە بچـووكە لای گـەورە نیشـان دەدا لەبەر  لێكدانەوەكانیدا.

پێشتـر كتێبی (جـوانكاریـیەكـانی شـوێن) و (شـیكردنەوەی دەروونناسـی بۆ ئاگـر)م خـوێندبووەوە. ئەو دوو كـتـێـبـە هـێنده كـاریان تێ كـردم كـە نەتوانم دەستبەرداری خوێندنەوەی ئەو نووسـەرە بم تا مـاوم. كتێبی جوانكارییـەكانی (شــوێن) خـۆی لە خـۆیدا شـۆڕشـێكی گـەورە بوو لـە لێكدانەوەی فـیكری و ئەدەبیدا، هـەندێ لە نووسـەران بە شـۆڕشی كـۆپرنیكی دەشـوبهـێنن لە بواری جواناسیدا. ئەو كتێبە سەرلەنوێ بایەخی تایبەتمەندیی ناوچەیی لە بەرامبەر

جیهانیبوونی ئەدەبی هێنایەوە سەر ڕاستە ڕێگە، ئەوەیش لە ڕێی دۆزینەوەی نادیارییەکانی جوانی لە شوێندا. مەبەستی باشلار لە شوێن ئەو جیگەیەیە کە ئولفەتمان پێوەی گرتووە هەر لەو ماڵەی کە تێیدا لەدایک بووین، ماڵی منداڵی تا هێلانەی جیهان و پێی وابوو شوێن دیاردەیەکی ئەندازەیی نییە بگرە دینامیکیەتی بەرزبوونەوەیە، واتە شتێک نییە بێ زات. باشلار مامۆستای زانکۆی سۆربۆن بوو، بەڵام شێوەی نووسینی هێندە دوور بوو لە زمانی ئەکادیمی وشک تا ئەو ئاستەی تەواو نزیک بووبووە لە زمانی شیعر. ڕەگی لادێی ئەو و ئەزموونە گەرم و گوڕەکانی بووبوونە هۆی خوڵقاندنی ئەو زمانە لەلای.

ناسینەوەی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا بایەخی بێ ئەندازەیە و ئەویش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەدەب لە جۆرە پووچەیەک ڕزگاری بێ کە هەڕەشە لە زیندوویەتییەکەی دەکا. شوێن دژ نییە، بگرە دڵنیاکەرەوە و ئیلهامبەخشە بە هێلانەشەوە کە ماڵی فڕندە و مەلانە.

ناوی کتێبەکانی باشلار ئەو مانایانەمان لادەچەسپێنن: ئاو و خەونەکان، هەوا و خاوبوونەوە، زەوی و خەونی پشوودان، جگە لەو کتێبانەی پێشتر ناوم هێنان، ئەوانە باشلاریان لە زانای بواری زانست و ئەقڵ گواستەوە بۆ دنیای ئەندێشە و شیعر.

لە تەنیاییی خەونبینینی (مۆم)دا باشلار دەڵێ: گڕی مۆم خەونەکانی یادەوەری ڕادەکێشێ و دەیگێڕێتەوە بۆ لامان، لە یادە دوورەکانماندا، هەڵوێست و شەونخوونییەکانمان دێنێتەوە یاد. ئەو قسەیەکی شتنبێرگ دێنێتەوە کە دەڵێ، مرۆڤ پێویستی بە هاوەڵ هەیە، لەو کاتەشدا کە لە دوورەپەرێزیدا خەون دەبینێ، هەست بە تەنیاییی خۆی دەکا، بەڵام کەمتر ئەو هەستەی دەبێ لە بەرامبەر مۆمی داگیرساودا.

ئەو بەراورد لە نێوان گڕی مۆم و ئاگری ناو ئاگردان دەکا، ئەوەی لە بەرانبەر ئاگردان دادەنیشێ، دەتوانێ لە ڕێی هەندێ دار و چیلکەوە

بەشـداریی بکا لە خـۆشـکردنی ئاگـرەکـە، بـۆیە کـبـریایـەکی پرۆمنیـتـۆسی دایدەگریێ، کەچی مۆم بە تـەنیا دەسـووتێ و پێویسـتی بەکەس نییە خـزمـەتی بکا و خۆشی بکا و یا خۆڵەمێشی فڕێ بدا.

ئەو جییـاوازییە لـە نێـوان کەسـایەتی خـەونـئـامـێـزی ئاگری ناو ئاگردان و ئاگری مـۆم کە ناوی دەنێ، زەمـەنی (مۆمە کۆنەکان) کە فـرمێسکی شاردراوە بە درێژاییی کەناڵەکانی فرمێسک تێیدا دێنە خوار.

نازانم چ حـیکمـەتێک لە پشت خـەیاڵی بەدیع باباجاندا بووە کاتێک لەناو وێنەی هـەمـوو شـاعـیـرانی کـورددا کـە بـە پەڕەمـووچەی ئەو نەخـشـێنراون، نیگاری مـەولەوی لە بەردەم مۆمـدا دروست کردووە، یا ئەوەتا مـۆمی لە بەردەم مـەولـەویدا دروست کـردووە بۆ ئەوەی درێژە بـەو خـەونە بدا، کـە مـەولەوی لە یادەوەری ئێمەدا جێی هێشتووە.

ئەو نهێنییەی لە مۆمدایە بەشەری تەواو گیرۆدەی خـۆی کردووە، ئەویش بۆ ئەوەی خـەونە خـەفـەبووەکانی ناو یادەوەری ڕەنگاڵەیی بێ، مۆمی بە جۆرەها ڕەنگ دروست کردووە.

بەژداربـوونی ڕەنگ لە تەنیـاییی مـۆمـدا ئـارامی زیاتر بەخـشـیـوە بە تەشـقـەکانی، وەکو چۆن ڕەنگی دیوار و پەردە و چەرچەف و بالیف و... هتد دەبنە هـۆکـاری پشـوودان و خـاوبوونەوە لـە ژوورەکـانمـاندا. ڕەنگ یەکێکە لە داهێنانە مـەزنەکـانی مـرۆڤ، ئەگـەر باڵندەش ئـەو هێـزەی هـەبووایـە، ئەویش هێلانەکـانی خـۆی بەو ڕەنگانە ڕەنگ دەکـرد کە بیـانپـارێزێ و ئارامـیـیان پێ ببەخشێ لە دارستاندا.

## مەرگی شاعیران

گەڕانەوە بۆ ماڵی منداڵی خەونی هەمیشەیی زۆربەی شاعیرانە، ئەوانەی ئاگری شەڕ و ئاشووب و زۆرداری بەردەرگەی لێ گرتن و ئەوانیش بە ناچاری لە دەرگە بچووکەکانی پشتەوە هەڵاتن و دوور کەوتنەوە، بەڵام ڕوویان هەر لەو شوێنە بووە کە لێیەوە هاتنە دەرێ. ئاخ لەبەر دڵڕەقی وڵات لە ئاست ڕۆڵە مەرگی جیسواف میووشی شاعیری پۆڵەندی جارێکی تر ئەو حیکمەتەی لە تابلۆی سەر دەرگای بەهەشتی (دانتی)دا سەرلەنوێ تۆمار کرد.

میووش دوای تەمەنێکی پڕ لە دەردەسەری و ڕاکە ڕاکە و خۆشاردنەوە لە ترسی دەسەڵاتی شمولی، لە ٩٣ ساڵیدا لە شاری کراکۆفی خوارووی پۆڵەندا ماڵئاوایی لێ کردین. ئەو شاعیرە ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی نۆبلی وەرگرت، بەداخەوە تا ئێستاش لەلای ئێمە باش نەناسراوە، جا ئێمە کێ دەناسین؟ چ پەکمان بە ناسینی ئەو جۆرە کەسانەیە، مادامەکی دەزانین تفەنگ چۆن دەتەقێنرێ و سەنگەر چۆن دروست دەکرێ! های لەو ژیانە ناقۆڵایە لە چەرخی بیست و یەکەمدا.

جارێکی تر لە شوێنێکی تر لە باسی شاعیری ئیرلەندی ییتس دا نووسیبووم، ئەفراندن چەکێکی ئێجگار کاریگەرە بۆ بەرگری لە مانەوە و سەربەرزی میللەتان. ئەوسا هێندێ لەوانەی خۆیان بە شاعیری سەنگەر دەزانی، ئەو قسەیەیان قبووڵ نەبوو، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە ڕێگەی ئەفراندن هەر ئەوە نییە دەمانگەیەنێتە کەناری مانەوە، بگرە فێری ژیانی ئاسایشمان دەکا و لە هەست بە کەمی و دواکەوتوویمان دوور دەخاتەوە.

میووش یەکێک بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی دەسەڵاتی شمولی لە

پۆڵەندا، ئەگەر چی سەرەتا یەکێک بوو لە کۆمۆنیستەکان، کەچی دواتر وازی لێ هێنا و ساڵی ١٩٥١ چووە فەرەنسا و پاشان لە ١٩٦٠ دا چووە ئەمریکا و ئینجا کە بارودۆخی وڵاتەکەی گۆڕا ساڵی ١٩٨٩ گەڕایەوە تا لەوێدا دوا جار ماڵئاوایی لە شیعردۆست و هاوڕێیانی کرد.

من خۆم هیچی تریم نەخوێندووەتەوە جگە لە چەند شیعرێکی ئەو شاعیرە کە وەرگێراونەتە سەر زمانی عەرەبی لە دوو تۆیی کتێبێکدا لێرە و لەوێ هەندێ وتار و شیعرم دیوە و هیچی تر نا. شاعیری عێراقی (هاتف ئەلجەنابی) بە " باڵندە هەڵدان "ی میووشی کردووەتە عەرەبی و بەم دواییەش جومانە حەداد قەسیدەیەکی درێژی ئەو شاعیرەی کردووەتە عەرەبی و لە پاشکۆ ئەدەبییەکەی ڕۆژنامەی (النهار)ی بەیرووتی بڵاوی کردووەتەوە، من خۆم هەر هێندە شیعری ئەو شاعیرەم دیوە. کتێبەکانی زۆرن هەندێکیان برێتین لە:

ڕووناکی ڕۆژانە (١٩٥٣)، ئاوەزی بەندکراو (١٩٥٣) کە لێکۆڵینەوەیە، دەسەڵات و وەرگرتن (١٩٥٣) لێکۆڵینەوە، سرووودی مرواری (١٩٦٣) لایەکانی تر (١٩٩١) ئەوروپای تر (١٩٦٣)، لە کەنار ڕووباری ئەلیسا (ڕۆمان). ئەو کە لە پۆڵەندا بوو لەگەڵ بزووتنەوەی هاوکاری کرێکاران کاری دەکرد، کە چووە ئەمەریکاش بووە مامۆستای ئەدەبی سلاڤی لە زانکۆی بێرکلی لە کالیفۆرنیا بۆ ماوەی بیست ساڵان وانەی تێدا وتووەتەوە ٣٥ ساڵی دەربەردەری میووشی هێندە قاڵ کردەوە گەیاندییە پایەی هەرە مەزنەکان لە ئەدەبدا وەکو جۆزیف بردۆسکی پێی دەڵێ: " هەرە مەزن ". شیعرەکانی میووش سروشتێکی مۆرالی بەرزی سەدەی بیستەمیان هەیە، ئەو سەدەیەی پڕاوپڕ بوو لە ئاژاوە و نائارامی. کەچی شیعرەکانی ئەو پاراو و بێ گرێ و بێ ئاڵۆزین هەرچەندە تێشیاندا هەیە کە شیعری ئاوەز و فەلسەفەشن، بەڵام هیچ لە شیعرەکانی نەکەوتوونەتە خۆڕایی یا خیتابی ڕاستەوخۆوە.

ئەوە کۆتایی دنیایە، لەوە بترازێ چ کۆتاییەکی تری نییە، هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە خۆی لە خۆیدا مەعنا و مەغزایەکی تراجیدیایی هەیە. ئەمەی

خوارەوە چەند برگەیەکن لەو شیعرەی:

جیسواف میووش لە حوزەیرانی ١٩١١ لەدایک بووە و لە ئابی ٢٠٠٤دا کۆچی دوایی کرد. خواستی ئەو دیتنی ئەوروپایەک بوو گەورەتر لەوەی خۆرئاواییەکان دەیانبینی، ناساندنی ئەوروپا بە ئەوروپاییەکان. "ئەو خەڵکە هەژارەکەی ئەوروپا بوو، لە خۆرهەڵاتی ئەوروپاوە هاتووە دنیای سەرسام کردووە بە بۆچوونەکانی". کۆوارێکی بەناوی ئەوروپایەکی تر دەرکردووە لەسەر وتارێکیدا نووسیوویەتی ئەو کۆوارە بۆ منداڵانی ئەوروپایە! ئاین یەکێکە لە کۆڵەگە گرینگەکانی بیرکردنەوە و نووسینی میووش. هەر لە منداڵییەوە پەروەردەی دەستی کاسۆلیکیەت بووە. ماوەیەکی ژیانی لاویەتی نزیک بووە لە چەپە مرۆڤدۆستەکان و ترسی لە نەتەوەخوازە تاریکەکان هەبووە. دیوانی " سێ زستان " یەکەم هەوڵی ناساندنی بووە لە دنیای ئەدەبی پۆڵەندا، ساڵی ١٩٥٨ کتێبی (خاکی ئۆرلۆ)ی دەرکردووە کە برێتییە لە بیرەوەرە ڕۆشنبیرییەکانی خۆی، ماوەیەک لە بواری دیپلۆماسی بۆ خزمەتی سیستەمی حوکمی نوێی شیوعییەکان کاری کردووە و پاشان لێی جیا بووەتەوە، لە کتێبی نامە ئەخلاقییەکان (١٩٤٨) باسی ئەو قەیران و گرفتانە دەکا کە ناخیان هەژاندووە بۆ دەربازبوون لە زیندانی شیوعییەت. لە پاریس ئەراگۆن و ئێلوار و ئەلبێر کامۆی ناسیوە.

لە کتێبی " ئاوەزی دیل " دا باسی ئەو پاشکۆیەی ئەنتلیگنسیای ئەوروپای خۆرهەڵاتی کردووە بۆ سیستەمی تۆتالیتاری و بە خیانەتی ڕۆشنبیرانی ناوزەد کردووە. یەکێک لە خاسیەتە گرینگەکانی کەسایەتی میووش ئەوەیە بە زمانی پۆڵەندی نووسیویەتی، ئەگەرچی زۆر زمانی تریشی زانیوە.

(ئەوەی وتوومە کەمە و
ڕۆژەکانیشم کورتن.
کورتبوون ڕۆژەکان
هەروەها شەوەکان و ساڵانیش

کەمن، ئەوانەی وتوومن
نەمتوانی بگەمە ئەوان.
دڵم هیلاک بوو
لەبەر خۆشی زۆر و
بێهوودەیی و
حەماس و
هیوا.
لچەکانی لۆیاتان
لەسەرم داخران
منیش بە ڕووتی لە کەناردا درێژ بووم
دوورگەی خاڵی
***
خۆشەویستی بە واتای فێربوونە
بۆ تەماشاکردنی خۆ
وەکو چۆن مرۆ تەماشای شتی دوور دەکا
فێربوونە کە تۆ خۆت یەکێکی
تەنیا یەکێک
نەک زیاتر لەناو زۆران.
ئەوەی بتوانێ بەو شێوەیە ببینێ
بێ ئەوەی پێ بزانێ
دڵی تیمار دەکا
لە نەخۆشی زۆری بێ ئەژمار.
چۆلەکە و درەخت بانگی دەکەن:
" ئەی هاوڕێ "

به جۆرێک که پێگەیینی لێ بدرەوشێتەوە.
مەرج نییە مرۆ بزانێ خزمەتی چی دەکا:
باشترین خزمەتکار ئەو کەسەیە
که له کاروباران تێ نەگا.
بە گالیسکەیەک سەفەرمان کرد لە بەیانیدا بەناو ئەو کێڵگانەدا تێپەڕین
که بەفر دای پۆشیبوون
کاتێ باڵی سوور
باڵێکی سوور بریسکایەوە له تاریکیدا.
له ناکاو کەروێشکێکی کێوی ڕێگەی بڕی
یەکێکمان بە پەنجه هێمای بۆ کرد.
ئەوە لە کاتێکی پێشتر ئێجگار پێشتر ڕوو بدا.
ئەمڕۆ هیچ لەوان زیندوو نین:
نە کەروێشکی کێوی و نە ئەو مرۆیەی هێمای بۆ کرد.)
میووش خۆشی زیندوو نییە کە ئێستا کەسێک لەوسەری دنیای پڕ تووندوتیژیدا بە دوای پەنایەکدا وێڵە
له شیعرە سەراسیمەکانی ئەودا.
هەورە سپییەکان ئامادە نەبوون پێشوازیمان بکەن
با بە زیارەتی دەریاوە خەریک بوو
دەریا دوای دەریا و،
نەمانتوانی سەرنجی ئاژەڵانیش ڕابکێشین.
هیوای سەگەکان بە فیڕۆ چوو لە چاوەڕوانی بڕیارێکدا
بەڵام پشیلە ناشیرینەکە وەکو پێی ڕاهاتبوو
لەبەردەمماندا لە خەوێ نقووم بوو
کەنیساکان؟ بەڵێ. ڕەنگبێ کەنیساکان.

بەڵام دان بە چیدا بنێین تێیاندا؟
بەوەی کە ئێمە وامان مەزەندە دەکرد کە خۆمان
کەسانی ڕێک و بەڕێزین
تا ئەو کاتەی کەسێکی پووچ و شەڕانگێز
ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ڕێیەکەی ئێمە وەستا
پێڵووی قورسی بە ئاستەم کردەوە
ئەو کات بە ڕوونی بینیمان و وتمان:
ئەوە منم
ئێوە ئەی ئەوانەی نەمتوانی ڕزگارتان بکەم
گوێم بۆ ڕادێرن.
هەوڵ بدەن ئەو قسە سادەیەم تێ بگەن
چونکە جگە لەو قسەیە هەر قسەیەکی تر شەرمەزارم دەکا.
سوێندتان بۆ دەخۆم کە من یاری بە وشەکان ناکەم:
بە بێدەگی قسەتان بۆ دەکەم
لە شێوەی هەورێک یا درەختێک
ئەوەی هێزی بە من بەخشی
ئەوە بوو کە ئێوەی لەناو برد
لێرە ئالێرەیە دۆڵی ڕووبارە باریکەکانی پۆڵەندا
ئەوە پردە گەورەکەیە کە تەمومژی سپی هەڵی دەلووشێ
ئەوە شکاوەکەتانە و
بایش هاواری نەورەسەکان دەڕژێنێتە سەر گۆڕەکانتان
ئەو کاتەی من قسەتان بۆ دەکەم.
ئەو شیعرە چییە کە ڕزگارکەر نییە
گەل و میللەتان ڕزگار ناکا؟

ئەوەیە کە سازش لەگەڵ درۆ ڕەسمییەکان دەکا
گۆرانی سەرخۆشەکانە ئەوانەی پاش کەمێکی تر ملیان پەل دەدرێ
خوێندنەوەیە لە بەرامبەر کچانی زانکۆ
من خۆم دایە پاڵ شیعری باش بێ ئەوەی پێ بزانم
لەوێدا ئامانجە ڕزگارکەرەکەییم بە درەنگی دۆزییەوە:
لەودا بە تەنیا لەودا ڕزگاربوونی خۆم دەبینم.

# خەشخاش و بیرەوەری

نووسین جگە لەوەی خووگرتنە بە سیحری وشە، خۆی لە خۆیشدا خووگرتنە بە تەشقێکەوە. ماوەیەک خولیای ئەو جۆرە نووسینانە بووم کە لەژێر کاریگەریی تلیاک و بەنگ نووسرابوون لەوانە حەزم لە ڕۆمانەکانی ئەلدۆس هکسلی بوو. نووسین و بۆچوونەکانی کۆلن ولسن کاریگەریی خۆیان هەبوو لەم ڕووەوە. ژیان و ڕەوتی بیرکردنەوە و نووسینی ئەلدۆس هکسلی جێگەی بایەخ و سەرنجدانە. گەشتی ژیانی نووسەرێکە لە نێوان دنیا تاریکە نووتکەکانەوە تا بەرزاییە ڕووناک و ئارامەکان، لە عەدەمەوە بەرە و فیکری تەسەوف لە خەیاڵی درۆزنەوە تا ڕەنگاڵەیی واقیع. هێندە نووسینی ئەو ڕۆماننووسەم لە لا خۆشەویست بوو، کە لە کۆڕەوی ساڵی نەوەد و یەکدا دوو کتێبم لەگەڵ خۆمدا بردبووە ئەو کێوانە، یەکەمیان عەهدی کەون و نوێ (تەورات _ ئینجیل) ئەوەی تر کتێبێکی ئەلدۆس هکسلی بوو. شەوێکیان لە ناڵپارێزی نزیک پێنجوین، لەبەر لێزمەی باران و لەبەر هەڕەشەی برسێتی ئەو کتێبەم سووتاند بۆ ئەوەی ئەو دوو سێ هێلکەیە بکوڵێنم بۆ ئەوەی دەرخواردی منداڵەکانمی بدەم، بە داخەوە ئەو کتێبە هەر توانی هێلکەکان بکاتە دەڵەمە و چیی تر نا. تاوانی سووتاندنی کتێب هەر لە مەکارشییەکانەوە تا ئەوەی من لێخۆشبوونی نییە. گۆڕینەوەی نان بە کتێب گوناهێکی گەورەیە و زۆرجاران خاوەنی کتێب لێی تاوانبار نین. ئەوانە زاڵم و بێ ویژدانن کە نانیان بەدەستەوە پەڕەسێلکەکانی نووسینی لێ بەبەش دەکەن، بەڵام سووتاندنی کتێب کارێکی ئەوەندە ئەستەمە زۆر زەحمەتە مرۆ بیانووی بۆ بدۆزێتەوە. (خەشخاش و بیرەوەری) ناوی بەرهەمێکی شاعیری ئەڵمانی پۆل

سـیـلانە. کـە زیاتر لە سی سـاڵ بەر لە ئێـسـتـا مـردووە. زۆر حـەزم دەکـرد بەرهەمـی ئەو شـاعـیـرانە بخـوێنمـەوە کـە دوای شـەڕی دووەمـی جیـهـانی لە ئەڵمـانیـا ژیاون. لە یەکێک لە سـایتـەکاندا ناوی پاول تسـیـلانم بەرچاو کـەوت، نازانم ئەڵمـانیـیـەکـان چۆن ناوی تسـیـلان دێن و چۆنی دەیخـوێننـەوە، ئایا تسـیـلانە یا سـیـلان؟! بـەهـەرحـاڵ ئـەوەیان گـرفت نـیـیـە بۆ منێکی هـەزاران کـیلۆمـەتر دوور لـە وڵاتی ئـەودا. سـیـلان سـاڵی ١٩٢٠ لە گـوندێکی ڕۆمـانیـا لەدایک بووە و سـاڵی ١٩٤٨ چووەتە پاریس و لە وێش سـاڵی ١٩٧٠ خـۆی کـوشـتـووە و بە یەکـێک لە شـاعـیـرە هەرە دیارەکان دەژمـێـردرێ لەوانەی بە زمـانی ئەڵمـانیـایی نووسـیـوویانە. لـە شـیـعـرەکـانی سـیـلاندا سـیـمـایەکی سـوریـالیـانە لە دەربڕیندا دەردەکـەوێ کە تێکەڵە لەگـەڵ فـەلسـەفـەی ڕۆهـەڵات بەتایبـەتیش ئەزمـوونی بووزاییـیـانە. بەرد بەردە، کـەچی لەلای سـیـلان بەرد چاوە، زەمـــەنە، ڕووناکـیـی بایە، تەوێڵـــە، زارە... ڕســـتـــە و دەســـتــەواژە شـیـعـرییـەکـانی سـیـلان ئـەگـەرچی ئاڵۆزن بەڵام هێندە گـیـر و بزر نین نەیدۆزینەوە.

وەکو دەریا لە تریفـەی مـانگی خـوێناویدا، مـردوو هـەناسـە دەدات، گـەمێ لە گوڵەگەنمدا، بۆ دۆزینـەوەی دەمـی خـۆت سـەر زاری من مـەگـەڕێ، کـاتی ئـەوەش هـاتووە بەردیش گـوڵ بگرێ، لە چاوگـەی چاوەکـاندا دەریا پـەیمانی خـۆی دەهێنێـتـە جـێ، من تـۆم کـە خـۆمم.. لە نێـوان سـیـلان و هکسلیـدا جـۆرە لە یەکـچـوونێکی ڕوحـی هـەیە بـۆ پاکـژبوونەوە لە چاوگـەکـانی خـۆرهـەڵاتدا، خۆرهـەڵات نەک وەک جوگرافیا و شوێن، بگرە وەکو ڕوح و ئاین و تەسـەوف.

لە شـــەودا لەشـت ڕەش هەڵدەگـەڕێ، لـەبەر تـای خـواوەند: دەمم پرشـنگ دەهاوێ لە دەوری کوڵمەکانتدا.

ئەوەی سـیـلان سـەرلەنوێی پێـداچوونەوەیە بـەو ڕەوتەی گـوتێ لە دیوانی ڕۆهـەڵات هیی شـاعیرێکی ڕۆژئاوایی نووسـیوویەتی:

"ڕووناکی خۆشەویستی"

ڕەبەنەکان بە پەنجەی
مووداریان کتێبیان کردەوە:
ئەیلوول.
یاسون ئێستا بەفر لەو تۆوە
دەگرێ کە ڕوواوە
ملوانکەیەک لە دەست
دارستانیان دایتێ
بەو شێوەیە بە مردوویی بەسەر پەتەکەدا ڕۆیشتی.
بەشێک لە قژت شین دەبێ
شینەکی تۆخ
منیش باسی خۆشەویستی
دەکەم بۆت
وەکو گوێ شەیتانۆکە قسە دەکەم و
وەک تەنکە هەورێک
گەمێیەک لەژێر باراندا چرۆ دەردەکا
جووانوویەک لەسەر پەنجە گەڵا
گرتووەکان ڕادەکا
ڕەشاتییەک دەرگە دەکاتەوە
من گۆرانی دەچڕم:
چۆن لێرە ژیاوین؟
دەست پڕە لە کاتژمێرەکان
بەو شێوەیە هاتیتە لام من وتم:
قژت ڕەشباو نییە
بەو شێوەیە بەرزت کردووەتەوە

لە تەرازووی خەمدا
لە من قورستر بوو...
بەسەر پشتی پاپۆڕەوە دێنە لام
باری دەکەن
لە بازاڕەکانی ئارەزوودا بۆ
فرۆشتن نیشانی دەدەن
تۆ لە ناخەوە بزەم تێ دەگری
من لە توێکڵدا بۆت دەگریم
توێکڵێک کە بەتەنکی دەمێنێتەوە
من دەگریم: قژت تۆخ نییە،
ئاوی دەریات نیشان دەدەن
تۆش تا چەند تاڵێکیان
دەدەیتێ لەو قژە
تۆ دەچرپێنی: دنیام بۆ پڕ دەکەن
من ڕاڕەوێکی باریک لە دڵدا دەهێڵمەوە بۆ تۆ!
تۆ دەڵێی گەڵای ساڵەکان
بخەرە لاوە، کاتی ئەوە
هاتووە بێی و ماچم بکەی.
گەڵای ساڵەکان ڕەشتاڵەن،
بەڵام قژت.

تێبینی: (خالد المعالی) ئەم قەسیدە و ژمارەیەکی شیعری تری سیلان–ی کردووەتە عەرەبی و لە گۆڤاری –الکرمل –دا بڵاویانی کردووەتەوە و دواتر کردی بە کتێبێک بە ناوی " بیستم یەکێک دەیوت ".

# لاواندنەوەی ئیغنیاسیۆ

## سانشیز میخیاس

فیدیریکۆ گارسیا لۆرکا (١٨٩٨ – ١٩٣٦) یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارەکانی سەدەی بیستەم. لە ئەدەبی ئیسپانیادا دەیان شاعیر و نووسەری گەورە هەڵکەوتوون، سیزماتیس و لۆرکا لە هەموویان زیاتر دەرکەوتوون، لەناو شیعرەکانی لۆرکادا شیعری لووتکە زۆرن، بەڵام لووتکەی هەرە بڵندی شیعرەکانی، ئەو لاواندنەوەیەکە بۆ پاڵەوانی کێبڕکێ لەگەڵ گادای نووسیووە. ئەو قەسیدەیە کە برێتییە لە چەندان پەرەگرافی شیعری لەژێر چەند ناونیشانی جودادا لەوانە: برین و مەرگ، خوێنی ڕژاو، ئامادەیی جەستە، ئاوابوونی ڕوح.

لە هەر بەشێک لەو بەشانەشدا چەند ڕستەی شیعری سەرەتایی هەیە کە خوێنی چووەتە ناو وێنە و ڕستەکانی تری دوای خۆیەوە لەوانە:

(لە پێنجی دوای نیوەڕۆدا ڕێک پێنجی دوای نیوەڕۆ...) (نامەوێ خوێنی ببینم) (چونکە تۆ تا ئەبەد مردی.) (نامەوێ بیبینم)

میخیاس برادەری لۆرکا بوو لە ڕکەبەریدا لەگەڵ گا بریندا بوو، تووشی گانگرین بوو ڕۆژی دواتر مرد. لۆرکا نەچووە نەخۆشخانە، نەیویست بیبینێ، جا کوا شاعیر پێویستی بەبینین هەیە بۆ نووسینی دەق. هەندێ جار نەبینینی ئەو ڕووداوانە سیحری ئەفراندن باشتر دەجوڵێنێ. لە دەروونا میخیاس جگە لەوەی پاڵەوان بوو سەماکەرێکی چاکی سەمای فلامنکۆ بوو. درامای دەنووسی و تێکەڵی هەوا ئەدەبییەکانی ئیسپانیاش بوو. لە مانگی

ئابدا قـۆچی گـایەک پێکای، گـارەشـێکی ئیـسـپـانیـا. مـن لە خـوێندنەوەی لاواندنەوەکـەی مـیـخـیـاسدا وام دێتـە بەرچـاو کە لۆرکـا بۆنی مـەرگی خـۆی کـردبێ، ئەو لاواندنەوە بەشێکی بۆ میـخیاس و ئەوەی تر بۆ خۆی بێ، مـەرگی خـۆی کـە لە بـەرەبەیانی ڕۆژێکی تـەمـووزدا بەر قـۆچی گـای ڕەشـی فـاشـیـەت کەوتوو فیدیریکۆیان کوشت.

"ئیـغنیـاسـیـۆ بە پەیژەکاندا سـەردەکەوێ مـردنی خۆشـی خـسـتـووەتە سـەر شانی..."

"چ جۆرە چیایەک بوو

چەند نەرموونیان بوو لەگەڵ گوڵەگەنمدا"

کەچی ئێستا نووستووە چ نووستنێکی سەردەمی تا هەتا"

"ئەوە قەوزە و گیا و گوڵن کە لە پەنجەی دڵنیا گوللە کەللەی دەکەنەوە."

"ئەوە خوێنەکەی ئەوە چریەی دێ: لە زۆنگاو و دەشتەکاندا"

"ئای ئەی دیواری سپی ئیسپانیا!

ئای ئەی گای ڕەشی ئازار

ئای ئەی خوێنی گرانی ئیغنیاسیۆ!

ئای ئەی شالووری دەمارەکانی..."

"بە مانگ بڵێن با بێ

نامەوێ خوێن ببینم..."

"میرێک بوو میری وا نەبوو لە هەموو ئەشبیلیا".

چەندی وەکی ئیـغنیـاسـیـۆ مـردوون و چاوەڕێ پەڕەمـووچەی شـیـعـری شاعیرێک دەکەن، خوێنیـان بکاتە پەلکەزێڕینە بۆ ئاسمانی باراناوی و زامیان بکاتە مەڵبەندی خۆر بۆ ڕووناکی و گەرمبوونەوە.

کـوا پەڕەمـووچەی ڕەنگرێژی پیکاسـۆیەک (سـەری گـا) ببـڕێ و بینـێ بە

تابلۆکانییەوە، دەنگی بێ ڕەنگی ڕەش، دەنگی بێ ڕەنگی خوێن، دەنگی بێ مردن.

کوا کارگەی شەوڕەنگ بە ڕۆژ و بەشەو کار بکا و بۆنی هەشت ڕۆژەرێیەک بڕوا، هۆش بخورێ بە لێوان، شیعر بچنێ پەنجەی گوڵ پەنجەی ئاو، بڕژێ مۆسیقا لەناو بەرد و چیلکە و بە دیواردا بێتە خوار چلوورەکانی؟

کوا قەرەجێک لە توخمی میر و میرێکی بە ڕەگەز قەرەج؟

کوا شیعرێکی گەردوون لە شێوەی گەڕەک و شیعرێکی میللی لە گەورەی گەردوون بێ و پەرت بێ لە بەینی دەمار و بن پێست و پێڵوی چاو هەڵگرێ تا ئەوپەڕی بوون کوانێ؟

# شیعرکە بڵاوکرایەوە موڵکی کێیە؟

شاعیران هەریەکەو جیهانێکی سەربەخۆن، هەریەکەیان لە کەش و هەوایەکدا دەنووسێ و ریتم و رەزمێکی تایبەتیشی هەیە لە ڕەفتارکردن لەگەڵ فرزەندە شیعرییەکانیدا. هەن هەتا ماون بە ڕەوای دەزانن گۆڕانیان تێدا بکەن و دەستکاری گەورە و بچووکی قەسیدەکان بکەن، ئەنجام وەکو بۆدلێر لە هەموو ژیانیدا تاکە دیوانێکی پوختی لە دوا بەجێ دەمێنێ، هیواش هەیە چەندان دیوان، بەڵام لەناو هەموو ئەو دیوانەشدا جگە لە ژمارەیەکی دیاریکراو کە وەکو بەرهەمی نەمر دەمێننەوە. ئەوانی تر دەبنە خاپەڕۆکی داهێنانی ئەو کەسە و زەمەن ئەوەندە تۆز و خۆڵیان دەرژێنێتە سەر بەزەحمەت دیار دەکەونەوە. دانتی کە یەکێکە لە داهێنەرە هەرە مەزنەکانی بەشەر کەچی تەنیا کۆمیدیاکەی لەناو هزر و ئەندێشەی مرۆڤدا جێگیر بووە، ئەوەی تری کە نووسیویەتی شتێکی ئەوتۆیمان لەبیر نەماوە.

ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانەم کاتێک بەخەیاڵدا هات کە هەواڵی چاپکردنەوە دیوانەکانی شاعیری ئینگلیزی ستیڤن سپندەرم خوێندەوە. سپندەر تا لە ژیاندا مابوو دوو جاران هەموو شیعرەکانی چاپ کران، کەچی هەر جارە و ژمارەیەکی لە شیعرەکانی دەردەهێنا و نەیدەخستنە ناو دیوانەکانی. گۆیا لای خۆی گلیان دەداتەوە و سەرلەنوێ دایان دەڕێژێتەوە. ئەوانە مەرج نییە شیعری خراپ بووبن، بەڵام شاعیر قەناعەتی پێیان نەبووە. ئەو جۆرە سانسۆرە خۆییە بۆ شاعیران پێویستن. بەڵام ئەی دوای مردنی؟ کێ ناڵێ یەکێک وەک مایکل برت پەیدا نابێ و هەموو گۆڤار و ڕۆژنامان بگەڕێ و هەرچی هەیە و نییە لە بەرهەمەکانی سپندەر کۆ بکاتەوە و بە هاوکاری خێزانەکەی شاعیر هەموویان لە (٧) بەرگدا چاپ بکات؟ سپندەر کە یەکێک

بوو له شاعیرەکانی قوتابخانەی ئۆکسفۆرد له شیعری تازەی ئینگلیزیدا و یەکێک له هاوڕێکانی ئۆدنی شاعیر بوو. ئەو ئەگەرچی له شاعیره هەره دیارەکانی بەریتانیا نییە، بەڵام بایەخی شیعرەکانی لەوەدایە کە هەوڵی بووژاندنەوەی ژیانێکی تازەی داوه له شیعری ئینگلیزیدا. بەرهەمەکانی مۆرکێکی لیریکی و ڕۆمانسییانەیان تێدا زاڵ بووه، بەر له شەڕی دووەمی جیهان، ناوی ئەو لەناو ئەدەبی وڵاتەکەیدا بەو تەوژمه چەپه مارکسییەوه گرێ درابوو که دژی فاشییەت کاری دەکرد. سپندەر هەر شاعیر نەبوو، ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسیش بوو، له ژیانیدا زۆر بایەخی به ناو و ناوبانگی خۆی دەدا، زۆر هەوەسی به خەڵات و ئاهەنگی ڕێزلێنان دەهات.

ئەو کارەی کە مایکل برت کردوویەتی بۆ چاپکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی سپندەر، ئەوەی لا درووژاندم که شاعیران دەبێ بەر له مردنیان وەسیەت بکەن بڵێن فلان و فیسار قەسیده هی من نین یا من به هی خۆمیانی نازانم جا کێ گوێ له قسەی پووچی وا دەگرێ، ئەوەی نووسیووته هی تۆیه ئەگەر له بن ئاسمانیش بچینه دەرێ. وەکو چۆن شاعیرێک له یەکێک له جوانترین شیعرەکانی خۆی پەشیمان بێتەوه و له دیوانی خۆی دەری هاوێشت و بڵێ، ئەو فرزنده بیژییه و هی من نییه! های لەو قسه ناماقووڵه.

(لێوارەکانی بوون) دیارترین دیوانەکانی ستیڤن سپیندەره، که سەرجەمی موعاناتی سەردەمی لاویەتی خۆیەتی.

(وشه وەکو ماسی دەمگەزێ وەکو شیعر دابەزێ ئایا فرێیان بدەم تا به ئازادی بگەڕێنەوه دەریا کە ئاوەز تاو دەدا له ناکاو به هورژم له کلک و پەرەکانی دەدا؟ یا بیانخەمه ژێر ڕکیف و بەرپەرچیان بدەمەوه بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا بکەونه سەما به شیعر و به قافیه لەناو بەلەمی خواردندا؟ که خۆشم ویستن، لەناو هەموو مردووەکاندا هیچ کامیانم وەکو پێویست خۆش نەویست که تەماشای ناو چاوی بکوژەکانیشم کرد وەکو پێویست نەمردم

من ئەوەم کەمه، ئەوەی ناهێڵێ شاران بڕوخێن

دڵۆپه ئارەقەیەکی ئازار بڕژێن...

## پاپلۆنیرۆدا "شتێک کە دەمێنێ و ون نابێ"

نیـــرۆدا خـــاوەن چەندان دیوانـی شـــیـعـــرە، وەلێ جـــوانـتـــرین کـــتـــێـــبی (بیرەوەرییەکان)یـەتی. ئەو لە ماوەیەکی ئەوتۆدا ژیا کە پڕاوپڕ بوو لە ڕووداو و ئەزمـــوون، کـە لە شـــیـعـــرەکـانـیـدا ڕەنگیـــان داوەتەوە. ئەو لـەناو ئەو ڕووداوە گـەرمـانەدا دەڵێ، شـاعـیـر لە ئاشـتـیـدا دروست دەبێ، ژیانی نیـرۆدا هەر لە ئاست شـیـعرەکانیدا نـاوەسـتێ بگرە پەلوپۆ دەهاوێ بۆ زۆر وێـسـتگە، هەندێ جـار ئەو وێسـتگانە ورووژێنـەرن، وەکو ئـەو قسـانەی لەبارەی ئـەرزا پاوەند و فاشییەت دەوترێ، هـەمان قسەش لەبارەی نیرۆدا و ستالین دەوترێ... نیرۆدا هێندە پاپەند بوو بە ستالینەکان تا ئەو ئاستەی کە دەڵێن، ڕێگەی بۆ بکوژان خۆش کردووە بچنە مـەکسیکۆ بۆ کوشتنی ترۆتسکی. هەش بەسـەر خـۆمـان شـاعـیـری وامـان هەیە لەکـەیەکی واش لە ژیانیدا نییـە کەچی جـۆرەها ناو و ناتۆرەی بۆ دروست دەکرێ. شـاعـیـر وەکـو بزن هەرامـەکـەی لە دەرێیـە بۆیە هەرچەندە وریا و زرنگ بێ لەو جۆرە هەڵوێستانەدا هێشتا هەر کـەمە. ئەو کە خـاوەنی جوانترین ١٠٠ سـۆنێـتـەی خۆشـەویسـتـیـە چۆن دەلوێ هـاوکاری دکتـاتۆرێکی وەکو ستالین بێ لە ئاست ترۆتسکییەکی سـەد قـاد لە سـتـالین ڕۆشنبیرتر؟

لەم دواییــیــە کــۆواری (الکرمل) ئەو ســەد ســۆنێــتــەیەی نیــرۆدای بڵاو کردبووەوە، من پێشـتـر نەمدیون ئەگـەرچی دەڵێن لە حـەفتاکاندا جارێکی تر کـراونـەتە عــەرەبی، بـەڵام خــراپ وەرگــێــڕدراون. ئـەوەی تاهیــر ریاز هێنـدە شـیـعرین پێم وایە ڕوحی شـیـعریـەتی نیرۆدایان تـا ئەندازەیەک پاراسـتـووە. جارێکیان لەگەڵ مەدحەت کاکەیی شێوەکاردا باسی ئەو سۆنێتانەم دەکرد ئەو

گوتی: پڕۆژەم هەیە بچمە چیلی و لە مۆزەخانەکەی نیرۆدا تابلۆیەک بکەم و ناوی بنێم سۆنێتەی سەد و یەک. نیرۆدا ئەو شیعرانەی بۆ ماتیلدای ژنی نووسیوە دەبێ تابلۆکەی مەدحەت بۆ کێی بێ؟

(سەرگەردان لە دارستان چڵێکم لێ کردەوە چڵێکی تاریک لەسەرخۆ نزیکم کردەوە لە لێوی تینووم: ڕەنگە دەنگی بارانێک بێ بگری، یا زەنگێکی کز یا دڵێکی ئەنجنکراو) لەو قەسیدەیەدا جگە لە وشەی خانمە جوانەکەم، وشەی ناشرین بەکار هاتووە وەکو (ناشیرین) دەریاش شتی وەکو نینۆکی پێیەکانی تۆی تێدا نییە " یا خۆشەویستە ناشرینەکەم " رووت و لاوازی وەکو دەنکە گەنمێک. پاپلۆ جارێکیان بە ژنەکەی وتووە، ئەگەر ژیانی تر هەبێ دوای مردن من حەز دەکەم ببم بە باز. برادەرەکانی دەگێڕنەوە کاتێک نیرۆدا مردووە ئەوان لە ژوورەکەی نزیک بوونەتەوە، بازێک لەو ناوە فڕیوە و چووەتە ئاسمانێ، ماتیلدا دەڵێ: هەبێ و نەبێ ئەو بازە ڕوحی نێرۆدا بووە! نێرۆدا جگە لە شاعیری ماوەیەک باڵیۆزی وڵاتی چیلی بووە لە فەڕەنسا و یەکێک بووە لە دۆستە نزیکەکانی سلڤادۆر ئەلندی، ساڵی ١٩٧١ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت و بە نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستات مرد.

## شیعر بە ئاگایە..؟

لە زۆر وڵاتی دنیادا ڕێژەی فرۆتی دیوانی شیعر لە زیادبووندایە، لە ژاپۆن، لە ئەرجەنتین، لە فەڕەنسا.. تازەترین هەڵسەنگاندنی ڕێژەی خوێندنەوە لە فەڕەنسا ئەوە نیشان دەدا کە ئەوانەی شیعر دەخوێننەوە لە زۆربووندان.. ئایا چ شتێک لەو نێوەندەدا گۆڕاوە؟ شتێک لە ئارادایە؟ چی وەکو پێشتر نەماوە؟ هێندەی پێوەندی بە شاعیرانەوە هەیە، زمانیان پاک کراوەتەوە، لە هەموو جۆرە زیادەیەکی ناشیعری، ئاڵۆزی کەم بووەتەوە، شیعرەکان پوختتر و کورتتر بوون، ئێستا کەمن ئەوانەی تاقەتی خوێندنەوەی قەسیدەی درێژیان هەیە، کێ ئێستا ئەلیادە و ئۆدیسە دەخوێنێتەوە جگە لە شاعیران خۆیان و هەندێ لە کەسانی دەستەبژێر نەبێ. شاعیرانی تەوژمی تازە لە فەرەنسا جگە لە شیعر پەلیان بۆ زۆر بواری تر هاویشتووە و لە سەد لاوە گرێ دراون بە بارودۆخی رۆشنبیری سەردەمەکەوە. هەر بۆ نمونە بیار ئەلفیری لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ یەکێک لە شاعیرە گەنجە تازەکان و جگە لە شیعر وەکو جان کۆکتۆ زۆر بواری تری گرتووە، کتێبێکی لەبارەی فەلسەفە نووسیوە، دامەزرێنەری کۆواری (وردەکاری) و کۆواری (ئەدەبی گشتی) بووە، کاری شێوەکاری کردووە، ژمارەیەک قەوان و سی دی بەرهەم هێناوە، شیعری گۆرانی نووسیوە، کتێبێکی لەبارەی سینەما نووسیوە، جگە لە چەند کورتە فیلمێک و کتێبێک بۆ منداڵان و بەم دواییەیش پێنجەمین دیوانی بە ناوی (ڕێی هەوا) چاپ کردووە.

ئەو جۆرە فرە بەهرەیە دەگمەنە، بەڵام دەربازبوون لەوەی شاعیر تەنیا شیعر بنووسێ هەنگاوێکی پڕ جورئەتە. شاعیر لە کۆنیشدا هەر شیعری هەر

نەنووسیوە، دڵنیام نالی جگە لە شیعر کتێبی تری هەبووە. هەروەها جزیری و خانی. گۆران چەند نووسینێکی هەیە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردووەتەوە و دەتوانین ئەم چەند نووسینە کەمەش هەندێ وردەکاریی گیانی تازەبوونەوە لای (گۆران) دیار بخەن.

ئەدۆنیس چەند وەکو شاعیر ناسراوە، هێندەش وەکو تیۆریست و ڕەخنەگری شیعر و خاوەن نەزەری تازەگەری لەناو ئەدەبی عەرەبیدا ناسراوە. قسەکردن لەبارەی شیعر و نەزەر خستنە سەر ڕووداوەکان و چۆنیەتیی تێگەیشتنی شاعیر لە دەوروبەری، هەردەم ئەزموونە شیعرییەکان جوانتر نیشان دەدەن و دەبنە مایەی قوڵکردنەوەیان لەلای خوێنەر، بەرچاویشیان ڕوون دەکەنەوە بۆ دیتنی باشترین توانای شاعیر لەناو قەسیدەکانیدا. سەردەمی ئەو جۆرە تێگەیشتنە بەسەرچووە کە شیعر ببێ بە دروشم بۆ خەڵک. ئێستا شیعر قسەیەکی بێدەنگە لەگەڵ خۆدا. بۆیە شاعیران پێویستیان بە سازدانی ئەو جۆرە پێوەندییە تازەیە هەیە. ئەو قسەیە ناکۆک نییە لەگەڵ ئەوەی دەوترێ کە شاعیر ئەرکی شیعر نووسینە و ئەوەی دواتر دەکەوێتە ئەستۆی ڕەخنەگر و ئەوانی ترەوە. چ لەگەڵ لە نێوەندی ئەدەبی کوردی کە ڕەخنە تێیدا نا ئامادەیە و شاعیران ناچارن شێواز و ڕێگەی تر بدۆزنەوە بۆ دروستکردنی پێوەندی.

شیعر بە تەنیا بەسە، بەس تەنیا نییە. ئەو قسەیەم ڕێک بۆ ئەوەیە بڵێم شیعر تاکە ڕێگەیە بۆ پاکبوونەوە و ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆدا، بەڵام تەنیا نییە، لەو گەڕانەوەدا دەتوانی هەرچی هەیە بیکا بە هاوەڵ و بیانباتەوە حزوری ڕوحی مرۆڤ لەوپەڕی عەزابدا.

شیعر لە قسەی هۆزەوە بووەتە زمانی ناوەوەی خۆ، لە دەنگی بڵندەوە بووەتە بلەرزەی بێدەنگی ناخ، واتە لە سەدا و هاواری دەرەوە دوور کەوتووەتەوە، کە واشی لێ هات دەبێ بیر لە زەمینەی تازە بکرێتەوە بۆ گەیاندنی. ماوەیەکی زۆر نان و سیاسەت بووبوونە خەمی سەرەکی مرۆی کورد، خەریکە هەردووکیان لە خەم بڕەخسێن و سەرلەنوێ بایەخ بە خۆراکی

ڕوح بدرێتەوە. ئێمەش هەمان ڕێگەمان لەبەرە کە میللەتانی تر گرتوویانە و چار هەر ئەوەیە ڕوو لە ئەدەب و هونەر بکرێتەوە بۆ ئەوەی مرۆ هێندە لە کرۆکی مرۆییی خۆی دوور نەکەوێتەوە. ئەوسا ئێمەش شانازی بەوە دەکەین کە چەندان هەزار دانە دیوانی شیعر فرۆشراون لە ماوەی هەر مانگێکدا، نەک چەند سەد دانەیەک فرۆشراون لە چەندان مانگدا.

## دانتی میوانی پاریس

شاعیران هەر تەنیا جارێک نایێن و هەرگیز بە یەکجاری نارۆن، ئەوان لەناو گەورە و بچووکی وڵاتەکانیاندا دەمێننەوە، گەورەکانیان دەچنە ناو ڕوحی دەریا و لە ترۆپکی شاخەکاندا دەمێننەوە. دانتی ئەلیگری شاعیری ئیتاڵیا سەرلەنوێ لە پاریس لەم ڕۆژانەدا هاتووەتەوە ڕووگەی ئەدەبی لە ڕێی کردنەوەی دوو پێشانگە بۆ دوو هونەرمەندی ناسراوی فەڕەنسا. مۆزەی لۆڤەر هەندێ لە تابلۆکانی دیلاکروای نمایش کردووە کە بە ناوی (دانتی و ڤرجیل لە دۆزەخ)دایە و مۆزەی ڕۆدانیش هەندێ لەو نیگارانەی نیشان داوە کە ڕۆدان بەر لە جێبەجێکردنی پەیکەری (دەرگەی دۆزەخ) دروستی کردبوون.

دانتی کۆمیدیای خواوەندانی لە سێ بەشدا نووسیوە و ژمارەی دێرەکانی (١٤٢٣٣)ن، ڕەخنەگران دەڵێن ئەو مەلحەمەیە بەڵگەنامەیەکی زیندووە کە ڕووناکی دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. دانتی لە وڵاتی خۆی دەرکرا، لە ڕێی شاکارێکی ئەدەبیدا دنیای کردە وڵاتی خۆی. ئەو لە ڕێی گۆرانی بۆ بیاتریس گۆرانی بۆ پاکیزەیی گوت.

لە کاری دیلاکرواو ڕۆداندا ئەو مەلحەمەیە بووەتە بیانوویەک بۆ دەرخستنی نەخۆشییەکانی سەردەم و ئەوانیش وەکو ت. ئێس. ئیلیۆت سەرسامیی خۆیان بۆ (دۆزەخ)ەکەی دانتی دەربڕیوە.

دیلاکروا ساڵی ١٨٢٢ تابلۆ ڕوونییەکەی (دانتی و ڤرجیل لە دۆزەخ)دا دروست کردووە، ئەو کات تەمەنی بیست و چوار ساڵان بووە.

ڕۆدانیش لە ماوەی بیست ساڵدا چەندان ئیشی لەبارەی کۆمیدیا کردووە تا دوا جار (دەرگەکانی دۆزەخ)ی جێبەجێ کرد. لەسەر ئاستی هونەری

ڕەخنەگران دەڵێن: ئەو کارە " دواکاری مەزنی" بووە کە بە دواکاری گەورەی کلاسیکی بە هەردوو مەفهوومی یۆنانی و ڕۆمانی دەژمێردرێ. رۆدان توانای خۆی لە دەرخستنی لەشی بەشەر دەرخستووە ئەو کاتەی لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

بەم کارانەیان دیلاکروا و رۆدانیش لەگەڵ دانتی و ڤرچیلدا دەست لە ملانێی یەکترن لە دۆزەخی ئەبەدی ئازادی بەشەریەتدا.

(ئەی ئەوانەی دێنە ژوورەوە

هەموو هیواکان بەجێ بێڵن...).

## نەوەی دوای دوو هەزار

دەکرێ بپرسم مەبەست لە نەوەی ٢٠٠٠ چییە؟ تایبەتمەندی ئەو نەوەیە چییە؟ یا ئایا نەوەیەک هەبووە هێندە جیاوازبووبێ لەوان لە نەوەدەکاندا، یا ئەوانیش درێژە پێدەری هەمان نەوەن، بەڵام لە ٢٠٠٠ەوە بۆ سەرێ دەرکەوتوون، من خۆم زۆر لەگەڵ ئەو جۆرە دابەشکردنانە نیم و پێم وایە ئەو پێوانەیەی نەوەیەکی ئەدەبی پێ پێوانە دەکرێ، شتی ترە. بۆ نموونە جیهانبینی نەوەی ٢٠٠٠ چی جیاوازە لەگەڵ نەوەدەکان. لە ئەدەبدا ئەوەی گرینگە چۆنیەتیی دەربڕینە، واتا تەکنیک و شێوازی داڕشتن، ئەو تایبەتمەندییانە چین لەم بارەیەوە؟ لە نەوەدەکانەوە سەردەمی پۆست مۆدێرنە، کەچی دەبینین خەیاڵ و بیرکردنەوە هی سەدەمی مۆدێرنە، سڕینەوەی شوێنەواری ململانێی خێر و شەڕ بەو هێز و بیرکردنەوانەی کە هەبوو پێشتر کارێکی زەحمەتە. دەرچوون لەو هەموو قالب و چوارچێوەیەی فیکر بۆ مرۆڤ دای ڕشتووە، بەتایبەتی فیکرە گشتگیرە داخراوەکان، جا فیکری مادی بێ یا میسالی، کارێکی زەحمەتە، بەتایبەتیش بۆ کوردێک کە بوونی هەمووی برێتی بووە لە ململانێی مانەوە. باشە تەماشاکردنی نەوەی پۆست چییە بۆ ئەو مێژووە؟ چۆن لە شۆڕش دەڕوانێ؟ ئێستا خەریکە شوێنەواری ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لە خەیاڵی هەندێکدا کاڵ دەبێتەوە، لە کاتێکدا مرۆی پۆست لە دەرەوەی ئەو قالب و تخوبانەدا کار لە شتێکی زیندوودا دەکات. بۆ نموونە لە سەروو پۆستدا نەتەوە گرینگە، بەڵام نەتەوەی سیاسی و ئیتنی نا، بگرە بایەخدان بەتایبەتمەندی حاڵەتە ئینسانییەکان. بزانە جیاوازی نێوان یەشار کەمال و ئۆرهان پامۆک چییە؟ هەردووکیان دوو ئەدیبی تورکن، یەکیان بابەت و شێوازی دەربڕینی هی سەردەمی مۆدێرن و ئەوی تر هی سەردەمی پۆست

مۆدێرنە. ئەو شێوازی دەربڕینە شتێکی ڕووت نییە، پێوەندی بە جیهانبینی پامۆکەوە هەیە. بۆیە هەست دەکەین زمانی ئەدەبی ئەمیان بێ لایەنە، زمانێکی سپییە، ئینسانییە، کەچی زمانی ئەویان (یەشار) زمانێکی لایەندارە سوورە. ئەوەش بەو مانایە نییە، کە ئەدیبێکی گەورە نییە، بە پێچەوانەوە ئەو سەردەمە ئەدیبی مەزنی دروست کردووە یەشار یەکێکە لەوان. بەڵام ئێستا زمانی دەربڕین گۆڕاوە. هەق بەو شێوەیە موتڵەقە لە شوێنێکدا نەماوە، پارچە بووە و هەریەکە و پارچەیەکی ئەو هەقەی لایە. زەمەنیش هەر ئەوەی دەرەوە نییە، زەمەنێکی تر بایەخی پێ دەدرێ، ئەویش زەمەنی تەنیاییە کە هی ناوەوەی مرۆڤە. کەچی دەبینین نووسەرێکی وەکی (کافکا، کامۆ)، تا ئەمڕۆش ئەدەبەکەیان هەر زیندووە، چونکە بایەخیان بەو شوێنە داوە لە مرۆڤدا کە هەتا هەتایێ بایەخی خۆی هەیە. ئەو تایبەتمەندییەی شوێن لە ئەمەریکای لاتیندا بە زەقی دیارە لە ڕۆمانەکانی (مارکیز و ساراماگۆ و بۆرخیس ئیزابێل ئەلیندی و... هتد)، هەروەها لە شیعری (ئۆکتافیۆ پاز و بیسوا).

باشە نەوەیەک هەیە لە دوای نەوەدەوە دەستی پێ کردووە، ئەو نەوەیە جیاوازە لە هی پێشە خۆی، چونکە تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئازادی و بۆ نیشتمان و بۆ خەمەکان جیاوازە، بەڵام بەداخەوە، چونکە لەناو کورددا فیکرە کزە، بۆیە نەخراوەتە ناو چوارچێوەی خۆیەوە. پێم وایە ئەوە کاری ڕەخنەگرە کە بتوانێ ئەو گۆڕان و جیاوازییانە بدۆزێتەوە.

لە حەفتاکاندا نەوەیەک دروست بوو بە ناوی ڕوانگە و ئەوانی تر، کە دەڵێم ئەوانی تر، مەبەستم هەموو ئەو گرووپ و ئەدیبانەیە کە هەوڵی گۆڕانی ئەدەبییان داوە، ئەو ئەدیبانەی کفری و کەرکووک یا لە هەولێر (عەباس عەبدوڵڵا یوسف. هتد) ئەوانە دەنگی جیاوازن لە شیعری کوردیدا. (سوارەی ئیلخانیزادە) لە ڕۆژهەڵات ئەگەرچی بەر لە (هێمن) بووە، بەڵام (هێمن) درێژەپێدەری ڕەوتی شیعری بەر لە خۆی بووە کەچی سوارە وا نییە، بایەخی بە تەکنیک داوە. هەروەها لە هەشتاکاندا تەوژمێکی جیهانی هەبووە بۆ گۆڕان. لە (ڕووسیا فەڕەنسا، سوێد)، لەناو عەرەبەکاندا و لە (تورکیا و ئێران

و له عـێـراق)یشـدا، لەناو (کـورد)، دەبینین سـیـمـای سـەرەکی ئەو ئـەدەبە گـەڕانەوەیە بۆ کـەلەپووری زیندوو، جـورئـەتی شکاندنی قـەپێلک، گـۆڕینی ڕیشەی شیعری و بایەخدان بە شتە بچووکە پەراوێزکراوەکان.. هتد. ئەدەب ئاوێنەیەک نـەبووە بۆ سیاسـەت، بگرە ئیشـی لەناو کێڵگە سیاسـیـەکانیش بووبێ، دۆزینەوەی پێوەندییـە نوێیـەکان سـەرووی دابەشکردنی سیـاسـی بووە، ڕزگـاربوون بووە لە هـەیمـەنەتی فـیکری سـیاسـی بـەسـەر ئەدەبدا، ئێسـتـا لە سەردەمی پۆستدا مـەودای ئەدەب درێژتر و کاریگەریشی زۆرتر دەمێنێ، بۆیە کە باسی نەوەی ٢٠٠٠ دەکرێ، دەبێ ئەو هـەمـوو گۆڕان و جیاوازییانەمـان لە بەرچاو بێ. دەکـرێ بپرسـین، کـوا جـیـهـانبینی ئـەو نەوەیە؟ لە پشت دەقـێکی شیعریدا چ بیرکردنەوەیەک هـەیە؟ ئەوجا ئایا ئیزافەیان چییە و لە کوێدایە؟ با بێینە سەر جیاکردنەوەی ئەو نەوەیە.

ئەو جـیـاکـردنـەوەیە چەند هۆکـارێکی هـەیە. یـەکـیـان ئەگـەر ئەو نـەوەیە توانیبێتیان جموجۆڵێکی دیار لە شێوەی گرووپ یا تاک دروست بکەن. وەکی ئەوەی ڕوانگە، یا هـەشتـاکان، یا وەکی ئەوەی (بەختیار عـەلی) لە نەوەدەکاندا لە ڕێی چەند بـەرهـەمـێکەوە کردوویەتـی. چەند دەنگێک لە نەوەدەکـاندا هـاتن و پەیامی خـۆیان لە ڕێی چەند دەقـێکەوە ڕاگـەیاند، بەڵام هـێـشـتـا زەمـەن نەیتوانیـووە یارمـەتیدەریان بێ (کەژاڵ ئەحمـەد، سـاڵح سـوزەنی، ڕەزا عـەلی پوور، ڕامیـار مەحمـوود، تەڵعـەت تاهیر، ژوان ئاوارە، مـاردین ئیـبراهیم، زانا خـەلیل، ئیدریس عەلی) ئەوانە لە نەوەدەکان بەرهـەمـەکانیان بڵاو کـردەوە و تا ئێـسـتـا بـەردەوامن هـەوڵیـان دا دەنگی جـودا بن، ئەوەش یـەکـێکە لەو سەرەتاییانەی پێویستن بۆ ئەدەبی جیدی.

لە ٢٠٠٠ دا هـەندێک دەنگی تر دەچنە پاڵیـان، کە لێرە و لەوێ کەمـێکی کەم لە بەرهەمـیـان دەبینرێ جێگەی دڵخۆشین، لەگەڵ ئەوەی هێشـتـا دڵنیـا نین تا چەند جیدین لە نـووسینی شیعردا. هۆکاری تر ئەوەیە کە پێوەندی بە خـودی شـاعیـرەکانەوە هـەیە، چەندیان لەبارە بۆ بەردەوامـبوون و درێژەپێدان، دیارە داهێنان کـارێکی قـورسـە، خـۆڕسک نییـە، مـاندووبوون و گـەڕان و پشکنین و

شەونخوونی و موعاناتی بەردەوامی گەڕەکە. یەکێک لەو کێشانەی لە نەوەی تازەدا هەیە، فێرنەبوونی زمانی دووەمە بۆ ئەوەی بخوێننەوە.

لە دیوی کوردستانی عێراقدا بەشی زۆری ئەو ئەدیبانە هەر بە کوردی دەخوێننەوە و زمانی تر نازانن، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە، چونکە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە و سەرچاوە گرینگەکانی داهێنان بە غەیرە کوردی هەیە. لە بەرامبەر ئەوەدا دەبینین بوارێکی باش هەیە بۆ بڵاوکردنەوە، کۆوار و پاشکۆی ئەدەبی هەن، ئەگەرچی ئەوەیان ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینێ لە دروستکردنی ئەدەبی چاک، مەبەستم ئەوەیە فەزایەکی ئازاد دەتوانێ هانی جموجۆڵی ئەدەبی بدا، سوودیشی هەبێ بۆ ئەوەی ئەدیب بتوانێ بە ئازادی بە دوای سەرچاوەکانی خۆیدا بگەڕێ و کەڵکیان لێ وەربگرێ دەنگی خۆشی بگەیەنێ. بەڵام ئەو فەزایە کە بوو بە مایەی گێرەشێوێنی و تێکدانی ئەدەب، بەوەی هەموو جۆرە بەرهەمێکی کاڵ و کرچیش بڵاو دەبێتەوە، ئەو کات زیان بە داهێنان دەگەیەنێ. لە کاتێکدا لەناو ڕۆژنامە یا کۆوارێکدا دەیاننووسینی هەڕەمەکی دەبینرێ، کەچی تاک و تەرا دەقێکی ئەفرێنەرت بەرچاو دەکەوێ، کەواتە بارستایی شیعری خراپ وای کردووە، بەرچاوی خوێنەر بگرێ. لێرەشدا ناکرێ باسی ڕەخنەش نەکەین.

ڕەخنەی کوردی کەمتەرخەمە لە ئاست هەموو داهێنانێک. مافی خۆمانە ئەو گلەییە لە ڕەخنە بکەین. پێوەندی نێوان نەوەکان پێوەندییەکی کەمتەرخەم و سستە. ئەو خەم ساردییە لە هەموو بووارەکانیشدا هەست پێ دەکرێ و کاریگەریی خراپیشی بە کۆمەڵەوە دیارە.

شتێک هەیە کە بووەتە پەتا لەناو ئێمەدا ئەویش موجامەلەیە، موجامەلەی بێ پێز ئەو موجامەلەیە پەردەیەکی ئەستووری ترسیشی بە ڕووی خۆیدا داوە. ئەو ترسە گەورەکان وەکو خەرمانە بەستوومان لە دەوری خۆماندا. ئەگەر(شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو) قبووڵ بکەن ڕەخنەیان لێ بگیرێ، ئەگەر ئەدیبێکی تازە جورئەت بکا دیدی خۆی لە بەرامبەر بەرهەمی فلان یا فیسار شاعیری بەر لە خۆی ئازادانە بڵێ، ڕەنگبێ بەشێکی ئەو بەستەڵەکە

بتویتەوە. گرفتەکە ئەوەیە نە ئەوەی پێشوو قبووڵی ڕەخنە دەکەن و نە ئەوەی تازەش ڕەخنەی هەیە و ئەگەر هەشبێ شتی شەخسی و کاڵ و کرچن. چ خێر لە میللەتێکدا دەمێنێ کە دیدی جودا و دژبەیەک و ڕەخنەی تێدا نەمێنێ؟ دیارە لە بەرامبەر ئەمەشدا دیارەیەکی ترسناکتر هەیە، ئەویش بەهەند وەرنەگرتنی بەرهەمی خۆمان، قەدر نەزانینی ئەدیبی خۆمان، ئێمە لەم ڕووەشەوە زۆر کۆڵەوارین، دەبێ قەدری خۆمان بەوە بزانین کە ڕەخنەی لێ بگرین، بەرز ڕاگرتنی هەر بەرهەمێک بەوەیە، بیخوێنینەوە و ڕا و بۆچوونمان هەبێ لە بەرامبەریدا. هیچ شتێک و هیچ ئەدیبێک نییە لە دەرەوەی ڕەخنەدابێ. ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ یا چەند ساڵێکی تر. ئێستا (نالی یا خانی) دەخوێنمەوە، یا هەر ئەدیبێکی تر دوو شتم لا ڕوون دەبێتەوە، یەکیان گەورەیی نالی یا خانی و دووەمیان زیندوویی بەرهەمەکانیان بەوەی قابیلی ڕەخنە لێگرتنن.

بە پوختی دەتوانم ئەوەت پێ بڵێم: کە من لەگەڵ گەنجی یاخیبووم، گەنجێک بتوانێ هەموو سنوورێک تێک بشکێنێ لە ڕێی عەقڵێکی کراوە و دەروونێکی گەرم و دەقێکی تازەوە. ئەوەی پێوانەیە لە نێوان ئەو جۆرە گەنجە و کەسێکی تردا دەقە، بەرهەمە، جا ئەمڕۆ یا سبەی ڕەخنە هەر دەبێ بەو جۆرە بەرهەمانە بگات. ئەو بێدەنگییە ناخی ئەم میللەتەی هەڵکۆڵیوە. ئامۆژگاریی من ئەوەیە گەنج دەبێ بەردەوام بێ، ئەنجام کاری جیدی هەر دەبێ بگات و جێگەی خۆی بکاتەوە، ئەم پرۆسەی جێگەی خۆ کردنەوە لە دنیای ئەدەبدا بەم شێوەیەیە: یەکەم جار دژت دەوەستنەوە (عەقڵی سەلەفی و زەوقی سەلەفی) پاشان کە تۆ جیددی و بەردەوام بووی قبووڵت دەکەن، بەناچاری و پاشان دەگەڕێنەوە و موجامەلەت دەکەن دەتخوێننەوە و وەکو بەشێک لە واقیعی ئەدەبی دەتبینن.

لە هەشتاکاندا بەشێکی زۆر لەناو ناوەندی ئەدەبی دژی تازەگەری بوون، پاشان قبووڵیان کرد و لاساییان کردەوە، ئێستا ئەوان بوونەتە کاراکتەری سەرەکی ناوەندەکە.

## وەزیفەی شیعر

هەندێک جار ئەوانەی بەها و بایەخی شیعر ناناسن لە ژیانی ڕوحی میللەتان و کەساندا بە خێرایی جۆرە بیرکردنەوەیەکی چەوت دەردەبڕن گوایە شیعر زیادەیە، یان لە واقیعی ئەمڕۆدا جێگەیەکی ئەوتۆی بۆ نەماوە، وەکو ئەوەی هێندە تەکنەلۆجیا و زانست و کۆمپیوتەر لەناو کوردەواریدا گەشەی کردووە و جێگەی بەو منداڵە ناشەرعییە لەق کردووە.

بەر لە هەموو شتێک ئەوانەی ئەو جۆرە بۆچوونانە دەردەبڕن ئاگەداری کولتووری میللەتەکەی خۆیان و کولتووری خۆرهەڵات نین، کە شیعر کۆڵەگەی سەرەکییەتی و پاشانیش بەشێکی گرینگ بووە لە مانەوە و بەردەوامبوونی زمان و بوونی نەتەوەیی کورد و تا ئەمڕۆش ئەو بایەخە لە زیادبوون دایە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە شیعر بە تامترین بۆنخۆشترین خۆراکی روحی مرۆیە و ئەگەر میللەتێک بتوانێ شیعر لە بوونی خۆیدا بسڕێتەوە ئەو میللەتە دەچێتە ناو تابووتی لەناوچوونی خۆیەوە.

ئیمپرتۆئیکۆ لە وەزیفەکانی ئەدەبدا باسی بایەخی دانتی دەکا و دەڵێ ئەگەر دانتی نەبا و مومکین نەبوو زمانێکی ئیتاڵیایی یەکگرتوو دروست ببێ، لە کتێبی (لەبارەی فەساحەت لە زمانی قسە پێکراودا) دەبینین ئیدانەی ئەو هەموو شێوە ئاخاوتنە دەکا کە لە ئیتاڵیادا هەبووە و پێشنیاز دەکا کە زمانێکی میللی نوێ بدۆزێتەوە کە دواتر (کۆمیدیای خواوەند)ی پێی نووسی ڕاستە چەندان سەدەی ویست تا ئەو زمانەی دانتی بووە زمانی هەموو خەڵکی و ئیکۆ لەوەش زیاتر دەڕوا و دەڵێ: ئەگەر ئەوەش نەبووایە ڕەنگە یەکەتی سیاسی وڵاتەکەش ڕێگەی جێبەجێبوونی لە بەردەمدا ئاوەڵا نەبووایە.

نالی موعجیزەیەکی لەو چەشنەی دانتی کردووە لە شیعری کوردیدا و ئەو زمانەی ئەو پێی نووسیوە بووەتە زمانی بەشی هەرە زۆری بەیاننامە و پەیڕەوی حزبەکان و بڕیارە یاساییەکانی پەرلەمان و حکوومەت بەو شێوە ئاخاوتنە دەنووسرێتەوە لە بەشێکی گرینگی وڵات کە ڕەنگە ئەوە لە داهاتوودا بەبارێکی تردا بکەوێتەوە و بەرفراوانتریش بێ، مادامەکێ ئەو ناوچەیە بەشێکی گرینگە لە دەسەڵاتی کوردی ئێستا و داهاتوودا. ئەوە زمانی شاعیرە کە ئەو ڕۆڵە دەبینێ و ئەو شیعرە دەتوانێ ئەو موغامەرەیە لە زماندا بکات، بۆیە شیعر چەندە بە ڕوحی تاکەوە گرێ دراوە و لە پەنهاترین دەماری ناو ئاگایی و نائاگاییەوە دێ هەمووکات دەچێتە روحی تاکەوە و لە ڕێی تاکەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێ، وەلی ئەنجام دەبێتە گرینگترین خانە لە بنیاتی نەتەوە. مەرجیش نییە ئەو جۆرە شیعرە بۆ میللەت و قەزیە گەورەکانی نووسرابێ، دیسان نالی زیندووترین نموونەیە.

## ئەفسانە و شیعر

* کە شیعر دەنووسی ئایا هەست دەکەی میوزیک دەتباتەوە ڕابردوو، یان خۆت ڕابردوو بۆ داهاتوو ئامادە دەکەیتەوە؟

– ئەم پرسیارە وێستگەیەکی زۆر زیندووە لە ژیانی ئەدەبی مندا، لە یەک دوو شوێنی تر وتوومە ڕابردوو هی من نییە، هی ئەوانەن کە دروستیان کردووە، من لە ئێستادا هی خۆمم، دیارە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە برێتییە لەو حاڵەتە وجودییەی قەناعەتم پێی هەیە. بەڵام ئەو هەموو گەنجینە کەڵەکەبووە چییە؟ چی لێ بکەم؟ ئایا دەکرێ پشتی تێ بکەم و وا بە ئاسانی ڕزگارم دەبێ لێی؟

ڕابردوو هەر تەنیا برێتی نییە لە زەمەنێکی تێپەڕیو. هەر تەنیا ئەوە نییە کە وەکو سێبەر بەدوامدا دەکشێ، هەر تەنیا هی من نییە، ئەو زەمەنە بەشێوەیەکی پێچاوپێچ و ئاڵۆز شۆڕ بووەتەوە تا باپیرە گەورەمان، تا ئادەم، یان قابیل یان نوح "بەپێی حیکایەتی ئاینەکان". بەپێی نەسەبی ئەدەبیش بۆ هۆمیرۆس و ڤرجیل و دانتی تا دەگاتە نالی و جزیری، ئەوانە هەموویان ڕابردووی هاوبەشی هەموومانن، هەریەکەمان لە لکێکی ئەو درەختەوە دەگەڕێینەوە بۆ ڕەگەکان. لەبەرئەوەی ئەفراندن خۆ ڕاپسکان و دەربازبوونە لەو ڕابردووە لە ڕێی خوڵقاندنی دەقێکی تازە و شێوەدەربڕینی تازەوە، بۆیە چارەنووس ئەوەیە کە لەو ڕابردووە دەربچین، لێرەوە شەڕی ئەزەلی داهێنان دەست پێدەکا. شەڕی درێژەدان بە ئێستا و تەکان بەرەو داهاتوو.

* لە کولتووری کوردەواری چ مەودایەکی میتۆلۆجی هەیە لەگەڵ

بنیاتی شیعری سەردەم کاری گونجاندن، یان کێشە و نا تەبایی لێ دروست بێ؟

– زۆر جار دەمەوێ بچمە ناو میتۆلۆجیا و تا دوورترین بن پنچکە گیای بچم. مردن زۆر مەودای هاوبەشی نێوان زەمەنی هەرە کۆن و ئێستای پێکەوە گرێ داوە. شاعیریش بوونەوەرێک نییە لە فەزایەکی بۆشدا بژی. کەسێکە هەست بە بەختەوەری دەکا و عێدز دەبێ و دەگەڕێ و بەدوای نەمریدا وێڵە، لەو گەڕان و سوڕانەیدا بەر زۆر شت و پێوەندی دەکەوێ، تێکەڵیان دەبێ و لێیان جودا دەبێتەوە، کارەکەشی لە ڕێی وشە و ئاوازەوە ئەنجام دەدا. هەندێک جار وشەی وا دەدۆزێتەوە تووشی سەرسوڕمانی دەکا چۆن مارێک لە دارێک دەئاڵێ و بەسەر دارەکە وشک دەبێتەوە، یان بەردێک دەچێتە ناو قەدی درەختێک، وردە وردە دەبێتە بەشێک لێی. بەو شێوەیە وشە هەیە بارگاوییە بەو شوێنەی تێیدا دروست بووە ئەو جۆرە پێوەندییانە مەودای تازە دەدۆزنەوە و جۆرە مەحاڵێک نیشان دەدەن، کە پێشتر خەیاڵ فریای نەکەوتووە، کە دەڵێی مارێک لە دار، ئەو مارە بووەتە دار، یان دارە ماری گرتووە و کردوویەتی بە بەشێک لە خۆی، هەموو کات شتە مردووەکان هێزێکی ئەفسوونن بۆ خەیاڵ. مرۆ ئەو هەموو کۆششە دەکا بۆ ئەوەی بەرد و زەوی و... هتد، بکاتە بەشێک لە خەون و خولیای، شتە مردووەکانیش هەوڵ دەدەن زیندووەکان هەڵلوشن، ئاو جەستەی مەلەوان هەڵدەلووشێ لە شوێنە گێژەنەکانیدا، هەروەها خەرەند و نشێوو جەستەی گەڕیدە و مار و مێروو... ئەو گەردوونە شوێنی ململانێیە لە نێوان مردووەکان و زیندووەکاندا.

پێم وایە داهاتووش وەهمێکە لە شێوەی جۆراوجۆردا، ڕەنگە جوانترینی ئەو وەهمە لە خەونی گەیشتن بە بەهەشت بەرجەستە ببێ، من ئەگەرچی زۆر پابەند نیم بەو وەهمەوە، وەلێ مرۆڤ ناتوانێ بێ ئەو وەهمە بژی، من هەر هێندەش نا، دەمەوێ مرۆڤ لەو وەهمە ڕزگار بکەم. لێرەدا کاری شاعیر و کاری خوداوەند لە یەکتری جیا دەبێتەوە و شاعیر لە شەیتان نزیک دەبێتەوە. ڕەنگە هەندێک جار بۆ دوورکەوتنەوە لەوەهمی داهاتوو گەڕابمەوە ناو

ئەشکەوتەکانی ڕابردوو بۆ پشکنینی شعری و دۆزینەوەی جوانییەکی شاراوە بۆ ئەوەی لە بینای ئێستادا بیکەمە کۆتەڵی بیرۆکەیەکی تازە و وێنە و دیمەنێکی شعریی لێ دروست بکەم. هەر ئەو جۆرە گەڕان و پشکنین و خولیا و سەراسیمەیە شاعیری ئەمڕۆ دەکاتە ئەفسانە، کە لە لایەک شەڕی لەگەڵ ڕابردووە و لەلایەکی تر درێژە پێدەریەتی. ئەو دۆن کیخۆتەیە لە بەرانبەر پەروانە وەهمییەکانی داهاتوو شمشێری وشەی لێ هەڵکێشاوە. ئەو هەموو درامایە و شوێنی نمایشیش سەر کاغەزی سپییە. سیحری ئەو کاغەزە تەواو نابێ.

* لە کوردەواری ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی بە باریکی خاو و تەمبەڵ دەڕوا ئایا شاعیران هاوسەنگی دەکەن، یان پێش دید و بۆچوونەکانن؟

- کاری شاعیر نە ئەمیانە و نە ئەویانە، ئەو ئەگەر پێشەنگ بێ لە دەقەکانیدا، لە نووسیندا پێشەنگە نەک لە کاری تر، پێم وایە هاوسەنگییەکە زیاتر دەگونجێ لەگەڵ ژیانی شاعیر، چۆن؟ شاعیر جوانی بەرهەم دەهێنێ، جوانییەک کە پێشتر لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە نێوان شتەکاندا لە هاوکێشەکاندا نەبینراوە. ئەو دێ ئەو جوانییە دەدۆزێتەوە. ئەو پرۆسەیە پێویستی بەبینین و بینینی دژوار هەیە، ئەو بینینەی کە لە قووڵاییی ڕامانێکی وجودیانەوە دەردەکەوێ. ئەو کە دێ چەشنی چەخماخەیە و دەرکەوتنی زەحمەتە، بۆیە وتم دژوار. شیعر هەرگیز پرۆسەیەکی ئاسایی نییە، ئەوەی لەو جۆرە پرۆسانە گرینگە لایەنە غەیبانییەکەیەتی، ئەوەی نادیارە و نازانم، ئەوە خوایە کە کاتی قافیە دەگیرێ، یان بیرۆکەیەک لە شوێنێکدا گیر دەخوا ئەو دێ و فریای شاعیر دەکەوێ و ڕزگاری دەکا، یان هێزێکی زەبەلاحی متبووی ناخە... پرسیارەکەش ئەوەیە ئەو هێزە ئەگەر هێندە زەبەلاحە، هێندە خارقە چۆن مت بووە، چۆن کپ دەبێ؟ واتە شاعیر بۆ سەلماندنی ئەو هەموو شتانە پێویستی بە لایەنەکەی تری هاوکێشەی داهێنان هەیە. ئەویش خوێنەرە "تاک

و کۆ". ئەگەر پێشەنگ بێ ئەرکی تری دەکەوێتە ئەستۆ، وەکو بەردەوامبوون لەو پێشەنگییە و بەرپرسیاریەتیشی دەکەوێتە سەرشان، بەڵام شاعیر بەو چەشنە بەرپرسیار نییە، ئەو دەکرێ بەزمانی هێما خوێنەر بەرەو کێڵگە زیندووەکان ڕابکێشێ نەک بەشێوەی ڕێکخستن و تێگەیاندن، کە ڕەنگە فەلسەفە و فیکر ئەو کارە بکەن.

ئەوەیان دیوێکی بابەتەکەیە، دیوەکەی تر ئەوەیە شاعیر وەکو وشیارێکی ئەمڕۆی پێش دەوروبەرەکەی دەکەوێ، ئەو هەڵگری پەیامی تازەبوونەوەیە و لە پرۆسەی نووسیندا تووشی جۆرە ناهاوسەنگییەک دەبێ لەگەڵ کۆمەڵدا، لێرەدا کاری ڕەخنە و شیکردنەوە دێتە ئاراوە. هەردەم لەناو میللەتاندا وابووە، زۆرجاران شاعیر، یان ئەدیبێک ئەو هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەی بووەتە مایەی دروستکردنی نامۆیی، ماوەیەکی ویستووە ئەو شڵەژانەی نێوان ڕەویوەتەوە و لێک حاڵی بوون جێگەی گرتووەتەوە.

* سێکس لە کوردەواریدا لە ڕیشاڵە بنەڕەتییەکانی بەرهەمی زارەکییە ئەوە چ باکگراوندێکی مێژوویی هەیە؟

- مرۆڤی سەرەتایی پێوەندییەکانی لە ڕێی هەستەوەیە، کە لە کولتووری کوردیدا ئەو هەستە تا ئەمرۆش درێژ بووەتەوە، ئەگەر بتەوێ تەعبیر لە حاڵەتی دەروونی بکەی دەیبەستێتەوە بە دیاردەیەکی ناو سروشت یان شتێک کە هەستی پێ بکرێ، واتە فیکری موجەڕەد کزە لە کولتووری ئێمەدا. لای یۆنان و ڕۆمانەکان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەشێوەیەکی تر بووە، بۆیە ئەوان فیکریان بەرهەم هێناوە. لای میسرییەکانیش فیکر زاڵە، بۆیە دەبینین زۆربەی بەرهەمی فیکرییان گەڕان و پشکنینی جیهانی نادیاری ئەوسەر بووە، دنیای پاش مردن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ڕۆژی حیسابی هێناوەتە کایەوە، کە لە کولتووری کوردیدا ئەوەی بۆمان ماوەتەوە شتێکی ئەوتۆی لەم بارەیەوە تێدا نییە، هەرچەند حیکایەتی میللیمان زۆرجار سنووری ئەم ژیانەی تێ پەڕاندووە و پەڕیوەتەوە ئەو دنیا. یان دنیای پەری و لەمەچێتر و ئەجندان و

چی و چی... هتد، بەڵام زیاتر زمانی هەست بووەو نەبووەتە فیکر، سێکس لە گۆرانی و جوێن و ڕستەی کوردیدا ئامادەیی هەیە، لە هەندێک ناوچەدا باسکردنی ئەندامەکانی نێر و مێ ئاساییە و هیچ جۆرە گرێیەک ناخاتە ناو قسەوە، ئەو جۆرە ناوهێنانە لە کۆمەڵگەی لادێ و عەشایەردا ئاسانترە لە هی شارەکان، ئەوە مانای ئەوەیە لەناو کوردەواریدا ئاسایی بووە، بەڵام شارەکان، چونکە لەسەر بناخەی خۆڕسک دروست نەبووە، بگرە کاریگەریی ئاین و نەتەوەی تر و گەشەسەندنی میللەتانی تری بەسەرەوە بووە بۆیە دەبینین ئەو جۆرە باسکردنە پەردەپۆش کراوە. شارەکانی ئێمە لەسەر بنەمای ئاسایی و ڕەسەنایەتی دروست نەبوون، بەڵکو تێکەڵن و هەیمەنەی داگیرکەرانیان بەسەرەوە بووە، کولتوورێکی تایبەتیان نەبووە، جۆرە نامۆییەک هەیە لە شارەکانماندا کە خەسڵەتی کۆنی کۆمەڵگەی کوردییان بەتەواوی تێدا بەرجەستە نییە، جگە لەوەش تەماشا بکە لە شارەکانی ئێمەدا هەتا ئێستا بەشەرمەوە باسی هەندێک لایەنی سێکس دەکرێ لە کاتێکدا ئەو شارانە پڕن لە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، کە بنچینەیان سێکسە. تەماشای پێغەمبەرەکانیشمان زادەی پێوەندی ئاسایی و لەدایکبوونی ئاساین، کەچی ئاینی مەسیحی لە سەرەتاوە کێشەیەکی ڕیسوابوونی سێکس ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئێمە زەردەشت و مانی و محەمەد ڕۆڵەی ئاسایی لەدایکبووی باب و دایکی خۆیانن، کەچی مریەم سکی بە خۆڕسک، یان هەندێک وای لێک دەدەنەوە کە پەیامی خوایە لە جەستەی پاکیزەی مریەمدا بەرجەستە بووە.

مەم و زین کە دەقێکی کۆنی کوردییە بریتییە لە خۆشەویستییەکی بێ گەردی بەتوولی لە کاتێکدا ئەو جۆرە تێکەڵاوییە دەکرا ڕەهەندی تری جەستەشی تێکەڵاو ببا. شیرین و فەرهاد... خەج و سیامەند...هتد، دەگمەنن ئەو دەقانەی خۆیان لەو جۆرە دنیایە نزیک دەکەنەوە. واتا دنیای لەش و سێکس

کەچی دەبینین لەلای سۆمەرییەکاندا، یان لە تەوراتدا دەقێکی ئێرۆتیکی بەرزی وەکو سروودەکانی سلێمان هەیە. کولتووری ئیسلامی عەرەبی زۆر شتی ئێمەی بزر کردووە و زۆریشی شێواندووە.

* شیعر و میتۆلۆجیا لە فانتازیای خەیاڵ لێک نزیکن، چ نهێنییەک لەو بارەوە دەبینن؟

– سەردەمی ئەفسانە و سەردەمی تازە زۆر لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە. زەمەن لەوێ یەک پارچە بوو، ڕاستی یەک پارچە بوو، هەر پاڵەوانێک توانیویەتی لە ڕێی بەدەستهێنانی بەشێک لە ڕاستی ببێتە خاوەنی هەموو ڕاستییەکە. هەرسێ زەمەن لە سێگۆشەی خواوەند و مرۆڤ و ئازایەتیدا کۆبوونەتەوە. ئێستا خواوەند هێندە دوورکەوتووەتەوە کە خەریکە لە یادەوەریدا بسڕێتەوە، ئەویش پارچە بووە و هەریەکە و وێنەیەکی لە خەیاڵزادی خۆی هەڵگرتووە، مرۆڤ هێندە بچووک بووەتەوە کە شکست پێهێنانی ئاسان بووە، پارچە ئاسنێک کە کێشی چەند گرامێکە و لە قورقوشم دروست دەکرێ و سەری کەمێک تیژە و ناوی نراوە گوللە دەتوانێ لە چرکەیەکدا مەزنترین مرۆڤ لە جووڵە بخا، جاران شەڕەکان بەو چەشنە نەبوون و مرۆڤیش وا بەئاسانی لە جووڵە نەدەکەوت، ئازایەتیش کە ئەو دووانەی سەرەوە نەمان ئازایەتی لە کوێ دەمێنێ. زەمەن پارچە پارچە بووە و مرۆڤی هاوچەرخ لەتێکی بچووکی هەست پێ دەکا، هەروەها ڕاستی و هەقیقەتیش...

ئەگەر بە پێوانەی شتراوس ئەفسانە بپێوین، کە وەکو بنیات تەماشای بکەین کە بەردەوامە و پێوەندی بەهەرسێ زەمەنەوە هەیە، ئەوە تەنیا ئەو کاتەیە کە ئەفسانە دەبێتە بوونەوەرێکی ناو زمان. هەموو ئەو بیر و باوەڕانەی لەبارەی سەرەتای بوون و دروستبوونی داوودەزگای کۆمەڵ و مێژووی میللەتان کە لەسەر بنەمای میتافیزیکی دروست بوون بناخەی ئەفسانەن، دنیای هاوچەرخ کە دەخرێتە ناو بنیاتی ئەفسانەوە بۆ ئەوەیە کە نەهێڵین بەرەو پووچی غلۆ ربێتەوە، ئەوانەی ئەو ڕەهەندە دەدەنە ئەم سەردەمە، داهێنەرە مەزنە پەیامبەرەکانن، ئەو وەسفە دەدرێتە پاڵ جیمس جۆیس کاتێک دەیەوێ سەردەمێکی ڕۆیشتوو بهێنێتەوە ناو چرکەکانی بلۆمو دنیا چڕ دەکاتەوە لە دبلن و ئەو هەموو ئاڵۆزییەی دەروونی مرۆڤێکی گەردوونی کۆ دەکاتەوە لە کەسێک.. ئەوە لە ڕێی زمانەوە ئەنجام دەدا، لە ڕێی دەقێکی

ئەدەبییەوە، ئەگینا وەکیی تر ئەو دوو زەمەنە زۆر لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە. لە ئەدەبی کوردیدا خانی ویستوویەتی لە مەم و زیندا شتێکی لەو شێوەیە بکا، بەڵام بە دیمەنی سادەتر و بەشێوازێکی تر، واتا زەمەنی ئێستای دەرخستووە لە ڕێی دیمەنێکی کۆنترەوە، لە ڕێی گێڕانەوە کێشەکانی سەردەمی خۆی بەرجەستە کردووە، بۆیە دەقی مەم و زین ئەو هەموو لێکدانەوەیە هەڵدەگرێ.

* زانایەک دەڵێ: ئەفسانە نەزم و فراوانترین بەشی زانینە، لە میتۆلۆجیای کوردی ئەو مەعریفەیە لە چ ئاستێکدایە؟

– لە وەڵامەکانی پێشوودا شتێکی ئەو لایەنەم ڕوون کردووەتەوە، من خۆم گومان دەکەم لەوەی تا ئێستا چاپ کراوە و کۆکراوەتەوە لە میتۆلۆجیای کوردی. ئەو هەستە نەتەوەییە لای ئێمە تازەیە و پێشتر هۆز و تیرەی جیاواز هەبوون و هەریەکەیان جۆرەها گەنجینەی لەم بارەیەوە هەبووە. ئەوەی پێمان گەیشتووە بەشی هەرە کەمی ساڵانی ڕۆژگاری درەنگە. کوا هی سەردەمی شارستانیەتی کاردۆخییەکان؟ کوا هی شێوەزارە جیاوازەکان هەر لە کرمانجەوە بگرە تا کەلهوڕ؟ هی سەردەمی پێش زاین؟ ئەوانەی پاشای ئاشوور و گەزنەفۆن دواتر باسیان دەکات؟ لە ئانابازدا باسی ئەو خەڵکە شاخاوییە دەکات، کە کووپەکانیان لە گوندەکاندا پڕبوون لە شەراب.. کەچی دواتر دەبینن شەراب لەناو ئەو خەڵکەدا ماوەیەکی دوور و درێژ تا ئەمڕۆ بەو شێوەیە نامێنێ.. ئەمە چۆن؟ چۆن ئەو هەموو دەقەی کە هەبووە (هەرچەندە ئەگەر گومانیش بێ) چۆن بزر بوون؟ ئەگەر ئەو نەوەیە شار و قەڵای زۆر تۆکمەیان هەبووە... چییان لێ هات؟ زۆر ڕووداوی وەکو هاتنی جوولەکە و ئاشووری و هی تریش هەن لە حوکمڕانی ئەم ناوچەیە گەواهی جۆرە شارستانیەتێک دەدەن، کەچی هیچی لێ نەماوە.. چۆن؟ فیرعەونییەکان ئەو هەموو ساڵە، کەچی گەنمەکانیان، لاشەی مردووەکانیان.. کورسی حوکم و زێڕ و زیویان ماوە.. هی ئێمە کوان؟ باوەڕیش ناکەم هیچمان نەبووبێ. ئەگەر کەشتییەکەی نوح لە جودی گیرسابێتەوە، ئەوە باوەڕ ناکەم لەو ناوچەیەدا

شـارسـتـانی دروست نـەبووبێ. گـوتیـیـەکـان نەوەی ئەوانـەن کـە لە جـودی دابەزیون؟ لەخـۆڕا نییـە کە تەورات باسی کـوردی کـردووە. لەخـۆڕا نییـە کە فـیــردەوسی لە شــانامــەیدا باســیــان دەکــات. کــەچی دەبینین لـە هەزار و یەکشـەوەدا تەنیا یـەک دوو حیکایەت باسـی کـورد دەکات ئەویش یان ڕێگرە، یان ئـەشـقـیـا و دز. هـەندێک دەقی ئەهلی هەق و یارسـان هەن کـە بـاس لە ئاماژەی ئاینی دەکەن، لەوانە دۆناودۆن، (سەرەنجام) یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە شـێـوەی سـروودی ئاینیـدا لـە سنگی خـەڵکی نـاوچەکـەدا پارێزراون... هەروەها تەشقە میترایییەکان کە ئێزیدییەکان بەشێکیان پاراستووە. لەلای ئەهلی هەق و کاکەیییەکان هەندێک ئەفسانە هەن بەتایبەتی ئەفسانەی سکوت (بێدەنگی) کە هێمـان بۆ لێکدانەوەی دروسـتبوون و لەلای ئێزیدییەکـانیش دروسـتـبـوونی لالش هەیە کـە ئـەویش جـۆرێکە لە ئەفـسـانەی دروسـتـبـوون. جوانترین دیاردە لای ئێزیدییەکان ئەو پێوەندییەیە کە لەگەڵ شەیتاندا، یان مەلەکە تاوس هەیە، ئەوە جیاوازییەکی گرینگە و پێویستە لەسەری بوەستین و لێکدانەوەی بۆ بکرێ. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تایبەتمەندییەک دێنێتە ئاراوە کە پێشتر نەبووە و دواتریش لە ناوچەکە نابینرێ، ئەو دیاردەی دۆناودۆنە کە نزیکە لە باوەڕی هیندییەکـان لایەنی ئـەو پێوەندییانـەمان بۆ دەردەخات کـە کـورد لـەگـەڵ ئەو مـیللـەتانەی ناوچـەکـەدا هەیبـووە، هەروەهـا دروسـتکردنی پەیکەری بەرد لە شـێـوەی کـێل لەسـەر گـۆڕەکـان، هـەروەکـو لە گـۆڕسـتـانی ئەدیابین دەبینرێ بەهۆی نزیکییانەوە لە یۆنان.

ئەوە پێوەندی بە لایەکی کێشـەکەوە هەیە، لایەکەی تر ئەوەیە کە زانراوە لە میتۆلۆجیای کوردیدا. هەندێک لەو میتۆلۆجیایە لە ڕێی گێڕانەوەی حیکایەتی میللیدا ماوەتەوە. هەبوو نەبوو... باسی دنیایەک دەکات کە هەبووە، بەڵام سێ بەشی لە خـەیاڵ و ناخی مرۆڤدا و لە تاریکیدایە و هـەوڵی دۆزینەوەی دەدرێ، لێکدانەوەی میـتـافیـزیکی بۆی دەکرێ، هەبوو نەبوو... زەمـەنی ڕابردوو بەرەو ئێستا هەڵدەکشێ، یان بە پێچەوانـەوە بایەخ بە زەمەنێکی شاقـووڵی دەدرێ، دنیای ئاژەڵان، یان لێکدانەوەی دیاردە و کێشـەکانی بـوون لە ڕێی ئاژەڵانەوە

لێرەدا گورگ و ڕێوی ئامادەبییەکی زۆریان هەیە. هەمووشیان یەک ڕەهەندیان هەیە.. هەروەها مرۆڤەکانیش بۆ نموونە ژن یان سۆزدار و نازەنینە، یان فێڵباز و جادووکەر... پیاو، یان حەکیم و زانایە، یان کەم ئەزموون و هەڵخەڵەتاو، دەگمەنن ئەوانەی دەتوانن دوو کەسایەتی لە یەکێکدا بەرجەستەبێ. واتا عەقڵی کۆنی کورد یەک ڕەهەندیی بووە. با بێمەوە سەر بەشەکەی تری پرسیارەکەتان، ئەوەی پێوەندی بە دنیای شیعرەوە هەیە، دەبینین ئەو یەک ڕەهەندییە هەر زاڵە. شعری کوردی هەوڵی گەڕانەوەی بۆ زەمەنی ئەفسانەکان کەمتر پێوە دیارە. من ئەو نزیکییە نابینم، بەپێچەوانەوە شعری کوردی نزیکترە لە گۆرانی و حەیران نەک حیکایەت و ئەفسانە، ئەوەش پێوەندی بە سروشتی شعرەوە هەیە حیکایەت و ئەفسانە نزیکترن لە زمانی پەخشان و چیرۆک، من ئەوە بە جۆرە کەلێنێک دەبینم لە شعری کوردیدا کە نەیتوانیوە ئەفسانە دروست بکات، چونکە لەوانیشدا گێڕانەوە هەیە، بەڵام زەمەن لە ئەفسانە و شعردا چڕ بووەتەوە لە ساتێک کە دەکرێ ببێتە زادە و دایکی هەموو زەمەنەکان ئەمەیان دروستە.

* کاری ئەفسانە بەنازەمەنکردنی زەمەنەکانە، ئەی شیعر چ زەمەنێک دەخولقێنێ؟

زەمەنی شیعر زەمەنی کاکڵییە، پوختەی زەمەنەکانە، ئەو کات مرۆڤ ڕووبەڕووی تەنیاییی خۆی دەبێتەوە، ئیتر هیچ شتێک نامێنێ نە ڕابردوو نە ئێستا نە داهاتوو، تەنیا زەمەنێک دەمێنێ دەتوانم ناوی بنێم سەرووی زەمەن، ئەو حاڵەتەم وا دێتە بەرچاو، وەکی ئەوەی کە تەماشای شتێکی دوور دەکەی دەبێتە خاڵێک، ئەو خاڵە زەمەنی شیعرە. وتم زەمەنی پوختە، یان ئەوەی پاش پاڵاوتنی زەمەن بەهەرسێ ڕەهەندەکەیەوە، لە هەرسێکیان دادەچۆڕێ ئەوەیە زەمەنی شعر.

بۆیە لەم ڕووەوە نزیکییەک هەیە لە نێوان ئەفسانە و شیعردا، بەڵام دەبینین ئەفسانە پێوەندی بە لێکدانەوەی دیاردەکانی سروشت و کاری خواوەندەکان و

دیارده كۆمەلایەتییەكانەوە هەیە، كەچی شیعر پێوەندی بە خودەوە هەیە، ئەگەر پرسیاری ئەفسانە پرسیاری دروستبوونی شتەكان و دەركەوتنی دیاردەكان بن ئەوە پرسیاری شیعر پرسیارێكی وجودییە.

* میتۆلۆجیای ڕەنگ چ پێوەندییەكی بە شیعر و جوانی هەیە؟

ڕەنگ بەتەنیا بەشێك نییە لە هۆی جوانی و ئارایشتكردن، بگرە خۆیشی جوانییە، واتا جوانییە لە خۆیدا. ڕەنگ پێوەندی بە خۆرەوە هەیە، خۆر سەرچاوەی خێر و مایەی دڵنیاییە لە گەردووندا، بۆیە ڕەنگ لەم ڕووەشەوە واتا لە ڕووی ڕەمزییەكەوە زۆر قسە هەڵدەگرێ. ڕەنگی كوردی جیاوازە لەگەڵ ڕەنگی هەر میللەتێكی تر، ئەگەرچی زۆرجاران گوێمان لەوە بووە كە لەو ولاتانەی خاك و ئاووهەوای هی ولاتی كشتوكاڵە، جۆرە ڕەنگێك زیاتر دەربكەوێ كە ڕەنگی زەقن، ئەوە لەناو كوردیشدا هەیە، بەلام ڕەنگی جاجم و بەڕە و مافووری كوردی، ڕەنگی كورتان و هەموو ئەو كەرەستانەی كە بۆ سوار و ئاژەڵداری بەكار دەهێنرێن هەندێك ڕەنگی تێدایە من لە تابلۆی هونەرمەندە مۆدێرنەكاندا دیومە. بەتایبەتیش ڕەنگی تۆخ و گەرم زاڵە لەناو ئەو جۆرە كارانەدا. ئەو ڕەنگە گەرمە پێوەندی بەسروشتی شاخاوی و بەخەیاڵی كوردەوە هەیە. كەوابوو ڕەنگ ڕەهەندێكی دەروونی و كۆمەلایەتی هەیە لە تەك ڕەهەندە ڕەمزییەكەوە. سۆرێكی مەیلەو ڕەش كە دەمارێكی مۆری تێدایە، یان دەمارێكی زەرد هەریەكەیان لە كەلوپەلی كوردییدا زۆر دەبینرێن، ئەگەر ئەو ڕەنگانە بمانبەنەوە بۆ سەردەمی ژیانی ناو ئەشكەوت و خانووی نیمچە تاریكی گوندی كوردی كە كەلوپەلەكانیش بەشێك بوون لەو سروشتە و درێژكراوەی ئەو بوون، لە هەمان كاتیشدا تەعبیر بوون لە ناخی پەنگ خواردووی مرۆڤەكانیش كە زەمەن لەوێدا كەڵەكەی سەریەك بوون و ڕووداوەكانیش ڕووناكییەكی كەمیان تێدا بەرجەستە بووە. كەچی لە پاڵ ئەم ڕەنگانەش ڕەنگی شین هەر لە كاڵی ئاسمانی و خوارتریشەوە تا دەگاتە شینی تۆخ و خەمی ئەو جۆرە ڕەنگەش دەبینرێ، ئەوانە جۆرێك لە

ڕەنگدانەوەی سروشت و ناخی مرۆڤەکان بووە و لە پاڵ ئەوانەشدا دەربڕی ویستی ئەوانیش بووە واتا ئیزافەی هەست بووە بۆ سەر بوونە مادییەکە. شیعر لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ڕەنگ زیاتر بەو بارەدا کەوتووە کە تەعبیر لە ناخی مرۆڤەکان دەکا لە نێوان خۆشی و ناخۆشیدا و کەم جار بووە ڕەش بۆ جوانی بەکار ببردرێ لە شیعری کوردیدا تەنیا ڕەشێک ئەگەر جوان بێ، یان ڕەشی چاو، یان هی پرچ، یان هی شەو بووە، گوڵی ڕەش نەبووە، کراسی ڕەش دڵگیر نەبووە. لە کاتێکدا ڕەش بەشێک بووە لە ڕەمزی دەرخستنی جوانی وەکو لە کوتانی لەشدا دیارە. ئەو ڕەنگە گرینگانەی لە شعری کوردیدا بەکار هاتووە هی بەردی گرانبایی و هی میتاڵ و هی پەڕی باڵندە و داری دانسقە و گەڵای گوڵ و گیا بووە، هەر لە ئەبەنووس و نیلۆفەر و پەڕی تاوس و زێڕ و ئاقیق و زمروود و بگرە تا مس و ئەرخەوان و چی و چی... ڕەنگی ئاگر و هەنار و ماش و برنج، بەرسیلەیی و نارنجی تا دەگاتە حەلوا و بەفر و.. هتد ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕەنگی موجەرەد لە شیعردا کەم بووە. بۆ نموونە ڕەنگی خەیاڵ، یان ڕەنگی بیرەوەرییەک کە بمباتەوە لای منداڵی، یان ڕەنگی جیابوونەوە... کە ئەوانە هەریەکەیان ڕەنگن لە حاڵەتی گۆران و دڵەڕاوکێدان.

ڕەنگ دەتوانێ پێشانگەی حاڵەتەکانی بوون بێ، وەکی چۆن وشە و ئاواز دەتوانن.. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕووەوە زیاتر ئیش لەناو مانا کراوە نەک جوانی، بۆیە دەبینین قەقنەس کە ڕەنگی ئاگرییە ئەگەر چی مەرج نییە ڕەنگی ئاگریی بێ، ڕەنگە شەرابی بێ و مەیلەو زەرد کاتی دوناودونی ئینجا ڕەنگەکەی بگۆڕێ، خەیاڵی ئیتر دەتوانێ ڕەنگی تری بۆ بدۆزێتەوە، چونکە باڵندەکە خۆی ئەفسانەییە بۆیە دەکرێ ڕەنگەکانیشی ئەفسانەیی بن.

هونەرمەندێک درەختێک سوور دەکا، یان مۆر، یان شین ئەوە ئەو بەو ڕەنگەی دەبینێ لە کاتی دەرکەوتنی لەناو دەقدا، بەڵام ئەو تەنیا لەناو دەقدا نامێنێتەوە، دەتوانی لە واقیعدا بەو ڕەنگە بیبینی، چونکە سنووری بینین ناکرێ ببەسترێتەوە بەسنووری چاو، دڵیش دەتوانێ بیبینێ.

باشە ئەوە ڕەنگی ئەم دنیایە وایە ئەدی هی دنیای ئەودیو چ ڕەنگن خۆ

ناکرێ هەمـان ئەو ڕەنگانە بن کە لێرەدا چاوی ئێمە دەیانبینـێ، مـادامـەکی مـردن گـەورەترین مـوغـامـەرەی تێپـەڕاندنە لە بووندا دەبێ هەمـوو کـەرەسـتـە و بوونەوەرەکانی تریش لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا گۆڕانیان بەسـەردا بێ.

لە ئەفـسـانەیەکی سـۆمـەریدا چەند دێرە شـیـعـرێک هەیە کە لەسـەر زاری دۆمۆزی "تەمووز" کە باسی ژیانی دوای مردن دەکا:

لەوێ خـواردنێک دەخـوا "مـەبەسـتی مێردەکەیەتی" خـواردن نییـە شـەرابێک دەخواتەوە شەراب نییە.

* لە قـەڵای جـوڵندێ و ئەمـیـتـادا – هەسـت دەکـەم جـۆرێک لە مامەڵەی تازە دەکەی لەگەڵ ڕابردوو ئەو تازەگەرییە چییە؟

– ئەو جۆرە هەڵبژاردنە پێوەندی بەزۆر ڕووەوە هەیە. یەکیان ئەو قـەناعـەتە ئەدەبییـەیە کـە من دەمـێکە هەوڵم داوە بەجـێی بهـێنـم لە نووسـینـدا ئەویش دۆزینەوەی ماسک، یان دەمامکێک کە ئیلیۆت ناوی نا " هاوکێشەی بابەتی" بۆ دەربڕینی حاڵەتەکانی ناخ. لایەکەی تر پێوەندی بەو شوێنە گرینگانە هەیە کە جێگەی سـەرسـوڕمـان و لەسەر وەسـتانن لە ئەفسانەی کوردیدا. ئەوەی لە جوڵندێ سەرنجی منـی زۆر ڕاکێشا ئامادەبوونی شـەیتان بوو وەکو هێزێکی پاڵپـشت لە ئەفسـانەکـەدا. پاشـان پرۆسـەی دروسـتکردن و بینای هەیکەلی ئەفسـانەکە، کـە من پێم وایە زۆر هونەرییە، دوو قـەڵا و لە ڕێی ژەهر و تووتن و جگەرەوە پیلانێک دەگێردرێ لێیان. ئـەوجا دیمەنی قەڵاکە خـۆیشی کە من زۆر جاران بەمـرۆڤی کوردم دەهاتە بەرچاو وەکی ئەو بەرز و بڵند و تەنـیا، لەوێ لەو شـوێنە عـاسـێـیـانەدا هەمـوو ئەو شـتـانە دەشـێ ڕووبدەن کە لە شـارێکدا ڕوودەدەن. بەگرێی ئۆدیب و هەموو شکسـتە دەروونییـەکانی تریشـەوە، چونکە ئەوانەی لەوێشدا دەژین ئینسـانن، ئینسـانیش چ لە دوورگەیەکدا بژی، یان لە گەورەترین شـاری دنیا هەندێک شـتی تایبـەتی خۆی هەیە. نـاتوانێ لە یادیان بکا، یان دەستبەرداریان بێ.

ئەو سـاڵەی ئەو قـەسـیـدەیـەم نووسی، کـورد کـەوتبـووە ئەو شـوێنە بڵند و

عاسێیانە، هەشتاکان بوو شەڕێکی ناوەخۆ لە ئارادا بوو لەو شاخانە ڕوویان دەدا.

شەڕ تەواو نەبووە...

ئەو ناوە وەرزێکی سەرمەستە

وەرزێکە یاخیبووەکان دەیپارێزن

شەپۆلەکان کاتیان نییە شوێنیان بڵند.. تا دەگاتە:

دووکەڵ لەسەری جوڵندێ دەڵێی زەنگە

دەڵێی مەرگە دەگاتە من..

تا: من سۆردیلۆم سۆردیللۆ... ئەو ڕەمزی ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەریە کە لەگەڵ دانتیدا بوو لە بەشێکی گەشتی پاکژگەدا:

وەرزێکە دەڵێی پڕ بووە

ژەهرخاو

ئەو گەمێیانەش شکاون..

ئەوانەی سەوڵیان دەجووڵێ... دژوار و بێ چارەن

مردنیان بێ سوودە، ژیانیان...

بەو حاڵە جووڵندێ دەژی...

هەست دەکەی ئەوە عەبەسە و کەچی گیانی بەرگریش بەو عەبەسە درێژەی هەیە.

ئەو سەردەمە وابوو، دەبوو لە پەنا ڕەمزی لەو چەشنەوە تەعبیر لە هەستەکانمان بکەین. ئەو قەسیدەیە خوێندنەوەیەکی نوێی ئەفسانەیەکی کوردییە و کراوەتە بەر واقیعێکی تاڵی ئەو سەردەمەو تێکەڵی یەکتری بوون. لە ئەفسانەکەدا بەمردن ژیان دەبڕێتەوە، کەچی لە شیعری ژەهر و قەڵادا جوڵندێ بەردەوامە درێژبووەتەوە بۆ هەتا هەتایە.

ئامیتا، یان "میدیا" کە لای هەندێک هەمان "سەمیرامیس"ە و ژنی

نەبوخزنەسر بوو، ئیلهامبەخشی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل بوو، وەکو لە پێشەکی قەسیدەکەدا نووسیومە، مێژوو و جەستەی ژنم تێکەڵی یەکتر کردووە، جەستەی ئامیتا جگە لەوەی وەکی لەشی ژنێک بەها و جوانی خۆی هەیە، شوێنەواری مێژوویەکیشە کە دەکرێ مەغزا و واتای جۆراوجۆرمان پێ ببەخشێ، ڕووتبینەوە لە بەرانبەریدا، وەکو ئەوەی بمانەوێ لەگەڵیدا جووت بین، خۆمان بەتاڵ بکەین لەناو مێژوویەکدا کە ئێمە تێیدا مێینە بووین.. بەهەردوو باردا چ وەکو جەستە چ وەکو مێژوو بووینەتە ئیلهامبەخشی کەسانی تر، ئەوان پاڵەوانی خۆیان لەسەر بنیاتناوە.

نەبوخزنەسر پاڵەوانیی دروستکەری باخچە هەڵواسرەکان بوو، کەچی من ئەو نهێنییەم لە ئەو دزیووە و داومەتە ئامیتا. دەڵێن: پاشایەک داوای لە شاعیر کردووە وەسفی کۆشک و تەلارەکەی بکا ئەویش بەشێوەیەک وەسفی کردووە کە هەموو وردەکارییەکی تێدا بەزیادەوە دەرخستووە کە بۆ پاشای خوێندووەتەوە، وتوویەتی ملی پەل دەن.. چونکە ئەو کۆشکەکەی لە من دزیوە، ئەگەرچی کۆشکەکە و شیعرەکە پێکەوە نەمان بەپاشا و شاعیرەوە، چونکە شاعیرەکەش خوڵامێک بووە لەو خوڵامانەی ئەم زەمانەش هەن بۆ پێداهەڵدان، نهێنی ئەو جۆرە گەڕانەوە بۆ ڕەمزە ئەفسانەییەکان برێتییە لە دڵەڕاوکێ و نائارامی خۆم لە بەرانبەر ئەوەی هەیە و ئەوەی ڕوو دەدا، دڵنیام هیچیان یەک ڕوویان نییە و تەژیینە بە مانا و مەغزای جودا، تەعبیرکردن زەحمەتە لەو سەردەمەدا کە ئاو بەتەنیا ئاو نییە و هەواش هەر هەوا و هەناسە نییە، هەوا ژەهریشە، ئاو ژەهریشە، دۆست و دوژمن لەناو هەزاران پێست و لە پشت دەیان ماسکدا لێمان بزرن. دەگەڕێم لەناو ئەو پێست و بەو دەمامکانە نیشانیان بدەم کە زۆرتر ئینسانین، ئەگەر دەقێک ئینسانی نەبێ لەوپەڕی ناسکیدا من قایلی نیم. سەردەمەکەش وایە ڕاستی بووەتە هەزاران هەزار لەتی بچووک و هەر لەتەو لە شوێنێک و لە بەشێک، دەبێ بگەڕێین ئەوەیان بدۆزینەوە کە لەگەڵ ئێستادا گونجاوترە بەمەرجێک زمانێکی هاوشێوەی ئەو سەردەمەو ئەو تازەییە بینووسێتەوە.

* ئەم دیدارە خالید جووتیار لەگەڵیدا کردبووم.

# پێڕست


دەستپێک ..... 5
کەڵەشینکە ..... 6
تاوانی شاعیر چییە..؟ ..... 20
گۆڕستانی دەریایی ..... 28
زمانی قوربانی ..... 31
نوخبی خواوەندێک کە نەیزانی رزگارمان بکا ..... 34
وێڵبوون بەدوای خۆشەویستی ئەستەمدا ..... 43
تەنیا لە دەوری مۆمدا ..... 49
مەرگی شاعیران ..... 52
خەشخاش و بیرەوەری ..... 59
لاواندنەوەی ئیغنیاسیۆ.. سانشیز میخیاس ..... 63
شیعرکە بڵاوکرایەوە موڵکی کێیە؟ ..... 66
پاپلۆنیرۆدا "شتێک کە دەمێنێ و ون نابێ" ..... 68
شیعر بە ئاگایە..؟ ..... 70
دانتی میوانی پاریس ..... 73
نەوەی دوای دوو هەزار ..... 75
وەزیفەی شیعر ..... 80
ئەفسانە و شیعر ..... 82